
حەڤدە هەفتەیە بکوژانی سەردەشت نادیارن

# ڕۆژنامە ٧

هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٥٩٧) سێشەممە ٣١/ ٨/ ٢٠١٠ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار



فاروق جەمیل:
ئەوەی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن پێشکەشی دەکات لایەنی دەسەڵات ڕەتیدەکاتەوە

5



عەدنان عوسمان:
تانەگەینە ئەنجام، دەست لە دۆسیەی نەوت هەڵناگرین

9

# «لێدوانەکانی ئاشتی هەورامی پشکی سووتەمەنیی هەرێمی کەمکردەوە»



فۆتۆ: ئەرشیف

**ڕۆژنامە**

بەهۆی «لێدوانەکانی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم» بەغدا پشکی ناردنی سووتەمەنیی بۆ هەرێمی کوردستان کەمکردەوە، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەک لە کارگەکانی وەبەرهێنان وەستاون، هاوکات پەرلەمانتاران سوورن لەسەر شەنوکەوکردنی کەیسی نەوتو خستنەڕووی شەفافییەت لەوبارەیەوەو چاودێرانی سیاسیش لەوبڕوایەدان ئۆپۆزسیۆن بە باشی ئیدارەی ئەو کەیسەی کردووە.

محەمەدئەحمەدزێباری، بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنیی ناوچەکانی باکووری عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وەزیری نەوتی عێراق، بڕیاریدا (٥٠٪)ی ئەو سووتەمەنییەی کە ناوەند دەینێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، کەمبکرێتەوە، ئەمەش لەسەر لێدوانەکانی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمە کە وتی، بەرهەمی زیادەمان هەیە».

وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی (٨/١٩) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: «نەفتاو نەوتی ڕەشمان ڕەوانەی دەرەوە کردووە، ئەمەش مافێکی سروشتیی خۆمانەو ئەو ناردنەدەرەوەیەش بەردەوام دەبێت».

هاوکات عەلی عەزیز چەلەبی، خاوەنی کۆمپانیای خشتی باسان، دەڵێت «بە بڕیاری وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراقی، بەشی نەوتی ئێمە کە (٥) کارگەی دروستکردنی خشتین لە سنووری سلێمانی، ڕاگیرا».

لەلایەکی ترەوە، هەوڵەکانی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەردەوامن بۆ شەفافکردنی کەیسی نەوتو لەوبارەیەوە چەند پەرلەمانتارێک بە ڕۆژنامەیان ڕاگەیاند: سوورن لەسەر ئەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ کەیسی نەوت ئەنجامبدرێت.

ئەوەسەرەڕای ئەوەی لەکۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەماندا حکومەت بەڵێنیداوە گرێبەستەکانی نەوت ئاشکرا بکات.

هەر لەوبارەیەشەوە چاودێرانی سیاسییو ئابووریی لەوبڕوایەدان «وروژاندنی ئەو کەیسە بە قازانجی خەڵک دەشکێتەوەو ئۆپۆزیۆنیش ڕۆڵی خۆی لە ئیدارەدانی نارەزایەتییەکاندا بینیوە».

**وردەکاریی زیاتر لە لاپەڕەکانی ٢و٣و٤دا بخوێنەوە**

## د.ڕەفیق سابیر: گەندەڵیی لە کوردستان دیاردەیەو تەشەنە دەسێنێت

**ڕۆژنامە**

پەرلەمانتاران‌و چالاکوانانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پەسەندکردنی یاسای دەستەی نەزاهە لەم وەرزەی دانیشتنەکانی پەرلەماندا، بە پێویست دەزانن‌و سەربەخۆبوونی دەستەکەش بە مەرجی سەرکەوتنی دادەنێن.

د.ڕەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: پاش ئەوەی پرۆژەیاسای دەستەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، لە گفتوگۆکانمان لە پەرلەماندا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵێک لایەن‌و ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی بانگهێشت بکرێن بۆ وۆرکشۆپێک بۆ ئەوەی ڕاو سەرنجیان وەربگیرێت.

ڕەفیق سابیر ئاماژەی بەوەش دا: «گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستان دیاردەیەکەو خەریکە تەشەنە دەسێنێت».

**بۆ ل٢**

## (١١٤) نانبڕاوی لای پارتی نەگەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان

**ڕۆژنامە**

تائێستا پارتی دیموکراتی کوردستان نانبڕاوەکانی گۆڕانی نەگەڕاندووەتەوە سەر کارەکانیان‌و جێگری سەرۆکی حکومەتیش بەڵێنی داوە کار بۆ گەڕاندنەوەیان بکرێت.

پەیام ئەحمەد، ڕێکخەری نێوان فراکسیۆنی گۆڕان‌و حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری نانبڕاوەکان، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا نانبڕاوەکانی گۆڕان لای پارتی نەگەڕێنراونەتەوە سەر کارەکانیان، کە ژمارەیان (١١٤) کەسە، بۆ ئەو مەبەستەش هەفتەی ڕابردوو وەفدێکی گۆڕان بەڕێز ئازاد بەرواری، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمیان بینیوەو ئەویش بەڵێنی پێداون کە هاوشێوەی نانبڕاوەکانی یەکێتی کاریان بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو (١١٤) کەسەش بگەڕێنرێنەوە سەر کارەکانی پێشوویان.

وتیشی: «ئەو کەسانە ناویان لەو نووسراوەدایە کە وەزیری پێشمەرگە ئیمزای گەڕاندنەوەیانی کردووەو سەر بە فەرماندەیین‌و لە سلکەکانی زێرەڤانی‌و فەلەکو لقەکانن، بۆیە ئێمە چاوەڕوانی ئەو بەڵێنەی جێگری سەرۆکی حکومەتین».



سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتیی:
لێکۆڵینەوە لە ناردنەدەرەوەی نەوت دەکەین

7



بریکاری وەزارەتی ناوخۆ:
لە سنووری ئیدارەی سلێمانی‌و هەولێر وەزارەت یەکینەگرتووەتەوە

18

## پەرلەمانتارێکی لیستی کوردستانیی: ئەستەمە کۆمسیۆنەکەی هەرێم بتوانێت هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەڕێوەببات

**بەرهەم خالید**

بەرپرسانی هەرێم کار بۆ ئەوە دەکەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دوای پێکهێنانی، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڕێوەببات، پەرلەمانتارێکی لیستی کوردستانیش بە دووری دەزانێت کۆمسیۆنەکەی هەرێم فریای سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنە بکەوێت.

حاکم سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کۆمسیۆن چەند هەنگاوێکی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم ناوە، لەوانە، دانانی پلانی کار بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنەو خەمڵاندنی بودجەی پێویستو هەروەها وۆرکشۆپێکیان بە ئامادەبوونی ئۆفیسەکانی هەرێم‌و بەرپرسی بەشە تەکنیکییەکانی کۆمسیۆن بۆ دانانی ئامادەکارییەکانی کارە هونەرییەکانی ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامداوە، وتیشی: «کۆمسیۆن نووسراوێکیشی ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم کردووە سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن‌و ئەو ماوەیەی کە پێویستییەتی، کە ماوەی (١٨٠) ڕۆژە بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەکە».

لە بەرامبەردا گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری لیستی کوردستان‌و ئەندام لە لیژنەی یاسایی پەرلەمان لە فراکسیۆنی کوردستانیی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هێشتا ڕوون نییە کە هەڵبژاردن لە بەهاردا ئەنجامبدرێت، چونکە حکومەت بڕیاری بۆ دەرنەکردووەو پێشبوایە لە حاڵەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش لە بەهاردا ئەستەمە کۆمسیۆنەکەی هەرێم بتوانێت سەرپەرشتی بکات، وتیشی: «تائێستا یاساکەی بۆ دەرنەچووەو پاش ئەوەش ڕێوشوێنی هونەریی زۆری دەوێت، کە ئەوەش کاتی دەوێتو پێشتریش دەبێت تەنسیق لەگەڵ کۆمسیۆنی عێراق بکرێت، بۆیە لە هەموو حاڵەتەکاندا پێموانییە کۆمسیۆنەکەی هەرێم فریای ئەو هەڵبژاردنە بکەوێت ئەگەر لە بەهاردا بکرێتو جارێکی تر دوانەخرێت».

**بۆ ل٢**

## بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنیی لە باکووری عێراق:

# لێدوانەکەی ئاشتی هەورامی، پشکی سووتەمەنیی هەرێمی کەمکردەوە

ڕاپۆرتی: ئاکام ئەبوبکر
ئاراس نەسرەدین

بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنیی ناوچەکانی باکووری عێراق، ئاشکرای دەکات: کەمکردنەوەی (٥٠٪)ی ئەو سووتەمەنییەی کە حکومەتی عێراق دەینارد بۆ هەرێمی کوردستان، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لێدوانەکانی ئاشتی هەورامی کە وتوویەتی، زیادەمان لە هەندێک بەرهەمی نەوتدا هەیە.

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی (٨/١٩) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی ناردنەدەرەوەی نەوتەوە بۆ میدیاکان، وتی: «نەوتی خاومان ڕەوانەی دەرەوە نەکردووە، بەڵکو ئەوە پاشماوەکانی نەوتە کە نەفتاو نەوتی ڕەشە، ئەمەش مافێکی سروشتیی خۆمانەو ئەو ناردنەدەرەوەیەش بەردەوام دەبێت».

ئاشتی هەورامی، هۆکاری ناردنەدەرەوەی ئەو مشتەقاتانەشی گەڕاندبووەوە بۆ زیادی ئەو مشتەقاتانە لە ناوخۆی هەرێم، وەک نەوتی ڕەشو نەفتا، بەڵام ئەم وتانەی ئاشتی هەورامی، لەسەر ئاستی عێراق، کاردانەوەی لێکەوتەوەو حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی (٥٠٪)ی ئەو سووتەمەنییەی کە حکومەتی ناوەند دەینێرێت بۆ هەرێمی کوردستان.

محەمەد ئەحمەد زێباری، بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنیی ناوچەکانی باکووری عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وەزیری نەوتی عێراق، بڕیارێکی دەرکردووە بە کەمکردنەوەی (٥٠٪)ی ئەو سووتەمەنییەی کە حکومەتی ناوەند دەینێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەش لەسەر لێدوانەکانی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم کە وتی، بەرهەمی زیادەمان هەیە».

لەئێستاداو ڕۆژانە، (٨٣١)هەزار لیتر بەنزینو (٨٩٥)هەزار لیتر گازوایلو (٥٤٧)هەزار لیتر نەوتی سپی بۆ پارێزگای سلێمانی دێت، (٦٣٠)هەزار لیتر بەنزینو (٤٢١)هەزار لیتر نەوتی سپیو (٨٢٠) هەزار لیتر گازوایل بۆ پارێزگای هەولێر دێت، پارێزگای دهۆکیش (٥٧٥)هەزار لیتر بەنزینو (٣٧٩)نەوتی سپیو (٥٩٦)هەزار لیتر گازوایلی بۆ دەچێت.

محەمەد ئەحمەد زێباری، باس لەوە دەکات: ئەم ڕێژەیە کەمە بۆ هەرێمی کوردستانو پێویستە لەساڵێکدا، هەر خێزانێک (٦)بەرمیل نەوتی هەبێت، بەڵام نییەو تەنیا دەتوانین یەک، یان دوو بەرمیل دابین بکەین.

زێباری، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئەو بڕیارەی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ کەمکردنەوەی (٥٠٪)ی ئەو سووتەمەنییەی کە حکومەتی عێراق دەیدات بە هەرێمی کوردستان، تا ئەمڕۆ (٨/٣١) ڕاگیراوەو دواتر جێبەجێدەکرێت.

ئەو لێدوانەی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان سەبارەت بە زیادی هەندێک لە بەرهەمە نەوتییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانو فرۆشتنیان بە دەرەوە، ئەم بڕیارەی وەزارەتی نەوتی عێراقی لێکەوتەوەو لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمیش گرانبوونی سووتەمەنی، بەتایبەت بەنزینی لێکەوتەوە.

لەلایەکی ترەوە هەر بەهۆی ئەو لێدوانەی وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێمو ڕاگرتنی پشکی نەوتی ڕەشی هەرێم لەلایەن حکومەتی عێراقەوە چەندین کارگەی خشت نەوتی ڕەشیان پێنادرێتو بەوهۆیەشەوە لەکارکەوتوون.

عەلی عەزیز چەلەبی، خاوەنی کۆمپانیای خشتی باسان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ناردنە دەرەوەی نەوت بۆ ئێران، دواتر لێدوانی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم، کە ئاماژەی بەوەکرد: ئەو نەوتەی ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت نەوتی ڕەشە، بە بڕیاری وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراقی بەشی نەوتی ئێمە، کە (٥) کارگەی دروستکردنی خشتین لە سنوری سلێمانی، ڕاگیرا».

خاوەنی ئەو کۆمپانیایە ئاماژەی بەوەشکرد: کارگەکانیان مانگانە ملیۆنێکو هەشت سەد هەزار لیتر نەوتی ڕەشیان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ دابینکراوەو بۆ هەر لیترێک (١٠٠) دینارمان لێوەرگیراوە، بەڵام ئێستا بۆ دوو مانگ دەچێت نە حکومەتی مەرکەز نەوتی ڕەشیان پێداوین، نە حکومەتی هەرێمیش، کە وتوویانە نەوتی ڕەشمان زۆرە ئەو بڕەیان بۆ دەستەبەرکردوونو ئێستا بەرهەمی کارگەکانیان وەستاوە.

لای خۆشییەوە ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازیو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد: (١٠) مانگ بەر لە ئێستا وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاماژەی بەوەکرد، هەرێم نەوتی ڕەشی زیادەی هەیە، بۆیە تا چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە پێویستە سووتەمەنی ئەو کارگانە دابینبکات.

عەبدوڵڵا مەلا نوری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: «سەبارەت بەو کێشەیە سەرەتا پێویستە حکومەتی هەرێم فشار لەسەر حکومەتی عێراق دروستبکات بۆ گەڕانەوەی ئەو بەشە نەوتە، جگە لەوە وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم (١٠) مانگ بەر لە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان باسی لەوەکرد زیادەی بەرهەمی نەوتی ڕەشیان هەیە، کەواتە حکومەتی هەرێم بەرپرسە لە دابینکردنی سووتەمەنی ئەو کارگانە تا کێشەکانیان چارەسەردەکرێت».

# ئۆپۆزسیۆن، نهێنییەکانی نەوت بەحکومەت ئاشکرا دەکات

## چاودێرانی سیاسی: وروژاندنی نەوت بە قازانجی خەڵک دەشکێتەوە

ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

**فشارە ناوخۆییەکانی ئۆپۆزسیۆنو میدیا، حکومەتی هەرێمی کوردستانی هێنایە سەر سەکۆی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی زیاتر لە (٥) ساڵە خەڵکو میدیا لەسەر نەوتی هەرێم دەیوروورژێنن.**

لە سەرەتایی مانگی تەمموزی ئەمساڵەوە، لەسەر پرسی ئاودیوکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران هەرایەکی گەورە لە نێوان بزووتنەوەی گۆڕانو دەسەڵات کەوتەوە، ئەنجامی ئەم گوشارەی ئۆپۆزسیۆنیش کۆتایی بە بێدەنگیی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم هێناو وەزیری ناوبراو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هەندێک زانیاریی پەنهانو نەگوتراوی ئاشکرا کرد، هەفتەی ڕابردووش تایبەت بەپرسی نەوت د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتو وەزیری سامانە سروشتییەکان لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆبوونەوە، تێکڕای ئەم هەوڵانەش لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە بەگرنگ وەسفکرا بۆ ڕوونکردنەوەو نیشاندانی دۆکیۆمێنتو نووسراوەکانی فرۆشتنو دەرهێنانی نەوت بۆ پەرلەمانی کوردستان وەک مەرجەعیەتی خەڵک.

ئەم دیدارانە لەدوای ئەو کۆبوونەوەیەی ئەنجومەنی وەزیران هات کە لە (٢٠١٠/٨/١٦) بەڕێوەچوو، تێیدا سەرۆکی حکومەتو جێگرو وەزیری پەیوەندیدار بە تێروتەسەلی باسی لە پێشکەوتنەکانی بواری نەوتی کوردستان کردو وەک لە ژمارە (٥٢٥٨)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی یەکێتی نیشتمانیدا هاتووە: بڕیاردراوە «لە داهاتوودا سەرجەم وردەکارییەکانی بواری نەوت بۆ ڕاگەیاندنەکان ئاشکرا بکرێن».

هەرچەندە هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆنو میدیا لەناوخۆی هەرێمدا، دەسەڵاتی «بەرپرس لە نەوت»ی تەواو نارەحەتکردووە، بەڵام چاودێرانی سیاسییو بواری نەوت گوشاری میدیای ئۆپۆزسیۆن لەسەر ئەو پرسە بە قازانجی بەرژەوەندیی گشتییو کایەی ئابووریی هەرێمی کوردستان لێکدەدەنەوە.

د.کامەران مەنتک، مامۆستای زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین ئاماژە بەوە دەکات؛ چ ئەو نارەزاییەی ئۆپۆزسیۆنو میدیا وروژاندیانو چ بە دەنگەوەهاتنی حکومەت سەرەتای بەڕێوەچوونی پرۆسەیەکی دیموکراسیو لێکتێگەیشتنە، کە ئەنجامەکەی بە قازانجی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان شکاوەتەوە.

مەنتک وتی: «حیزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات نابێت بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە وەڵامی هەموو داخوازییەکانی ئۆپۆزسیۆن بدەنەوە، تەنانەت ئەگەر ڕەواش بێت، بۆئەوەی ڕای گشتیی خۆی بپارێزێتو ڕێز لە ئیرادەی دەنگدەرانی بگرێت، هەڵویستی ڕۆشنی خۆی ناخاتەڕوو، بەڵام ئەنجامەکان خۆیان دەڵێن کە دەسەڵات بەدەم داخوازییەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە هاتووە».

مامۆستاکەی زانکۆی سەڵاحەدین ئەوەشی خستەڕوو: ئۆپۆزسیۆن لە ئیدارەکردنی ئەو کەمپەینەدا سەرکەوتووبووە، چونکە وەک ئەو وتی: «نەک حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ناچارکرد بەشێک لە ڕاستییەکان بڵێن، بەڵکو هاوڵاتییانی هەرێمیشی کردە تەرەفێکی گرنگ لەو پرسەو پرسیارە زۆرەکانی خەڵک پێویستی بەهێنانە وەڵامی دەسەڵات هەبوو».

ئەندامێکی پێشووی لیژنەی پیشەسازییو وزەو کانزاکانی پەرلەمانی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەکات؛ ئەگەرچی پێویستبوو ئەو زانیارییانەی ئێستا حکومەت لەسەر ئەو بابەتە دەیخاتەڕوو، لە کابینەی پێشوودا ئاشکرا بکرایە، بەڵام ئێستا ئەو هەوڵە لەژێر کاریگەریی هەرچییەکدا بێت، جێی دەستخۆشییە.

بەرزان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو هەنگاوەی حکومەت بریتییە لە دابینکردنی ئاستێکی بەرزی شەفافیەتو ڕەواندنەوەی ئەو بەدگومانییەی لەسەر پرسی نەوت هەبوو، هەروەک گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە هەنگاوێکی بوێرانەو عاقڵانەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی ئۆپۆزسیۆنو میدیاو هاوڵاتییان دەیانوروووژاند.

ئەم ئەنجامەش لەژێر فشاری ئۆپۆزسیۆنو میدیا بووبێت، یان ڕاستگۆیی سەرۆکی حکومەت بەرامبەر خەڵک، گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ واقیعێک لە چوارچێوەی مامەڵەکردنێکی شەفافیانە لەسەر ئەو پرسە دروستبووە».

ئەندامەکەی پێشووی پەرلەمان ئەوەشی ڕوونکردەوە؛ ڕەخنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ناوخۆی هەرێم بە ئامانجی دابینکردنی شەفافیەت بووە بۆ مامەڵەکردن لەو سامانە نیشتمانییە، بەڵام میدیای عەرەبی ئەو هەڵەی قۆستەوەو لە دیدێکی شۆڤێنیانەوە مامەڵەی لەتەک ئەو پرسەدا کرد.

لەدیدێکی ئابووریشەوە، شارەزایەکی بوارەکە ئاماژە بە نادروستیی سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکاتو بۆچوونەکانی لەو چوارچێوەیەدا چڕدەکاتەوە «ئیشێک بە چەوتی لەدایکبێت، ڕاستکردنەوەی زەحمەت دەبێت».

د.محەمەد ڕەئوف سەعید، پڕۆفیسۆر لە کولێژی کارگێڕییو ئابووریی زانکۆی سلێمانی ئاماژەی بەوەکرد؛ ئیشێک خراپ بێتو شاردرابێتەوە، یان لە ئەنجامی کردنیدا خراپ کەوتبێتەوە، لە هەردوو بارەکەیدا هەر خراپە.

لەوبارەیەوە دەڵێت: «سیاسەتی نەوت بەئێستاشەوە بە باشی نازانم، پێشتریش بۆیە شاردراوەتەوە، چونکە خراپ بووە، مەسەلەی نەوت بابەتێکی هەستیارو ترسانەکە دەبێت بە حەزەرەوە دەستی بۆ ببرێت، چونکە ڕەهەندی هەرێمییو نێودەوڵەتی هەیەو بەرژەوەندییەکانی وڵاتە زلهێزەکانو کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی پێوە پەیوەستە، بەپێی دەستووری عێراقی نەوت موڵکی خەڵکی عێراقەو دەرهێنانیشی دەبێت بە هەماهەنگی حکومەتی ناوەندو هەرێمەکان بێت، ئێ باشە کە حکومەتی هەرێم هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا ناکاتو ئەو پرسە لەخەڵکیش دەشارێتەوە، دەبێت بپرسین لەپێناو چیدایە؟»

ئەوەی ئاشکرایە ئاودیوکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ ئێران، بۆ چەند ساڵێک درێژدەبێتەوە، بەڵام ئەوەی نهێنییە داهاتەکەیەتی! بەپێی ڕاگەیاندنی وەزیری سامانە سروشتییەکان بەرهەمی حسابی ئەمساڵ دەچێتە ناو حسابێکی تایبەت لە وەزارەتی دارایی، بەڵام لێدوانی وەزارەتی دارایی بەوەی ئاگای لەو حسابە تایبەتییە نییە، میدیاو خەڵک دووچاری شۆکی لۆژیکی دەکاتەوە.

د.حەمە ڕەئوف سەعید، ڕایدەگەیەنێت: «دوای ئەو فشارە گەورەیەی لەسەر نەوت دروستبوو، دووباڵەکەی یەکێتیو پارتی لەناو حکومەتدا لەڕووی هەڵوێستەوە جیابوونەوە، باڵی یەکێتی زۆر لای پەسەندنییە، چونکە کەمتر سوودی پێگەیشتووەو لەسەر ئاستی بەرزیش ئەوەیان بەهەڵە زانیوە، ئەو نەرمییەی ئێستا حکومەت نواندوویەتی لەبەر فشارە ناوەکییو دەرەکییەکانە، تەنانەت لەناو حکومەت خۆشیدا وەزیری دارایی ئاگای لەو حسابە تایبەتییە نییە، کە بۆ داهاتی نەوت کراوەتەوە».


کەمپەینەکەی ئۆپۆزسیۆن بە قازانجی خەڵک شکایەوە
فۆتۆ: ناسیح عەلی خەبات

پرسی یەکنەگرتنەوەی دەزگا هەستیارەکانی دوو ئیدارەیی دەورووژێنرێت 4

## لایەنەکان پەلەیان لە پێکهێنانی حکومەت نییە

لەنێوان هەڵچوون‌و خاوبوونەوە، لێدوانی ئاگرین‌و مانۆڕی سیاسیی لایەنە براو ناکۆکو دژ بەیەکەکانی عێراق ڕۆڵێتی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی داهاتووی عێراق لە خولانەوەدایەو ئۆقرە ناگرێ.

وەفدی دانوستکاری ئێئتیلافی لیستە کوردستانییەکان لە بەغدا چەندین قۆناغی گفتوگۆی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بڕیوە، بێ ئەوەی بگاتە ڕێکەوتنی بنەڕەتی لەگەڵ هیچ کام لەو لایەن‌و کەسایەتییانەی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەت‌و بەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەها لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

١- تا ئەمڕۆ بێ متمانەیی لایەن‌و پێکهاتە جیاجیاکان بەیەکتر لەئارادایەو هیچ کام لەو لایەنانە باوەڕیان بە بەڵێن‌و ئیمزای لایەنەکەی دیکە نییەو چەند فاکتەری نزیکبوونەوە لەیەکتر لەئارادا بێت، ئەوەندەش‌و بگرە زیاتر بێ متمانەیی لەگۆڕێیە بۆ دوورکەوتنەوە لە یەکترو تائێستا هەردوو ئیئتیلافی نیشتمانی شیعەو لیستی عێراقییە بەدگومانن لە متمانە بەخشین بە نوری مالیکی‌و لەسەر هیچ کاندیدێکی دیکەش هاودەنگ‌و هاوڕا نین.

٢- شاندی کوردی لە بەغدا بە یەکگرتوویی دانوستانەکانی بەڕێوە دەبات‌و ئەندامانی شاندەکە ڕاشکاوانە سەرنج‌و بیروڕاکانی خۆیان ڕادەگەیەنن‌و جۆرێک لە تێگەیشتنی هاوبەش بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە هاودەنگی‌و کۆدەنگی لەسەر دروست دەبێت، هەربۆیە لە سەرەتادا تەنیا بیروڕاو هێڵە گشتییەکان دەخرانەڕوو و نەدەچوونە وردەکارییەکانەوەو ئەو قەناعەتە لای وەفدی دانوستکار دروست بوو، کە بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە کە دۆستایەتی خۆی بۆ هەموو لایەنەکان ڕابگەیێنێت‌و هیچ لایەنێک پەراوێز نەخات‌و نەیکات بە دوژمنی خۆی.

لە بەرامبەردا لیستەکانی دیکە زۆریان لا گرنگ بوو، کە کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن‌و سەنگی خۆیان لە دانوستانەکانیان بەرامبەر یەکتر بەهێز بکەن.

٣- هاوکێشەی هەڵبژاردن واکەوتەوە کە هیچ لیست‌و لایەنێک بەتەنیا نەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت‌و تەنانەت بەدوو لایەنی وەک کوردو عێراقییە، کوردو دەوڵەتی یاسا، کوردو ئیئتیلافی نیشتمانیی ئەمانیش نەتوانن لەلایەک زۆرینە پێکبهێنن (نیو+١) و لەلایەکی دیکەش پرەنسیپی (تەوافوق)و بەشداربوونی هەرسێ پێکهاتە لە پێکهێنانی حکومەت بەهەند وەرنەگرن، بۆیە شاندی کوردی لەلایەک پێی باش بوو دۆستایەتی خۆی بۆ هەموو لایەنەکان نیشان بدات‌و لەلایەکی دیکەش بەڵێنی هاوپەیمانیی بەهیچ لایەک نەدات، چونکە دوور نەبوو ئەو هاوپەیمانێتییە لایەنەکانی دیکەت لێ بتۆرێنێت، یاخود وایان لێبکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان‌و وەک کاردانەوەیەک هەموویان هاوپەیمانێتییەکی نوێ ڕابگەیەنن‌و کوردو هاوپەیمانەکەی بکەن بەکەمینەو ئۆپۆزسیۆن، یاخود لە باشترین حاڵەتدا بەمەرج‌و داواکاریی کەمتر داخڵی هاوپەیمانێتییە گەورەکە بن.

٤- لە هەموو ئەمانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە شاندی کوردی کاتێک دەچێتە هاوپەیمانێتییەوە، کە زۆرینەی ڕەها لە ئەنجومەن مسۆگەر بکات‌و لەهەمان کاتیشدا دەبێت ئەو ڕاستییە نادیدەنەگرێت کە تەنیا بە دوو کوتلە ئەو هاوپەیمانێتییە بەهێزە دروست نابێت‌و دەبێت هەوڵی قەناعەتپێکردنی لایەنی سێیەم بدرێت، چونکە تاقیکردنەوەی ساڵانی ڕابردوو دەریانخست کە هیچ مەسەلەیەک بەبێ تەوافوق ئەگەر زۆرینەشی لەگەڵ بێت، سەرناگرێت‌و کۆسپ‌و تەگەرەی زۆری دێتەڕێ، ئەم ڕاستییەش تەنیا ئێمەی کورد درکمان پێ نەکردووە، بەڵکو لایەنەکانی دیکەش ئەوە دەزانن، بۆیە هەوڵەکان بۆ تەنازولی زیاتر بەیەکتر بەردەوامەو ڕۆڵێتی پۆستی سەرۆک وەزیرانیش هەر لە خولانەوەدایەو ئۆقرە ناگرێت.

ڕۆژنامە

# (٢٠) باڵەخانە بەهۆی نەبوونی مەرجی سەلامەتییەوە داخراون

سەنگەر جەمال

لیژنەی بەدواداچوونی مەرجی سەلامەتیی لە باڵەخانە گەشتیاریی‌و گشتییەکان بەردەوامە لەسەر لێپێچینەوەو تائێستا لەکۆی (٧٠) باڵەخانەی بەسەرکراوە (٢٠)یان داخراون.

دوای کارەساتەکەی سووتانی ئوتێل سۆمای شاری سلێمانی، کە (٢٨) هاوڵاتی کوردو بیانی تێیدا گیانیان لەدەستدا، بە فەرمانی سەرۆکی حکومەت لیژنەی بەدواداچوون بۆ بوونی مەرجی سەلامەتیی لە باڵەخانە گشتیی‌و گەشتیارییەکاندا پێکهێناو (٩٤٠) شوێنیان بەسەر کردەوەو ماوەی (٣٠) ڕۆژیان دانا بۆ ئەوەی ئەو باڵەخانانە (٩) ڕێنمایی سەرەتایی جێبەجێبکەن، کە زۆربەی بیناکان هیچ کام لەو مەرجانەیان تێدا نەبوو.




دوای تەواوبوونی وادەی دیاریکراو لە (١٧)ی ئەم مانگەوە لیژنەیەکی تر پێکهێنرا لەلایەن قایمقامیەت‌و بەرگریی شارستانی‌و پۆلیسی گەشتوگوزارو نوێنەری شارەوانی‌و گەشتوگوزاری سلێمانی بۆ داخستنی ئەو شوێنانەی ڕێنماییەکانی لیژنەی پێشوویان جێبەجێ نەکردووە.

زانا محەمەد ساڵح، قایمقامی سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «تائێستا (٧٠) شوێن بەسەرکراونەتەوە، نزیکەی (٢٠)یان بەهۆی جێبەجێنەکردنی ڕێنماییەکانەوە داخراون‌و بەردەوامیش دەبین لە بەسەرکردنەوەی هەر (٩٤٠) شوێنەکەو هەر کامێکیان مەرجەکانیان جێبەجێ نەکردبێت، یان کەمیان جێبەجێکردبێت، دایاندەخەین».

وتیشی: «ئەو بینایانەی (٧) خاڵیشیان جێبەجێکردبێت یەکسەر داناخرێت، بەڵکو ئاگادار دەکرێتەوەو چەند ڕۆژێکی دیکە مۆڵەتی دەدرێتێ، ئەگەر نەیکرد، ئینجا دادەخرێت، بەڵام ئەوانەی هیچیان نەکردووە، یان زۆر کەمیان جێبەجێکردووە، دادەخرێن».

بڕیاریشە لەم هەفتەیەدا باڵەخانەی بینا حکومییەکان بەسەربکرێنەوە،لەبارەی‌داخستنی ئەوانیشەوە ئەگەر مەرجەکانیان تێدا نەبوو، زانا محەمەد، وتی: «ڕێنماییەکان دراوەتە لێپرسراوی فەرمانگەکە بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکەن، بەڵام بەشێکی ئەو شوێنانە کرێن، ئێمە دایانناخەین، بەڵام بە لافیتەیەک دەنووسین ئەم شوێنە مەرجی سەلامەتیی تێدا نییە، ئەوەش تا ماوەیەک ئەگەر کرێ بێت‌و چاک نەکرێت، دەبێت بدرێتەوە خاوەنەکەی».

# یەکگرتوو و کۆمەڵو شیوعی، لە بودجەکەیان کەمدەکرێتەوە

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

شیوعی‌و کۆمەڵو یەکگرتوو، ناڕەزایەتی لە کەمبوونەوەی بودجەکانیان دەردەبڕن کە بەپێی ئەو پرۆژەیاسایەی لە پەرلەمانەو حکومەت ڕەزامەندیی لەسەر نیشانداوە، بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمان لەنێوان (٥٠-٦٠) ملیۆن دیناریان پێبدرێت.

پەرلەمانی کوردستان، لە (٢٠٠٩/١١/١٩)دا پرۆژەیاسای پشتگیریی دارایی پارت‌و قەوارە سیاسییەکانی ڕەوانەی حکومەت کرد کە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا، حکومەت ڕەزامەندیی لەسەر پرۆژەکە نیشانداو ناردیەوە بۆ پەرلەمان‌و بۆچوونی بەهێزیش لەناو لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەماندا ئەوەیە، کە بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمانی، بڕی (٥٠-٦٠)ملیۆن دینار بدرێتە حیزبەکان.

سەلاحەدین بابەکر، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە ئەو بڕەپارەیە بە کەم دەزانین کە بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمانی دیاریی دەکرێت، چونکە بەوپێیە بێت، بودجەکەمان زۆر کەم دەبێتەوەو بەشی خەرجیی حیزبەکەمان ناکات، لەکاتێکدا ئێمە چاوەڕوانی زیادکردنی بودجەکەمان بووین، نەک کەمکردنەوەی».

یەکگرتووی ئیسلامیی، لە ئێستادا، مانگانە بڕی (٤٥٠)ملیۆن دینار لە حکومەتی هەرێم وەردەگرێت‌و لە داهاتووشدا ئەگەر بەپێی پێوەری (٥٠-٦٠)ملیۆن دینار بۆ کورسییەکی پەرلەمان بێت، مانگانە بڕی (٣٠٠_٣٦٠)ملیۆن دیناری پێدەدرێت، هەربۆیە وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکە، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە کەمکردنەوەی بودجەی حیزبەکەیان، کاریگەریی سلبی لەسەر ڕەوتی کاری حیزبایەتییان بەجێدێڵێت.

هاوکات، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیش، نارازییە لە کەمکردنەوەی بودجەکەی، کە لەپێشتردا مانگانە بڕی (٣٠٠)ملیۆن دیناری پێدەدرا، لە ئێستادا ئەگەر بەو شێوەیە یاسای بودجەی حیزبەکان تێپەڕێنرێت، ئەوا بودجەکەی دەبێتە (٢٤٠)ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێک.

عەبدولستار مەجید، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، بە ڕۆژنامەی وت: «ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە بودجەی حیزبەکان بەپێی یاسا ڕێکبخرێت، بەڵام سەرنجمان لەسەر ئەو بودجەیە هەیە، ئەگەر بەتەنیا لەسەر بنەمای کورسی پەرلەمانی بێت، چونکە پێویستە ئەو حیزبانەی خەباتی شاخیان هەیەو شەهیدیان داوە، حسابی جیایان بۆ بکرێت‌و عەدالەت لەکاری حیزبایەتی‌و پێدانی بودجەکانیاندا بچەسپێت».

هەربۆیە کۆمەڵی ئیسلامیی بەنیازە، لە هەردوو ڕێگەی حیزب‌و پەرلەمانتارەکانیشیانەوە هەوڵی دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بدات کە لەگەڵ کورسی پەرلەماندا خەباتی لەمێژینەیان لە پێدانی بودجە بۆ حساب بکرێت، هەروەک عەبدولستار ئاماژەی پێکرد: «تەنیا پێوەری کورسی پەرلەمانی بۆ پێدانی بودجە، بە زوڵم‌و ستەم دەزانین‌و نامانەوێت لەو ڕێگەیەوە غەدرمان لێبکرێت».

یەکێک لەو حیزبانەی کە لەم نێوەندەدا زیانی گەورەی بەردەکەوێت، حیزبی شیوعی کوردستانە، کە ئێستا بڕە بودجەی مانگانەی حیزبەکەی (٤٠٠) ملیۆن دینارە، لە داهاتووشدا ئەگەر پەرلەمانتاران هاوڕابن لەسەر ئەوەی کە بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمانی، (٦٠) ملیۆن دینار بدرێتە حیزبەکان، شیوعی تەنیا ئەو (٦٠)ملیۆنەی پێدەدرێت کە لەپای تاکە کورسییەکەی پەرلەمانیدا بۆی دیاریی دەکرێت.

ئەبوکاروان، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی شیوعی، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوەدا نین کە بە تەنیا حساب بۆ کورسی پەرلەمان بکرێت، «چونکە کورسی پەرلەمان جێگیر نییەو لەگۆڕاندایەو وەزعی سیاسیی لەکوردستان بەشێوەیەک نییە کە بەتەنیا ئیعتیماد بکرێتە سەر ئەو کورسییانە».

# ڕەنگە کۆبوونەوەی پەرلەمان لەسەر پرسی نەوت، ئەنجام نەدرێت

بەرهەم خالید

ڕەنگە پەرلەمان ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجامنەدات کە داواکرا پرسی نەوتی تێدا تاوتوێبکرێت.

سەرەتای ئەم مانگە، هەرسێ فراکسیۆنەکەی ئۆپۆزسیۆنی داوایەکیان دایە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەڵام سەرۆکایەتیی پەرلەمان هیچ وەڵامێکی ئەو داوایەی نەداوەتەوەو لەبری ئەوە هەفتەی ڕابردوو، کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتیی پەرلەمان‌و حکومەت بەڕێوەچوو.

د. ڕێباز فەتاح، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان سوورن لەسەر ئەنجامدانی ئەو دانیشتنەو لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش ئەو داوایەیان دووبارە کردووەتەوە، وتیشی: «پێویستە سەرجەم پەرلەمانتارەکان ئاگاداری ئەو بابەتە بن‌و حکومەتیش ڕوونکردنەوەی پێویست لەبارەیەوە بداتە پەرلەمانتاران».

لەلای خۆیەوە، سەمیر سەلیم، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو، ئەوەی خستەڕوو: سەرۆکایەتیی پەرلەمان، ئەو دانیشتنەی گۆڕی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان‌و سەرۆکایەتیی حکومەت‌و بەشداریکردنی سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش وەک ڕازیبوونێکە بە گۆڕینی ئەو دانیشتنەو ئەنجام نەدانی.

وتیشی: «سەرۆکایەتیی پەرلەمان‌و حکومەت، زانیارییەکانی نەوتیان بە تایبەت دانا کە گوایە پەیوەندیی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە، بۆیە کۆبوونەوەکە وایلێهات، دیارە فراکسیۆنەکانیش بەوە ڕازیبوون، بەڵام من پێم باش نییە، ئەو کۆبوونەوەیە بەو شێوەیە بێت‌و پێویسە پەرلەمان دانیشتنی تایبەت بەو بابەتە ئەنجام بدات».

## پاشماوەی... ئەستەمە کۆمسیۆنەکەی هەرێم بتوانێت ...

لە ئێستادا بەرپرسانی هەرێم کار بۆ ئەوە دەکەن لەگەڵ کۆتاییهاتنی پشووی پەرلەمان، پرۆژەیاسای پێکهێنانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم پەسەند بکەن، کە دەنگۆی ئەوە لە ئارادایە بەهاری ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەنجامبدرێت.


حاکم سەردار لەوبارەیەوە دەڵێت: «ئەوەی لەسەر ئێمەیە کردوومانەو تەواومانکردووە، لەبەرئەوەی کاتێکی زۆر بەسەر هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانەدا تێپەڕیوە، ئەوەی کە کێ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە بکات کەوتووەتەوە سەر بەرپرسانی هەرێم، کە چۆن بڕیاری لەسەر دەدەن، ئەگەر هاتوو بڕیاردرا کۆمسیۆنی هەرێم سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە بکات، ئەوا مەسەلەیەکی ترەو لەکاتی خۆیدا ئێمەش قسەمان لەسەری دەبێت».

## د.ڕەفیق سابیر: گەندەڵیی لە کوردستان دیارەیەو تەشەنە دەسێنێت

دەربارەی پێکهاتەی دەستەکە، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە وتی: هەرکاتێک لە پەرلەمان پرۆژەیاساکە بڕیاری لەسەر درا، چۆنێتی‌و شێوەی دەستەکە بەپێی یاساکە دیاریدەکرێت، هەروەها کۆمسیۆنێکی تایبەت دروستدەکرێت بۆ ئەم دەستەیە، بۆ ئەوەی لە سەرپێچییە یاساییەکان بکۆڵێتەوە، چاوەڕواندەکرێت لە وەرزی نوێی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، گەشبین نەبوو بە دامەزراندنی دەستەی نەزاهەو وتی: «ئێمە لە مەسەلەی گەندەڵیی یاسامان هەیەو کەموکووڕیمان نییە، بەڵام جێبەجێ ناکرێن».

عەلی کەریم، سەرۆکی ئینستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەپێویستی دەزانێت دەستەکە سەربەخۆیی تەواوی هەبێت، بابەتی دیوانی چاودێری دارایی یەکلایی بکاتەوە، لە دەرەوەی هەژموونی حیزبی بێت، هەروەها هەماهەنگی پتەوی هەبێت لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.



# فاروق جەمیل:

# تێبینیم کردووە ئەوەی ئۆپۆزسیۆن پێشکەشی دەکات، زۆرینە رەتیدەکاتەوە

سازدانی: ئارام محەممەد

**فاروق جەمیل، وەزیری پێشووی داد و سەرۆکی پێشووی لیژنەی نەزاهەی یەکێتی، سەبارەت بە کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە گەندەڵییو رۆڵی داواکاری گشتییو قەزاو پەرلەمان، رۆژنامە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ سازداوە:**

**رۆژنامە: لەدوای راپەرینەوە خاوەنی حوکومەتین، بەڵام تائێستا نەبووینەتە خاوەنی دامەزراوەیەکی دادگای سەربەخۆ کە بتوانیت رێگربێت لە گەندەڵیی، بۆچی؟**

* راستە لـەدوای سالی (١٩٩٢)، کە حکومەت پێکهات، بەڵام ئەوکات ئیمکانیات زۆر لاواز بوو، دوای ئەوە هەندێ بارودۆخ هاتە پێشەوە، وەک، بابەتی شەڕی ناوخۆو بابەتی دوو ئیدارەیی ئەوانە بەدڵنیاییەوە کاریگەریی باشی هەبووە لەسەر ئەو بابەتانە، پاش ئەوەی هەردوو ئیدارە تێکەڵکرایەوەو کابینەی پێنج پێکهات، چونکە پێش ئەوکاتە دوو حیزبو دوو ئیدارە بوو بەرژەوەندیی حیزبی کاری دەکرد، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق بارودۆخی کوردستان گۆڕانی بەسەرداهاتو لایەنی دارایی حکومەت بەهێز بوو، ئەگەر بەناویش بووبێت تێکەڵبوونەوەی ئیداریی راگەیەندرا، حکومەتی هەرێم بووە خاوەن داراییەکی باش ئەگەر لە حکومەتێکدا کە یاسا سەروەر بێت، ئەوا بارودۆخ زۆر باشتر بەڕێوە دەچوو.

**رۆژنامە: ئەو گەندەڵییەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە سەرچاوەکەی لەکوێوەیە، چ جۆرە گەندەڵییەکە؟**

* گەندەڵیی زۆر جۆری هەیە، گەندەڵیی سیاسیی، ئیدارییو کۆمەڵایەتی هەیە، هەموو وڵاتانی دنیاش بێبەش نین لە بابەتی گەندەڵیی، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئێمە بێباک بین سەبارەت بەو بابەتە، پێویستە حکومەتی هەرێم سنوورێک بۆ ئەو بابەتە دابنێت، بەدڵنیایی گەندەڵیی بەشێوەیەکی بەرفراوان هەبووە.

**رۆژنامە: لە کابینەی پێشوو وەزیری دادو سەرۆکی دەستەیەکیش بوویت بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی، ئایا ئەو هەنگاوانە چیبوون کە نراون لەو کاتەدا، ئایا ئێستا بارودۆخەکە چۆن دەبینیتو کابینەی شەش هەوڵەکانی لەم رووەوە چۆنە؟**

> **پێویستە حکومەتی هەرێم سنوورێک بۆ گەندەڵیی دابنێت**

* لەڕاستیدا سەبـارەت بە کارەکانی کابینەی نوێ ناتوانم حوکمی لەسەر بدەم، چونکە تەمەنەکەی چەند مانگێکە، سەبارەت بەکابینەی پێشووش من وەک وەزیری داد کارم کردووە، کاروباری من زیاتر پەیوەندیی بە بابەتی یاساییەوە هەبووە، کاتێ وەزیربووم لیژنەیەکم دانا لە داواکـاری گشتیی چەند کەسانێک بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەن لەناو دامودەزگاکانی حکومەت، بۆ ئەوەی ئەگەر گەندەڵیی هەبێت سکاڵا تۆمار بکەن، چەند سکاڵایەکیش هاتە کایەوە، بەڵام دواتر ئەوە بوو کابینەی پێنج کۆتایی پێهات.

**رۆژنامە: تۆ وەک وەزیری داد تا چەند رووبـەڕووی گەندەڵیی بوویتەوە واتا دروستکردنی ئەو لیژنە لە چ روانگەیەکەوە بوو، بۆ چالاک نەبوو؟**

* سەبارەت بە بابەتی گەندەڵییو لیژنەی دەستپاکی من وەک وەزیر پەیوەندیم بەو بابەتەوە نەبووە، تەنیا لە کابینەی پێنج کاتێک کاک عیماد، کرایە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ بەدواداچوون لەو کێشە داراییانەی کە پێشتر هەبوو لە ئیدارەی سلێمانی، من سەرپەرشتی ئەو لیژنەیەم دەکرد بە هاوکاریی دیوانی چاودێری دارایـی ئیدارەی سلێمانی، ئێمە لەوبابەتە ئیشێکی باشمان کرد بە هاوکاریی دەزگـای چاودێریی، چونکە ئەو دەزگایە یەکێک بوو لە دەزگا هەرە چالاکەکانی ئیدارەی سلێمانی کە توانییان چەندین ملیار دینار بۆ حکومەتی هەرێم بگێڕنەوە.

**رۆژنامە: لەماوەی رابردوو سەرپەرشتی دەستەی نەزاهەت وەرگرت لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆ دەرنەکەوت، ئەو بابەتە چۆن بوو؟**

* لە پلنیۆمی کۆتایی ساڵی رابـردوو، من بەشداریی پلنیۆم بووم، بەڵام دانیشتنی کۆتایی خۆم لە پلنیۆم نەبووم، جەنابی مام جەلال منی دانابوو وەک سەرۆکی دەزگای نەزاهەو پلنیۆمیش بڕیاری لەسەر دا، ئەگەر ئەوکات لەوێ بام قسەی خۆم دەبوو، بەڵام ئەوکات کە پلنیۆم رەزامەندیی لەسەر دا منیش رازیبووم، تا گۆنگرە دەبەسترێت بەدڵنیاییش کە گۆنگرە بەسترا من وازمهێنا.

**رۆژنامە: لەو ماوەیەی کە سەرۆکی دەزگای نەزاهەی یەکێتی بوویت، توانیتان چی بکەن؟**

* خۆی لەڕاستیدا ئەو کـارە کارێکی زەحمەتە، کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی سەلماندنی گەندەڵیی شتێکە پێویستی بـەزۆر شتە، بـەڵام ئـەوەی ئێمە کردمان وەک قۆناغی یەکەم کۆکردنەوەی زانیاریی بوو لە سەرکردایەتیی یەکیەتییەوە واتا لە جەنابی مام جەلالەوە دەستمان پێکردو زانیاریمان کۆکردەوە زانیارییەکانیش ئامادەن من تەسلیمی مەکتەبی سیاسیم کـردووە، بۆئەوەی ئەو لیژنەیەی کە دادێت کارەکانی تەواو بکات، ئەگەر لێپرسراوێک گەندەڵیی کردبێت سەلماندنی زەحمەتە، ئێستا بەشێک لە بەرپرسان کۆمپانیایان هەیە، بەڵام بەناوی خۆیانەوە نییە، رەنگە بەرپرسێک سەروەتو سامانەکەی رەوانەی دەرەوە کردبێت، واتا بەگشتیی کەشفکردنو سەلماندنی گەندەڵیی کارێکی زەحمەتە.

**رۆژنامە: تاچەند بڕوات بەوە هەیە حیزب دەزگای نەزاهەی هەبێت؟**

* ئەوە شتێکی باشە کە حیزب لەناو خۆیدا دەزگای نەزاهەی هەبێت.

**رۆژنامە: دەزگای نەزاهەی عێراق زۆر چالاکتربوو لەو ماوە کەمەی ئیشکردنیدا بە بەراورد بە کوردستانو بارودۆخەکەی زۆرینەی بەرپرسان سامانەکانیان ئاشکرا کرد و چەند دۆسیەیەکی گەندەڵییش ئاشکرا کرا بۆ لە کوردستان ئەوە رووینەدا؟**

* دەزگای نەزاهەی عێراق بەبڕوای من دەزگایەکی خراپ نییە، هەرچەندە من هەندێ وردەکاریم لایە کە هەندێک خەڵک بە مەبەست دانرابوو، بەڵام هێشتا هەست دەکەم ئەو دەزگایەش لە ژێر هەیمەنەی حیزبیدابوو.

**رۆژنامە: بەهۆی ئەوەی کە لە کابینەی پێشوودا کارت کردووە، چ جیاوازییەک دەبینیت لەگەڵ کابینەی شەش، ئایا لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا درێژکراوەی کابینەی پێشووە؟**

* لەراستیدا پێویستە کابینەی شەش تەواوکەری کابینەی پێنجەم بێت، هەروەها ئەو کارنامەیەی کە کابینەی پێنج تەواوی نەکردووە کابینەی شەش تـەواوی بکات، هەروەها پێویستە کابینەی شەش خۆشی بەرنامەی هەبێت، بەڵام ئەوەی راستی بێت زانیاریم سەبارەت بە کابینەی شەش نییە.

**رۆژنامە: لەو ماوەیەی وەزیـری داد بوویت هیچ دۆسیەیەکی گەندەڵیتان ئاشکراکرد؟**

* زیاتر لە ئیدارەی پێشووی سلێمانی شت هەبوو، چونکە دیوانی دەزگای چاودێری داراییِ دەزگایەکی چالاک بوو، هەندێک بابەتی گەندەڵییان خستە بەردەم دادگا، بەڵام نازانم ئەنجامەکەی چی لێهات.

**رۆژنامە: بە بۆچوونی تۆ بابەتی نـاردنــەدەرەوەی نـــەوتو شـاردنـــەوەی داهاتەکەی لەخەڵک و ناشەفافیی گرێبەستە نەوتییەکانو نەبوونی زانیاریی تاچەند دۆسیەیەکی نایاساییە؟**

* ئەو زانیارییەی کە من هەمە وەک هەموو ئەو خەڵکانەی ترە، منیش لەڕێگەی راگەیاندنەوە ئاگاداری ئەو بابەتەم، بەدڵنیایی نەوت دەڕوات، بەڵام چ جۆرێک دەڕواو چۆنە، ئەوە من زانیاریم نییە، بەڵام بڕوام وایە ئەو بابەتە پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، بەتایبەت ئێستا پەرلەمان کە ئۆپۆزسیۆنیش بوونی هەیە دەتوانن لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکەن سەبارەت بەم بابەتە.

**رۆژنامە: بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت بۆ ئەوەی دیـاردەی گەندەڵیی ئیداریی کەمبکرێتەوە، هەنگاوی سەرەتایی چییە بۆ ئەو بابەتە؟**

*رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی پێویستی بە حکومەتێکی دامەزراوە هەیە، کە یاسا ئەو حکومەتە ببات بەڕێوە، نەوەک حیزب، راستە حیزب هەقی خۆیەتی حکومەت تەشکیل بکات، بەڵام حکومەت کە دروست بوو دەبێـت دوور بێت لە بابەتی حیزبایەتی، دیوانی چاودێرییو داواکـــاری گشتیش دەبێـت چـــالاک بن، سەرمایەی وڵات بەشێوەیەکی شەفاف باسی لێوەبکرێت، هەروەها ئەوەی تێکەڵی گەندەڵیش دەبێـت لێپچینەوەی باشی لەگەڵ بکرێت، بدرێتە دادگا ئەگەر بمانەوێـت دەکرێـت، ناڵێم هەنگاو نەنراوە، بەڵام هێشتا ماویەتی.

**رۆژنامە: وەک دیارە پەرلەمانی ئەمجارە جیاوازە لە پەرلەمانی کابینەی پێشوو، ئەمجارە دەنگی ئۆپۆزسیۆن هەیە، هەست بەو جیاوازییانە دەکەیت، ئایا ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی دەوری پەرلەمان چالاکتر بکات؟**

* لە خولی ئەمجارەی پەرلەمان بێگومان ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتووە، ئەو ئۆپۆزسیۆنەش بە پلەی یەکەم بزووتنەوەی گۆڕانە، کە (٢٥) کورسییان هەیە دواتر حیزبە ئیسلامییەکان، بەبڕوای من تائێستا ئۆپۆزسیۆن کارا بووەو چەندین پرۆژەشیان پێشکەش کردووە، بەڵام زۆرینەی پرۆژەکان نەگەیشتوونەتە ئەنجام، هۆکاریش ئەوەیە کە لەناو پەرلەمان ململانێی سیاسیی هەیە، بابەتەکەش لەوە دەرچوو کوتلەکان هاوکاریی یەکتر بن بۆئەوەی شتی باش پێشکەشی هاوڵاتییان بکەن، ئەوەی من تێبینم کردووە هەرکاتێ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن پێشکەشی دەکات، لایەنی دووەم کە زۆرینەیە رەتیدەکاتەوە، مەسەلەکەش ئەوەیە زۆرینە نایەوێت ئەو پرۆژانە ببنە دەستکەوت بۆ ئۆپۆزسیۆن، لە بەرامبەریشدا ئۆپۆزسیۆن پـــرۆژەی زۆری پێشکەش کردووە هەقە ئۆپۆزسیۆنیش بەشێوەیەکی هێمنانە پرۆژەیاسای باش پێشکەش بکات، بۆنموونە پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی کە لیستی گۆڕان پێشکەشی کردبوو، پرۆژەکە زۆرباش بوو بۆئەوەی داواکـاری گشتیی ببێتە دەزگایەکی سەربەخۆ، بەڵام زۆرینە دەنگی پێنەدا، ئەمەش هۆکاری ئەوە نەبوو کە پرۆژەکە خراپە، بەڵکو هۆکار ئەوەیە کە پرۆژەکە نەبێتە دەستکەوت بۆ ئۆپۆزسیۆن.

**رۆژنامە: ئەگەر جەنابت لە پەرلەمان بوویتایە دەنگت دەدا بە پرۆژەیاسای داواکـاری گشتیی کە فراکسیۆنی گۆڕان پێشکەشی کردبوو؟**

* بێگومان، هەتا ئەگەر لە پەرلەمان لەسەر لیستی کوردستانیش بام، پێویستە ئەو پەرلەمانتارانە لە بۆچووندا سەربەخۆ بن، کە شتێک زانیان باشە با نەچن تەنیا پەیوەست بن لەلایەنە سیاسییەکەی خۆیان پرسیان پێبکەن، یەکێک لەو بابەتانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی پەرلەمان رێگەی راستی خۆی بگرێتو بڕیاری راستو دروست دەربکات، ئەو بابەتە، تائێستا مەسەلەی سیاسییو حیزبی زاڵە لەسەر پەرلەمانی کوردستان، من پێموایە؛ ئەو برادەرانەی پەرلەمان شەخسیەتی خۆیان بـەرز رابگرن هەتا ئەگەر حیزبەکەشیان داوایان لێبکات هەق وایە دەنگ بەشتی باش بدەن.

**رۆژنامە: واتا ئەو ململانێ سیاسییە بە زیانی بەرژەوەندیی گشتیی کۆتایی دێتە تۆ پێتوایە کام لا بەرپرسیارە؟**

* لەڕاستیدا ئەوشتە هەیە، بەڵام هەقە ئەو شێوازەی ئیشکردنو ململانێیە نەمێنێت.

**رۆژنـامـە: لە سایتی وەزارەتـــی داد راپرسییەک نیشاندراوە کە زۆرینەی خەڵک بڕوای وایە دەبێت داواکاری گشتیی دەزگایەکی سەربەخۆبێتو لە دەرەوەی وەزارەتو حکومەت بێت، ئەمە بۆ لە کوردستان نایەتە دی؟**

* لەڕاستیدا داواکاری گشتیی تەمسیلی مافی گشتیی دەکات، بۆیە پێویستە دەزگایەکی سەربەخۆ بێت، کاتی خۆی کە وەزیر بووم دەستەی داواکـاری گشتیی پرۆژەیەکیان پێشکەشی من کرد منیش پشتگیریم لێکرد، بەڵام لە ئەنجومەنی وەزیران مایەوە نەنێردرا بۆ پەرلەمان، هەتا بەمدواییە فراکسیۆنی گۆڕان ئەو پرۆژەیەی پێشکەشکرد، پێموابوو پرۆژەیەکی زۆر باش بوو، ئەگەر بمانەوێت داواکاری گشتیی کارابێت دەبێت سەربەخۆبێت، ئەگەر دەسەڵاتی تەواوەتی پێبدرێـت دەتوانێت رۆڵێکی باش بگێڕێت، ئێستا داواکاری گشتیی سەر بە وەزارەتی دادە، بێگومان ئەوە شتێکی باش نییە، چونکە وەزارەتی داد بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یەکێکە لە بابەتە هەرە گرینگەکان کە بتەوێت وڵات بەرەو دیموکراسی ببەیت، دەبێت دەسەڵاتەکان لەیەکتر جیا بکرێنەوە.

**رۆژنامە: بەهۆی ئەوەی لە رابردووەوە تائێستا داواکـــاری گشتیی سەربەخۆ نەبووە، تاچەند حیزب هاتووەتە ناو بڕیارەکانەوە؟**

* نەک تەنیا هۆکار حیزبە، بەڵکو خۆی داواکاری گشتیی چالاک نەبووە.

**رۆژنـامـە: هۆکار چییە کە چالاک نەبووە؟**

*هۆکار ئەو بارودۆخەی کە لە کوردستان هەیە، بەتایبەت بابەتی حیزبایەتیو کاریگەریی لەسەر دامودەزگای حکومەت، کە بووەتە هۆی ئەوەی داواکـاری گشتیی نەتوانێت دەوری خۆی ببینێت.

**رۆژنامە: هەست ناکەیت بەهۆی چالاک نەبوونی داواکـاری گشتیی دۆسیەکانی گەندەڵیی زیاتر بوون ولێپێچینەوە نەکراوە، شەفافیەت نەهاتووەتەکایەوە؟**

* بەدڵنیاییەوە ئەگەر یاسا نەبێت ئەوا گەندەڵیی زیاتر دەبێت، ئەگەر چاودێریی نەبێت گەندەڵیی زیاتر دەبێت، یەکێک لەو بابەتانە هەبوونی چاودێرییەکی باشە، ئەگەر بمانەوێت ئەو چاودێرییە هەبێت بۆ ئەوەی گەندەڵیی نەهێڵین یان کەمی بکەینەوە.

دوو شت زۆر گرنگە، یەکەم: دەزگای داواکاری گشتیی دووەم: دیوانی چاودێری دارایی، ئەگەر ئەم دوو دەزگایە بکەونە کارو سەربەخۆبن یاسایی باشیان بۆ دابنرێت بە بۆچوونی من کێشەکانی گەندەڵیی چارەسەر دەبێت.

**رۆژنامە: ناسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی چی دەگەیەنێت؟**

* بەدڵنیایی لایەنی دادوەریـــی چەند هەنگاوێک چووەتە پێش، بـەڵام دەبێت هەنگاوی باشتر بهاوێت، بمانەوێت یان نا لەکاتی دوو ئیدارەیی کۆمەڵێک خەڵک بوونە دادوەرو دادوەری داواکاری گشتیی لەسەر بنەمای حیزبیی، ئەو بابەتە کاریگەر بووە، هەتا دەسەڵاتی قەزائیی سەربەخۆتربێت ئیشەکان باشتر بەڕێوە دەچن، چونکە ئەو دەسەڵاتە دوو کاری هەیە،لایەنی ئیدارییو لایەنی قەزائیی، دەبێت لە هـەردوو لایەن سەربەخۆ بێـتو تەنیا یاسا جێبەجێ بکات.

**رۆژنامە: لەپەرلەمان دەستەی نەزاهە هەیە، تۆ پێتوانییە ئەوەش درێژکراوەی ئەو دەزگا ناسەربەخۆیە بێت کە لە حکومەتدا بوونی هەیە؟**

* پێموایە تائێستا هیچیان نەکردووە، چونکە لە لێدوانەکانی خۆشیاندا کە دەبیستینو دەبینین ئەوانیش دەڵێن راپۆرتمان لە دیوانی چاودێری دارایی بۆنەهاتووە، هەتا هەردوو دیوانی چاودێری یەکنەگرنەوە، دەستەی نەزاهە ناتوانێت ئیشوکاری خۆی بکات، خۆی لە راستیدا دەبێت دیوانی چاودێری سەربەخۆبێت، نابێت سەر بە حکومەت بێت وەک لە پرۆژەکەی فراکسیۆنی گۆڕانیش داهاتووە، من پێموایە؛ دەبێت ئەو دەزگایە ببەسترێتەوە بە پەرلەمانەوە، دووربـن لە بابەتی حیزبیی.

فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی پێشکەش دەکاتەوە 6

## حکومەت گرێبەستە نەوتییەکان بۆ پەرلەمان ئاشکرا دەکات؟

# فراکسیۆنەکان: حکومەت بەڵێنی دا هەموو بەڵگەنامەکانی نەوت بخاتەڕوو

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

**حکومەتی هەرێم بڕیار دەدات هەموو بەڵگەکانی تایبەت بە پرسی نەوت لە هەرێمی کوردستان بخاتە بەردەم پەرلەمان، ئەوەش دوای ئەو کێشمەکێشو ناکۆکییەی لەماوەی رابردوودا سەبارەت بەو پرسە لە نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا کەوتەوە**



پرسی نەوت زۆر گرنگە، دەبێت داهاتەکەی شەفاف بێتو پەرلەمان ئاگاداری بێت



### کۆبوونەوەی گشتیی

دوای ئەو مقۆمقۆیەی سەبارەت بە پرسی نەوت لە کوردستان دروستبوو، ئاشتی هەورامی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بۆ روونکردنەوە رێکخستو دواتریش لە رۆژی چوارشەممەی رابردوو کۆبوونەوەیەکی گشتیی سازکرا لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، سەرۆکی حکومەت، جێگرەکەیو وەزیرانی سامانە سروشتییەکان، پلاندانان، دارایی، شەهیدانو رێکخەری نێوان حکومەتو پەرلەمان (سەعد خالید بۆ ئەو پۆستە دیاریکراوە).

سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە بەپێویست دەزاننو بە هەنگاوێکی ئیجابی لە قەڵەم دەدەن.

ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە هەماهەنگی لەنێوان حکومەتو پەرلەمان هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ نەهێشتنی ناشەفاف بوونو نەمانی ئەو ناڕوونییەی سەبارەت بە پرسی نەوت هەبووە، ئەنجامدانی کۆبوونەوەکەش بە هەنگاوێکی ئیجابی دەزانێت بەوپێیەی «ئەو باسو خواسانەی لەو کۆبوونەوەیەدا کران، پرۆسەی سیاسیی لە کوردستان بەرەوپێشەوە دەبات».

ئارام قادر وتی: «هەر سێ لیستی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە کۆبوونەوەکەدا جەختیان لەوەکردووەتەوە، کە دەرهێنانو ناردنەدەرەوەی نەوت بە مەسەلەیەکی نەتەوەیی دەزانن، بەوپێیەی سامانێکی نەتەوەییەو مافی نەتەوەییو یاساییو حکومەتیشە، کە کورد ئەوە پیادە بکاتو داکۆکیشی لێدەکەین، چونکە پێگەو بژێویی هاوڵاتییانی کورد زیاد دەکات، وتی: «جگە لەوە جەختمانکردەوە لە جێبەجێکردنی یاسای نەوتو غازی هەرێم، کە بەبڕوای ئێمە جێبەجێ نەکردنی ئەو یاسایە یەکێک بووە لەو هۆکارانەی ئیشکالیەتی زۆری دروستکردووە، حکومەتیش بەڵێنی ئەوەی دا، کە بە جدیی ئەو یاسایانەی لەلایەن پەرلەمانەوە دەرکراوە، جێبەجێ بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە، سۆزان خاڵە شەهاب، سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی، پێیوایە ئەو زنجیرە کۆبوونەوانەی لەم دواییانەدا کرا تایبەت بە وردەکاریی دەرهێنانی نەوتو سوود لێوەرگرتنیان، بۆئەوەیە بە شەفافی پەرلەمان ئاگاداری بێتو لەڕێی ئەوانیشەوە هاوڵاتییان لێی ئاگاداربن، «چونکە پرسی نەوت زۆر گرنگەو دەبێت داهاتەکەی شەفاف بێتو پەرلەمان ئاگاداری بێتو بەدواداچوونی بۆ بکات».

سۆزان، هەروەها وتی: «بەوپێیەی پرسی بە قاچاخبردنی نەوت وروژێنرا، دەبێت میکانیزمێکی بۆ بدۆزرێتەوە بۆئەوەی راستیو دروستی ئەو قسەیە بزانرێت، جگە لەوەی بڕیاری جێبەجێکردنی یاسای نەوتو غازو دروستکردنی سندووقێک بۆ داهاتی نەوت درا، هەروەها سەرۆکی حکومەت کۆمەڵێک بەڵگەی خستە بەردەم سەرۆکی پەرلەمان بۆئەوەی بدرێتە لیژنەی پەیوەندیدار، تا بزانن ئەو رێژەیەی نەوتی رەش کە حکومەتی هەرێم دەیفرۆشێت پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بکات لەگەڵ ئەو رێژەیەی بە سنوورەکاندا تێپەڕدەبێت، بۆئەوەی بزانرێت لە کوێدا جیاوازییو کەموکوڕییو کێشە هەیە دیاری بکرێت».

هەروەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە حکومەت ئامێری پێوانەی نەوتی رەشو خاو دەکرێت، وتیشی: «ئێمە هیواداریـن پرسی نەوت پرسێکی شەفاف بێت».

### گرێبەستە نەوتییەکان ئاشکرا دەکرێن

ئەوەی جێی ئومێدی پەرلەمانتارانو هاوڵاتییانیشە قایلبوونو بڕیاردانی حکومەتی هەرێمە لە کۆبوونەوەکەی هەفتەی رابردوو بە خستنەڕووی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە پرسی نەوت بە گرێبەستە نەوتییەکانیشەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، چونکە تائێستا هیچ پەرلەمانتارێک زانیاریی لەبارەی ئەو وردەکارییو بەڵگانەوە نەبووە، بەڵام وتەبێژی حکومەت دان بەوەدا نانێت کە ئەو بەڵگەنامانە بدەنە پەرلەمان.

ئارام قادر ئاماژە بەوەدەکات: کە حکومەت بڕیاری لەو شێوەیەی داوەو وتی: «بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کە هەموو بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مەسەلەی نەوت بخرێتە بەردەم پەرلەمانتاران، جگە لەوە بڕیاردان بە جێبەجێکردنی یاسای نەوتو غاز واتە بڕیاردان لەسەر هەموو شتێک، چونکە لەو یاسایەدا هاتووە: کە پاڵاوگەکان دەبێت مۆڵەتی یاساییان هەبێت، لە مادەیەکی تردا هاتووە: کە داهاتی نەوت ملکەچ بێت بۆ بەدوابەدواداچوونی پەرلەمان لە ئێستاو داهاتوودا».

سۆزان شەهاب، لەوبارەیەوە دەڵێت: «حکومەت ئەو ئامادەییەی دەربڕیوە بۆ خستنەڕووی بەڵگەکان بۆ پەرلەمان، بڕیارە لە دانیشتنەکانی داهاتووشدا داهاتی شیرینی نەوت روونبکرێتەوە بۆئەوەی پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بکات».

هەروەک هاژە سلێمان، سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادییو عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەڵێت: «وەزیری سامانەسروشتییەکانی هەرێم رایگەیاندووە؛ لەمەودوا هەموو مانگێک راپۆتی خۆیان بۆ ناردنەدەرەوەی نەوتو موشتەقاتەکانی دەبەینە ئەنجومەنی وەزیران، ئێمەش دەتوانین ئەو راپۆرتانە وەربگرینو بەدواداچوونی بۆ بکەین».

د.ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی، پێیوایە: «هێشتا ماوە روونکردنەوەی زیاتر بدرێتو پەرلەمان دڵنیا بکرێتەوە لەوەی کە فیعلەن هیچ بەرهەمێکی نەوت بە قاچاخ ناڕواتە دەرەوە، بەڵکو بەڕێی رەسمیی دەڕواتو داهاتەکەشی دەچێتە ئەو حساباتەی خۆیان، دەڵێن بەبێ ئاگاداریی پەرلەمان دەستکاریی ئەو پارەیە ناکرێت».

د. کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەدا سەبارەت بەوەی ئایا حکومەت ئامادەیە بەڵگەنامەکانی تایبەت بە پرسی نەوت بۆ پەرلەمان ئاشکرا بکات، وتی: «کۆبوونەوەیەک کراوە لەنێوان وەزیری سامانە سروشتییەکانو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، حەتمەن تێیدا هەندێک شت باسکراوەو فراکسیۆنەکانیش هەر پرسیارێکیان هەبووبێت توانیویانە ئاراستەی بکەن»، رۆژنامە جەختی لەوە کردەوە، کە ئایا حکومەت ئامادەیە بەڵگەنامەکان لە چۆنێتی گرێبەستەکانو چۆنێتی فرۆشتنو داهاتەکانی نەوت بداتە پەرلەمان، بەڵام وتەبێژی حکومەت وتی: «پەرلەمان داوای چی بکات، حکومەت هاوکاری دەکات، چونکە دوو دەزگای تەواوکەری یەکترنو هەماهەنگی هەیە لەنێوانیاندا، پەرلەمان مافی خۆیەتی بەدواداچوون یان پرسیارو داوای روونکردنەوە لە هەموو وەزیرێک بکاتو ئەو وەزیرەش بەپێی ئەو ئسوڵەی هەیە روونکردنەوەی پێویست پێشکەش بکات»، وتیشی: «باسی بەڵگەنامە ناکەم، بەڵام هەر پرسیارێک پەرلەمان هەیبێت دەتوانێت ئاراستەی حکومەتی بکات، پەرلەمان مافی خۆیەتی پرسیار ئاراستەی هەر وەزیرێک بکات، کە ئایا بە نووسین وەڵامی بداتەوە، یان بانگهێشتی پەرلەمانی بکات، ئەوە مافی پەرلەمانە».

---

# پرسی یەکنەگرتنەوەی دەزگا هەستیارەکانی دوو ئیدارەیی دەوروژێنرێت

## وتەبێژی حکومەتی هەرێم: هیچ بەرەوپێشچوونێکی تازە لەو مەسەلەیەدا نییە

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

**پەرلەمانتارێکی گۆڕان، سێ پرسیار ئاراستەی سەرۆکی حکومەت دەکاتو تێیدا داوادەکات کە هۆکاری یەکنەگرتنەوەی (دیوانی چاودێریی دارایی، دەزگاکانی ئاسایش، دەزگای گشتیی کاروباری مین) بۆ پەرلەمانو رای گشتی روونبکاتەوە، وتەبێژی حکومەتی هەرێمیش، ئاماژە بەوەدەکات: هیچ بەرەوپێشچوونێکی تازە لەو مەسەلەیەدا نییە.**

نزیکەی سێ ساڵو نیوە کە یاسای دەزگای کاروباری مین دەرچووەو هاوکات، نزیکەی دوو ساڵ زیاترە کە یاسای دیوانی چاودێریی دارایی دەرچووە، بەڵام تا ئێستا ئەو دەزگایانە لە هەولێرو سلێمانی وەک دوو دەزگای جیاواز کاردەکەنو یەکیاننەگرتووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بەپێی یاسای بودجەی(٢٠١٠)، دەبوو تا کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، هەردوو دەزگاکەو دەزگای ئاسایش یەکبگرنەوەو بودجەکانیان یەکبخرێت، بەڵام ئەوە دوو مانگ بەسەر وادەی یاساییاندا تێپەڕدەبێت، ئەو یەکگرتنەوەیە رووی نەداوە.

هەربۆیە، پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، سێ پرسیاری ئاراستەی سەرۆکی حکومەت کردووەو تێیدا داوای روونکردنەوە سەبارەت بە یەکنەخستنەوەی ئەو دەزگایانە لە د. بەرهەم ساڵح دەکات.

کوێستان محەمەد، بە رۆژنامەی وت: «هەفتەی رابردوو، پرسیارەکانم دا بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانو ئەوانیش دوای کاروباری یاسایی، ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی دەکەن، کە دەبێت لە ماوەی پانزە رۆژدا وەڵام بداتەوە، لەحاڵەتێکدا ئەگەر وەڵامی نەدایەوە، یان وەڵامەکەی باوەڕپێهێنەر نەبوو، ئەوکاتە من هەموو هەوڵێکی خۆم دەخەمەگەڕ تا بە رێگەی یاساییو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بانگهێشتی حکومەت بکەین، بۆئەوەی لە پەرلەمان ئەو پرسیارانە وەڵام بداتەوە».

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیانەوە لە پەرلەمان، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد سەبارەت بە بەدواداچوونی هەردوو یاسای دەزگای مینو چاودێریی دارایی، کە تا ئێستا کاری پێنەکراوە، کوێستان محەمەد لەوبارەیەوە، وتی: «سەرۆکی پەرلەمان پێی راگەیاندین، کە یەکێک لەو کارانەی ئیشی جدیی بۆ دەکات، یەکگرتنەوەی ئەو دوو دەزگایە دەبێتو بە یەکێک لە مەسەلە چارەنووسسازەکانی دەزانێت، بۆیە ئەگەر ئەو پشتیوانییەی سەرۆکی پەرلەمانمان لەگەڵدابێت، ئەوا لە یەکگرتنەوەکە بێهیوا نابین».

سەبارەت بە ئاگاداربوونی لیژنەی دارایی پەرلەمان لە مەسەلەی یەکگرتنەوەی دەزگاکانی چاودێریی دارایی، د.دلێر ئەحمەد ئەندامی لیژنەکە بۆ رۆژنامە، وتی: «ئەوە مادەیەکی یاسای بودجەی (٢٠١٠)یە کە بە زۆرینەی دەنگ لە پەرلەمان پەسەندکراوە، هەربۆیە دەبێت سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بکات، بۆیە دەکرێت لیژنەی دارایی کۆبوونەوەی خۆی لەبارەیەوە ئەنجامبدات».

لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێیەکانی پەرلەمانیش، سەبارەت بەیەکنەخستنەوەی دەزگای ئاسایش، یاداشتێکیان بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەرزکردووەتەوە.

سەمیر سەلیم، ئەندامی ئەو لیژنە پەرلەمانییە، لەوبارەیەوە رایگەیاند: «داوامانکردووە کە پەرلەمان لێپێچینەوەی ئاساییو ئسوڵی خۆی بکات، چونکە ئەوە دوومانگ بەسەر وادەی یاساییاندا تێپەڕیوە».

بەڵام، د. کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێم، ئاماژە بەوەدەکات: هیچ بەرەوپێشچوونێکی تازە لەو مەسەلەیەدا نییە، وتیشی: «بۆ یەکگرتنەوەی ئاسایش، پرسیار لە وەزارەتی ناوخۆ بکەن»، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا، جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، ئاماژەی بەوەکردووە کە یەکگرتنەوە، یان یەکنەگرتنەوەی دەزگاکانی ئاسایش، هیچ پەیوەندییەکی بە وەزارەتی ناوخۆوە نییە.

هەربۆیە بە بڕوای کوێستان محەمەد، یەکنەگرتنەوەی ئەو سێ دەزگایە «هۆکاری سیاسییان لەپشتەوەیەو یەکێتیو پارتی لەسەر دانانی بەرپرسی ئەو دەزگایانە رێکناکەون».

"

کوێستان محەمەد:
یەکێتیو پارتی لەسەر دانانی بەرپرسی ئەو دەزگایانە ڕێکناکەون

"



## سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتیی:

# لێکۆڵینەوە لە ناردنە دەرەوەی نەوت دەکەین



سازدانی: ئەلەند مەحوی

**سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتیی لە سلێمانی جەختی لەوە دەکاتەوە کە داواکاری گشتیی بەدواداچوون بۆ کێشەی ناردنەدەرەوەی نەوت دەکاتو دەڵێت: بەدڵنیاییەوە بەدواداچوون دەکەین، چونکە نەوت سامانی دەوڵەتە. ناز نوری عارف، سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتیی لە سلێمانی، لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا باس لە ڕۆڵی داواکاری گشتیی دەکاتو ڕەتیشی ناکاتەوە کە داواکاری گشتیی لە ئاست تموحی خۆیاندا نەبووە.**

**ڕۆژنامە: هەفتەیەک لەمەوبەر داواکارانی گشتیی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، داواکاریتان چی بوو لە سەرۆکی هەرێم؟**

* داواکـاریـمـان لە سـەرۆکـی هەرێم ئەوەبوو، کە داواکاری گشتیی کاراتربێتو زیـاتـر بـەرەوپـێـش بـڕواتو دەسـەڵاتـی فراوانتربێت، ئەگەرچی ئێستاش دەسەڵاتمان هەیە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت زیاتر ڕێگە بگرین لە گەندەڵییو بەفیڕۆدانیماڵی دەوڵەت.

**ڕۆژنامە: ئەو ڕێگرییانە چی بووە کە تائێستا نەیهێشتووە ڕێگە لە هەموو گەندەڵییەک بگرن؟**

* لەڕابردوودا ئێمە لەژێر ڕکێفی ڕژێمی بەعسدا بووین، دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقیش یاسای داواکـاری گشتیی وەکو خـۆی مـایـەوە، چونکە کاتی خـۆی ڕژێم نەیویستووە داواکـاری گشتیی جیهازێکی کارابێت، چونکە لە هەموو وڵاتێکدا ئەگەر داواکاری گشتیی کارابێت زۆربەی کارەکان دەکەوێتە ژێر دەستی داواکاری گشتییەوە، لەسەردەمی حکومەتی هەرێمیشدا ئێمە ناتوانین بەو ماوە کەمە بازێکی گەورە بدەین، هەرچەندە گۆڕانکاریشمان کردووە، بەڵام داواکاری گشتیی پێش ئەمڕۆش ڕۆڵی خۆی هەبووە، داواکـاری گشتیی ڕۆڵـی هەبووە لە دادگـای لێکۆڵینەوەو دادگـای کەتنو تاوانەکانو دادگای بەرایی بۆ گەڕانەوەی پارەی دەوڵەت، ئەم دادگایانە بەبێ ئامادەیی داواکاری گشتیی هیچیان پێکنایەن، داواکاری گشتیی لە زیندانەکاندا ڕۆڵی زۆرەو دەتوانێت بەندکراوێک بێنێتە دەرەوە، کە بە فەرمانی دادوەر نەگیرابێت، بەڵام ئەوەی ئێستا زیاتر دەبینرێت ئەو بەدواداچوونانەیە، کە داواکاری گشتیی بۆ ئـەو ڕاپـۆرتـانـەی دەکـات، کە ڕۆژنامەکان لەسەر گەندەڵیی بڵاویدەکەنەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئێمە وەکو داواکاری گشتیی داوامانکردووە سوڵتەی لێکۆڵینەوە بدرێتە دەست داواکاری گشتیی، تا بتوانین زیاتر کارەکانمان بەڕێوەببەین، یاخود ئەگەر بێتو ژمارەمان زیاتربێت، دەتوانین ژمارەی لیژنەکانمان زیاتر بکەین، ئەمەش هاندەردەبێت بۆ ئەوەی زیاتر بەدواداچوون بکەین بۆ موڵکو ماڵی دەوڵەت.

**ڕۆژنامە: لەڕابردوودا داواکـاری گشتیی هەندێک کەیسی جوڵاندووە، بەڵام دواتر بێدەنگیی لێکراوە؟**

* تۆ ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەکەت دەیـوروژێـنـیـت، ئێمە بـەدوو شێوە بەدواداچوونی بۆ دەکەین، شێوەیەکیان بەدواداچوونە تا بەڵگەمان دەستدەکەوێت، شێوەی دووەمیان کە بەڵگە هەبوو سکاڵا دەجوڵێنین، ئەوکاتە کە سکاڵا تۆمارکرا کەیسەکە دەچێتە دادگـا، دادگـاش یان بانگهێشتی تۆمەتبار دەکات، یان فەرمانی گرتنی بۆ دەردەکات، ئەوەش دەکەوێتە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە تا چەند تۆمەتبار دەباتە بەردەم دادگا، بۆ نموونە کاتێک من لە ئاسایش بووم کەیسی پرۆژەی ئاوی کڵێسەی کۆیە هەبوو، کە من پێش سێ ساڵ سکاڵام لەسەری جووڵاند وەکو داواکاری گشتیی، بەڵام هەر ئەو کێشەیە ئەمڕۆ هاتووەتە بەردەم دادگا، کەواتە ئێمە بەدواداچوون دەکەین، بەڵام بەوشێوە خێرایە ناڕوات کە ڕاگەیاندن دەیەوێت، یان داواکـاری گشتیی دەیەوێت، بەڵام هێنانی شەخسێکی دیاریکراو وەکو ئەوەی تۆ باسی دەکەیت، ئەوە لە دەسەڵاتی داواکاری گشتییدا نییە.

**ڕۆژنامە: خەڵک دەپرسێت بۆچی داواکاری گشتیی کەیسی بچووک دەجووڵێنێت، بەڵام لە ناردنەدەرەوەی داهاتی نەوت بێدەنگە؟**

* هەرچەندە ئەوە ئیشی داواکاری گشتیی نییە، بەڵام بەدواداچوونمان بۆ ناردنەدەرەوەی نـەوت کـردووە، ئـەوە سامانی دەوڵـەتـە، مەرجیش نییە هەرچی لە ڕاگەیاندن دەوترێت ڕاست بێت، ئەگەر لە حاڵەتێکدا ڕاستیش بێت ئێمە سکاڵا دەجووڵێنین، ئەوکاتە کەیسەکە دەچێتە بەردەم دادگا، واتە تۆپەکە دەچێتە یاریگای دادگا، هەرچەندە ئێمە نوێنەریشمان هەیە لە دادگای لێکۆڵینەوە، بەڵام ڕەنگە بە ساڵێکو دوو ساڵیش نەکرێت.

**ڕۆژنامە: ئەی بۆچی لە کەیسی سووتانی هۆتێل سۆمادا زوو بە ئەنجام گەیشتن؟**

* ئێمە کەیسمان زۆر جووڵاندووە، بەڵام ئێمە کە ئیش دەکەین بۆ ڕاگەیاندن کەیس ناجووڵێنین، بەپێی یاساش کەس تاوانبار نییە تا تاوانەکەی بەسەردا ساغنەبێتەوە، من چۆن کەسێک دەستگیر بکەمو بیدەم بەڕاگەیاندنو تەشهیری پێبکەم، لەدوایشدا بێتاوان دەربچێت، کاتێک لە ڕاگەیاندن بڵاویدەکەمەوە، کە بە بەڵگەوە بیسەلمێنم ئەو کەسە تۆمەتبارە بە دزیی، یان گەندەڵیی یان هەر تاوانێکی تر.

ئێمە کەیسمان زۆر جـووڵانـدووەو بەتەماین لە ماوەیەکی تردا ژمـارەی ئەو کەیسانە بڵاوبکەینەوە، کە داواکاری گشتیی جووڵاندوویەتی، لەسەر فەرمانگەکانی حکومەت بێت، یان لەسەر هەر لایەنێکی تر، هەروەها ئێمە ئێستا لەگەڵ چاودێری دارایی هەماهەنگیمان هەیەو سکاڵامان لەسەر زۆربەی ڕاپۆرتەکانیان جووڵاندووەو هەر کەیسێکیش ماڵی دەوڵەتی تێدا بخورێت ئاگادارمان دەکەنەوە، جگە لەمەش ئێمە لە هەموو لیژنەیەکدا ئەندامین، کە لێپێچینەوە دەکات لە فەرمانگەکانی دەوڵەت، سەرپەرشتی ئەو لیژنانەمان کردووەو ئەگەر کەسێک تیایدا تۆمەتبار بووبێت داوامانکردووە بدرێتە دادگا، بەڕاستی ئێمە کەیسی زۆرمان جووڵاندووە، بـەڵام وەکو سەربازی ون کەس پێمان نازانێت، لە ئاست تموحی خۆشماندا نییە.

**ڕۆژنـامـە: ئێوە تا چەند لێپرسینەوە لە جێبەجێنەکرنی یاساکان دەکـەن، بۆ نموونە یاسای ڕۆژنامەگەریی کە پەرلەمان دەریـکـردووەو سەرۆکی هەرێم ئیمزای کردووە، هەندێک لایەن پێوەی پابەند نابنو بەپێی یاسای سزادانی عێراقی سکاڵا لەسەر ڕۆژنامەنووسان تۆمار دەکەن؟**

* ئێمە داوامـانـکـردووە ئـەو بڕیارو یاسایانەی کە لە پەرلەمان دەردەچێت پێشتر پرس بە داواکاری گشتیی بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین ڕەخنەو ڕاوبۆچوونمان لەسەری هەبێت، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو یاسایانە بین، ئەو بڕیارو یاسایانەش کە پێشتر دەرچـوون هەندێکیمان بەدڵ نییەو دەبێت کار بۆ گۆڕینیان بکەین، ئەو حاڵەتەش تۆ باسی دەکەیت، ئەوکاتە بڕیاری لێدەدەین کە کەیسەکە دێتە بەردەستمانو یاسا بۆی دیاریکردووین.

**ڕۆژنامە: لە دیدارەکەتان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم جەختتان لە یاسایەکی نـوێ بۆ داواکاری گشتیی کردەوە، ئەمە لەکاتێکدابوو کە فراکسیۆنی کوردستانیی لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیاسایەکی فراکسیۆنی گۆڕانی سەبارەت بە داواکاری گشتیی ڕەتکردەوە؟**

* کاتێک کاک فاروق جەمیل، وەزیری داد بوو، ئێمە داوای یاسایەکی نوێمان کردو پڕۆژەمان پێشکەشکرد، بـەڵام ئەو کاتە پڕۆژەکە نێردرابوو بۆ ئەنجومەنی شووڕای دەوڵەت، بەڵام دیارە نەدراوە بە پەرلەمان، چەندینجاریش داوای گۆڕینی یاساکەمان کردووە.

## «دەسەڵات لە ترسی دۆڕان، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دواخستووە»

# دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، زیانی (٧٤)ملیار دینار لە هەرێم دەدات

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

به بڕوای پەرلەمانتارانو یاساناسان، هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن دەسەڵاتەوە، ترسە لە لەدەستدانی دەســەڵات، کە ئەمەش زیان بە پـرۆسـەی دیموکراسی دەگەیەنێتو چەندین کێشەی ئیدارییو دارایيو یاسایی لەکوردستاندا دروستدەکات، ئەمە جگەلەوەی کە دواخستنی ئەو هەڵبژاردنە بۆ ساڵی داهاتوو، زیانی (٧٤)ملیار دینار لە هەرێم دەدات.

بەپێی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە لە ساڵی (٢٠٠٩)دا لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان لە کاری خۆیان بــەردەوام دەبـن تا هەڵبژاردنی داهاتوو، بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیـران، ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دیاریدەکرێت، بەڵام بە بڕوای پەرلەمانتارێکی کوردستان، ناکرێت لەوە زیاتر هەڵبژاردنەکە دوابخرێتو ئەو وادەیە بەکراوەیی وەک لەیاساکەدا هاتووە، بهێڵرێتەوە.

د. ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: « دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، چەندین گرفت دروستدەکات، نموونەشی بەو کێشەیە هێنایەوە کە لەئێستادا لەنێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو پارێزگاردا هەیەو چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو چەندین کێشەی تریش کە لەئێستادا لـەبـەردەم کـاری ئـەو ئەنجومەنانەدان، بەهەڵبژاردنەوەیان کۆتاییان دێت».

هەربۆیە د. ئەحمەد وەرتی، بەپێویستی زانـی کە چیتر حکومەت ئـەو پرۆسەیە دوانەخاتو بە ئەرکی پەرلەمانیشی زانی کە بەدواداچوونی پێویست بۆ ئەو مەسەلەیە بکـات، «دەبـێـت حکومەت هۆکارەکانی دواخستنی هەڵبژاردنەکە ڕوونبکاتەوە، تا پەرلەمانیش قسەی خۆی هەبێتو چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، چونکە نابێت لەوە زیاتر ئەو پرسە بە هەڵپەسێردراویی بهێڵرێتەوە».

هــەرســێ ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان، ساڵی پارو لە کاتی بەسەرچوونی وادەی یاسایی کارکردنیاندا، یاداشتیان بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیـران بەرزکردەوەو داوای هەڵبژاردنیان لە وادەی یاسایی خۆیدا لێکرد، بەڵام تا ئێستا ئەنجومەنی وەزیران ئەو داوایانەی بەجێنەهێناون.

فەرهاد مەلا ساڵح، ئەندامی ئەنجومەنی پـارێـزگـای هـەولـێـر، لـەوبـارەیـەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە بەپێویستمان زانی کە هەڵبژاردن لەوادەی یاسایی خۆیدا ئەنجامبدرێتو ئێستاش پێمانوایە کە نابێت لەوە زیاتر دوابخرێت، چونکە تەنیا هەڵبژاردن لەو قەیرانانە ڕزگارمان دەکات، کە ئەنجومەنەکانی پێدا تێدەپەڕێت»، بەڵام بە بڕوای ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر: «لە ڕووی ئەمنیو کۆمەڵایەتیو دەستووریيو یاساییەوە، هیچ ڕێگرێک نییە بۆ ئەنجامدانەوەی ئەو هەڵبژاردنە، بەڵام دەســەڵات بەهۆکاری سیاسیی، نایەوێت ئەنجامی بدات».

لەمانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یاداشتنامەیەکی ئاراستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کرد، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێوشوێنی یاسایی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە، بەڵام تا ئێستا لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئەو ڕێوشوێنە پێویستەی دەستنیشاننەکردووە.

ئەحمەد عەلی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، جەختی لەوە کردەوە کە تائێستا وەڵامی یاداشتەکەیان نـەدراوەتـەوە، وتیشی: «ڕەنگە بەمزووانە ڕێوشوێنی تر بۆ ئەو مەبەستە بگرینەبەر، چونکە ناکرێت چیتر ئـەو هەڵبژاردنە دوابخرێت».

لە وڵاتانی دیموکراسیدا، هەڵبژاردنەکان پێشدەخرێت، بەڵام لەکوردستاندا زۆربەی هەڵبژاردنەکان دوادەکــەون بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی، کە ئەمەش زیان بەپرۆسەی دیموکراسی دەگەیەنێت لە هەرێم.

یوسف محەمەد، شـــارەزای یاسای دەستووریی، پێیوایە: دواکەوتنی بەردەوامی هەڵبژاردنەکان لەکوردستان، ئەو ئینتیباعە دەدات کە پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستان لەپاشەکشێدایە لەچاو ئەو پرۆسەیە لەعێراقدا، کە «ئەمە بەدڵنیاییەوە، لە ڕووی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمانو هەماهەنگیکردنمان لەگەڵ بەغدا، بەزیانمان دەشکێتەوە».

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا، عەلی قـادر سـەرۆکـی دەسـتـەی گشتیی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بـەوەدەکـات: بۆ سـاڵـی(٢٠١٠)، بڕی (٧٤) ملیار دینار تەرخانکراوە لە بودجەی گشتیی هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، ئەگەر هەڵبژاردنێک ئەنجامبدات، گرنگ نییە هەڵبژاردنی چییە، ئەگەربێتو ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامبدرێت، ئەوا پارەکە بۆ هەرێم دەبێت، ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام نەدات، ئەوا پارەکە بۆ عێراق ڕەتدەکرێتەوە.

هەربۆیە، بە بـڕوای ئەو مامۆستایەی زانکۆ، دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، زیانی گەورەی مادیی لەهەرێم دەدات، هـەروەک وتـی: «ئەگەر لەمساڵدا ئەو هەڵبژاردنە نەکرێت، ئەوا ئەو بودجەیە دەگـەڕێـتـەوە بۆ بەغداو دەبێت لەساڵی داهاتوودا لەسەر بودجەی (١٧٪)ی هەرێم ئەنجامبدرێت، کە ئەمەش زیانی (٧٤)ملیار دینار لە هەرێم دەدات».

ئەمە جگە لـەوەی کە یوسف محەمەد، زیانی ئیدارییش لە دواخستنی ئەو هەڵبژاردنە دەبینێتەوە، «ئەنجومەنی پارێزگاکان، ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی خزمەتگوزارییان پێشکەش بە پارێزگاکانی خۆیان کردووە، کە وەزارەتەکانیش ئەوەندە خزمەتگوزارییان پێ نەکراوە، هەربۆیە دواخستنی ئەو هەڵبژاردنە، زیـان لە پـرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش دەدات».

لە زۆربـەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، هەڵبژاردن بۆ شەرعییەت تازەکردنەوەیە بە دەسەڵاتی سیاسیی، نەک بۆ چەسپاندنی دیموکراسی، کە بە بڕوای ئەو یاساناسە، لە کوردستانیش هەمان ئەزموون دووبارە دەکرێتەوەو هـەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بۆ وەرگرتنەوەی شەرعییەت لە هاوڵاتییان، هەڵبژاردن ئەنجامدەدەن، «بەڵام لەئێستادا خۆیان لەو هەڵبژاردنە دەدزنەوە، چونکە ڕەنگە یەکێک لە حیزبە باڵا دەستەکان، زەمانەتی بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی لەدەستدا نەبێتو دەترسێت لەوەی کە گرووپەکەی بەرامبەری، یان ئۆپۆزسیۆن، سەرکەوتن بەدەستبهێنێت».



د.بورهان یاسین: دەیان هەزار کەس بە نابەدڵییو بەزۆر دەکرێن بە حیزبیی 8

## پرۆژەیاسای بێلایەنکردنی هێزی چەکدارو بودجەی حیزبەکان پشتگوێ دەخرێت

# لەم خولەی پەرلەمانیشدا زۆر پرۆژەیاسای گرنگ باسیان لێوەناکرێت

راپۆرتی: چاوان عەلی

(٤٢) پـرۆژەیـاسـا چـاوەڕوانـی دەستپێکردنەوەی خولی نوێی پەرلەمانن تا خوێندنەوەی دووەمیان بۆ بکرێتو پەسەندبکرێن، کە ئەگەر بەپێی ریزبەندییەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بێت، زۆرێک پرۆژەیاسای گرنگ هەن لەم خولەشدا باسیان لێوەناکرێت.

بەر لە دەستپێکردنەوەی خولی نوێ (٩/١، پەرلەمان کۆتایی بە پشووە دوو مانگییەکەی دێنێت)، سەرۆکایەتی پەرلەمان (١٦) پرۆژەیاسای پێشکەشی لیژنەی یاسایی کردووە لە جۆری پرۆژەیاساکانی (زانکۆ ئەهلییەکان، یەکخستنی کەمئەندامان، سندووقی پاڵپشتی گەنجانو پشتگیریی هاوسەرگیریی...هتد)، کە پێدەچێت ئەوانە ئەولەویەتیان هەبێت بۆ پەسەندکردن لەم خولەدا، بەڵام فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەڵێن زۆر پرۆژەی گرنگو هەستیار هەن کە نەخراونەتە ئەو ریزبەندییەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، کە رەوانەی لیژنەی یاسایی کردوون.

د.جەعفەر عەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان، بە گرنگی زانی کە پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکانو بێلایەنکردنی هێزی چەکدار لە کوردستان، لە ئەولەویەتی کاری ئەم خولەی پەرلەمان بنو چیتر رێگە نەدرێت سەرۆکایەتی پەرلەمان یاریی بە کاتەوە بکات، چونکە وەک ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت: «پرۆژەیاسای بێلایەنکردنی هێزی چەکدار پەیوەندیی بە ئایندەی کوردستانەوە هەیەو هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ گۆڕینی هێز لە هێزی حیزبیو سیاسییەوە بۆ هێزی نیشتمانیی، ئەگەر نا دەبێت لە هەموو کاتێکدا ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی جەنگدا بین، چونکە ئەو دوو هێزەی دەسەڵات هەریەک بەجیا هێزی دژەتیرۆرو دەزگای پاراستنو چەندین جۆر هێزی چەکداری تایبەت بە خۆیان هەیە، کە گرنگە ئەمانە نەهێڵرێنو بکرێتە یەک هێزی یەکگرتووی نیشتمانیو ئەمەش بە یاسا رێکبخرێت.

پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکانیش کە نەخراوەتە چوارچێوەی ریزبەندییەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، بە گرنگ وەسفدەکرێت، کە وەک د.ئەحمەد وەرتی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی، دەڵێت: «ئەم پرۆژەیە زۆر گرنگە، بەڵام هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بەر لەم پرۆژەیاسایانە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرابوو، نەخراوەتە ئەو ریزبەندییەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، ئەوەش هۆکارەکەی حکومەتە، چونکە (٩) مانگ لەلای خۆی گلیدایەوە، بێئەوەی یەک گۆڕانکاریی تێدا بکات، کاتێکیش رەوانەی پەرلەمانی کردەوە، ئەم ریزبەندییەی سەرۆکایەتی ئامادە کرابوو».

د.ئەحمەد وەرتی جەختیش لەسەر گرنگی گفتوگۆکردنی بەپەلە لەسەر ئەم پرۆژەیاسایە دەکاتەوە، بەرلە پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١١)، تا وەکو ئەم دابەشکردنەی ئێستا بەشێوەی «هەڕەمەکی» بودجەی حیزبەکان دابەشنەکرێت.

دۆخی نوێی پەرلەمانی کوردستان، کە ئۆپۆزسیۆن پێکهاتەیەکی گرنگو سەرەکییەتی، بووەتە هۆی دروستبوونی ململانێ لەسەر پێشخستنی ئەو پرۆژەیاسایانەی لەلایەن لیستەکانەوە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێن.

دڵشاد شەهاب، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی، پێیوایە: پرۆژەیاسای پێکهێنانی دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە هەرە پرۆژە گرنگەکانە، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەرێوەیە، بەڵکو وەک ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت: «پێکهێنانی دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە بەشێکی گرنگ لە سەروەریی هەرێم دەزانم، لە دەستووریشدا وەک دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێم رێگەپێدراوە».

ئەو پەرلەمانتارە پرۆژەیاساکانی زانکۆ ئەهلییەکان، یەکخستنی کەمئەندامان، سندووقی پاڵپشتیی گەنجانو پشتگیریی هاوسەرگیرییو زیادکردنی مووچەی ئاسایشو پێشمەرگەو چەندین فیئەی دیکە بە گرنگ دەزانێت، بەڵام ئاماژە بەوەش دەکات: بەشێکی ئەو پرۆژانەکە پابەندبوونی داراییان تێدایەو پەیوەستبوونی دارایی بەردەوام دەخاتە ملی حکومەت، بۆیە دەبێت دیراسەی باش بکرێتو بزانرێت تاچەند پێویستنو ئایا حکومەت توانای بەرگەگرتنی ئەم هەموو خەرجییەی هەیە؟.

لەلایەکی دیکەوە هاژە سلێمان، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی ئازادییو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، جەختی لەسەر گرنگیی پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی خێزان کردەوە، کە وەک پەرلەمانتارێک لە هەموو پرۆژەکانی دیکە بە گرنگتری دەزانێت، چونکە پەیوەندیی بە ژیانی کۆمەڵایەتی خێزانەوە هەیە.

پرۆژەیاسای توندوتیژیی دژی خێزان، زۆرێک لە پەرلەمانتاران لەسەری کۆکن، بەوەی پرۆژەیاسایەکی گرنگەو پێویستە ئەولەویەتی کاری پەرلەمان بێت، ئارام قادر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی، لەگەڵ ئەوەی پرۆژەیاسای توندوتیژیی دژی خێزان بە پرۆژەیەکی زۆر گرنگ وەسف دەکات، پێشیوایە: پرۆژەیاساکانی پێکهێنانی دەستەی نەزاهە، رێکخستنی خۆپیشاندان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پرۆژەیاسای بودجەی حیزبو رێکخراوەکان، جەژنی ئێزدی، راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی، پرۆژەکانی گەنجان ئەولەویەتیان هەیە، چونکە پەیوەندییان هەیە بە چینو توێژەکانی کۆمەڵەوە.

پرۆژەیاسای پێکهێنانی دەستەی نەزاهەو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان، دوو پرۆژەیاسان کە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئەولەویەتیان پێبەخشراوەو پەرلەمانتارانیش بە گرنگیان دەزانن، بەڵام بە وتەی گۆران ئازاد، کە هاوکات ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیشە، هەرچەندە سەرۆکایەتی پەرلەمان ریزبەندییەکی بۆ پرۆژەیاساکان کردووە، بەڵام پێناچێت بتوانین بەو بەرنامەیە پابەندبین، چونکە تائێستا راپۆرتی لیژنەی نەزاهە ئامادەنەبووەو سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە دەرەوەیە، ئەمە جگە لەوەی تائێستا راپۆرت لەسەر پرۆژەیاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئامادە نییەو چاوەڕوانی شاندی کۆمسیۆنی بەغداینو تا ئەوان نەیەن، پێناچێت بتوانرێت قسەیان لەبارەوە بکرێتو بۆ ئەم هەفتەیەش ئامادە نابێت.

ژمارەیەک پرۆژەیاسا لە ریزبەندییەکەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا هەن، کە لەم خولەدا پێویستە پەسەندبکرێنو وەک پەرلەمانتاران ئاماژەیان پێکرد، لەگەڵ ئەوەی پرۆژەیاسای گرنگن، بەڵام کەموکوڕییان تێدایەو ناتوانرێت گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێتو دوادەکەون، لە هەمانکاتدا زۆرێک پرۆژەیاسای گرنگ هەن کە نەخراونەتە ریزبەندییەکەو چانسی پەسەندکردنیان لەم خولەشدا لەدەستدەدەن، بەڵام پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان جەختی کردەوە، کە پێویستە لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان هەوڵەکان بخەینەگەڕ تا ئەم پرۆژەیاسایانە، بەتایبەت پێکهێنانی هێزی نیشتمانیی لە کوردستان بکرێتە ئەولەویەتی کاری ئەم خولەی پەرلەمان، ئەمەشی بە ئەرکی گشت هێزە سیاسییەکان زانیو وتی: «ئەرکی هەمووانە، چونکە بەرلەوەی لە بەرژەوەندیی هێزی ئۆپۆزسیۆن بێت، لە بەرژەوەندیی هێزی دەسەڵاتەو هێنانەدی بەڵێنەکانیانە کە لە بەرنامەی کاری هەڵبژاردندا بە خەڵکی کوردستانیان دابوو، کە هێزی نیشتمانیی پێکدەهێنن.


فۆتۆ: رۆژنامە

---

# فراکسیۆنی گۆڕان، پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی، پێشکەش دەکاتەوە

## دوای ئەوەی داواکارانی گشتیی، بارزانییان بینی، پێدەچێت لەئێستادا کەشو هەوا بۆ قبوولکردنی پرۆژەکە لە ئارادا بێت

راپۆرتی: ئاوارە حەمید
چاوان عەلی

فراکسیۆنی گـۆڕان، پـرۆژەیـاسـای داواکاری گشتیی، پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی پێشتر حکومەتو پەرلەمان ئەو پرۆژەیاسایەیان رەتکردبووەوە.

لەکۆبوونەوەی نێوان لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانو وەزیری دادو ئەنجومەنی دادوەرییدا، باس لە پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی کرا لەپێناو کاراکردنیو گێڕانی رۆڵی خۆیو بۆ ئەو مەبەستەش، فراکسیۆنی گۆڕان بڕیاریداوە جارێکی دیکە پرۆژەیاسای کاراکردنی داواکاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش بکاتەوە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد: پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی، دووجار رەتکرایەوە، جارێک لەلایەن حکومەتەوەو جارێکی دیکە لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانی گۆڕانەوە دووبارە پێشکەشکرایەوە، لەگەڵ ئەوەی بیانووی یاسایی هەبوو بۆ قبوولکردنی، بەڵام دووبارە بە زۆرینەی دەنگ لە پەرلەمان رەتکرایەوە.

ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی، ئاماژەی بەوەکرد: دوای ئەوەی داواکارانی گشتیی، سەرۆکی هەرێمیان بینی، پێدەچێت لە ئێستادا کەشو هەوا بۆ قبوولکردنی پرۆژەکە لە ئارادا بێت، هەربۆیە بڕیاروایە کە پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی، رەوانەی پەرلەمان بکرێتەوە.

پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی، پێشتر لەلایەن ژمارەیەک داواکاری گشتییەوە ئاراستەی حکومەت کرابوو بۆ کاراکردنو چالاککردنی رۆڵی داواکاری گشتیی، بەڵام دوای تێپەڕبوونی دووساڵ، پرۆژەکە وەک خۆی مایەوەو دواتر داواکارانی گشتیی لەڕێی فراکسیۆنی گۆڕانەوە، ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانیان کرد.

> "
> **کاردۆ محەمەد:**
> **پێویستە پەلەبکرێت لە تەواوکردنی رێوشوێنەکانی پێکهێنانی ئەنجومەنی شورای هەرێم**
> "

بورهان رەشید، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانو ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەم پرۆژەیاسایە هی کۆمەڵێک ئەندامی داواکاری گشتییەو ماوەی دووساڵە لەلای حکومەت کەوتووەو دراوەتە ئەنجومەنی شورای هەرێم، بەڵام بەهۆی کۆنەبوونەوەی ئەنجومەنەکەوە، جێگرانی داوا کاری گشتیی، داوایان لە ئێمە کرد کە ئەم پرۆژەیاسایە پێشکەش بە پەرلەمان بکەین، ئێمەش لە مانگی (٢٠٠٩/١١) ئەم پرۆژەیاسایەمان پێشکەش بە پەرلەمان کرد، بەڵام لیژنەی یاسایی پەرلەمان بە چەند بیانوویەک پرۆژەکەی رەتکردەوە، کە بیانووەکان یاسایی نەبوون.

سەبارەت بە پرۆژەیاساکەش، وتی: «پرۆژەکە بۆئەوەیە کە داواکاری گشتیی لە رووی هەیکەلی ئیدارییو داراییو دەسەڵاتەوە سەر بەخۆ بێت کە تا ئێستا داواکاری گشتیی سەر بە وەزارەتی دادە، واتا سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، کە ئەمەش پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراقە.

بەپێی سایتی رەسمیی پەرلەمانی کوردستان، لە کۆبوونەوەکەی لیژنەی یاساییو وەزیری دادو ئەنجومەنی داد کە رۆژی (٢٦)ئەم مانگە ئەنجامدراوە، داوا لە لیژنەی یاسایی کراوە کە پەلە بکەن لە دەرکردنی یاسایەک بۆ داواکاری گشتیی، لەبەرامبەریشدا، لیژنەی یاسایی رایانگەیاندووە کە لە ماوەی رابردوودا لەسەر پێشنیازی لیژنەی یاسایی، پرۆژەیەکی داواکاری گشتیی رەتکرایەوە، ئەم پشتگوێخستنە بۆ لەکارخستنی داواکاری گشتیی نەبووە، بەڵکو بۆ دەوڵەمەندکردنی یاساکە بووە.

> "
> **بورهان رەشید:**
> **رەتکردنەوەی ئەم پرۆژەیاسایە، تەنیا لەبەر ئەوەبوو کە ئۆپۆزسیۆن پێشکەشی کردبوو، ئەگەر نا دەتوانرا دەوڵەمەند بکرایە، نەک رەتبکرێتەوە**
> "

لەبەرامبەردا بورهان رەشید، وتی: «رەتکردنەوەی ئەم پرۆژەیاسایە، تەنیا لەبەر ئەوەبوو کە ئۆپۆزسیۆن پێشکەشی کردبوو، ئەگەر نا دەتوانرا لە لیژنەکانی پەرلەمانو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەوڵەمەند بکرایە، نەک رەتبکرێتەوە».

جێبەجێکردنی یاسای لێبووردنی گشتیی، ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٧)و پێداچوونەوەو رێکخستنەوەی یاساکانی هەرێمو ئەو یاسایانەی کە بەسەرچوون، یان مۆرکی دوو ئیدارەییان پێوە دیارە، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەی وەزیری دادو ئەنجومەنی دادوەرییو لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بوو.

بە وتەی کاردۆ محەمەد: زۆرێک لەو کێشانە بە پێکهێنانو کاراکردنی ئەنجومەنی شوورا کۆتاییان دێتو بەپێویستی زانی، «پەلەبکرێت لە تەواوکردنی رێوشوێنەکانی پێکهێنانی ئەنجومەنی شورای هەرێم».



## سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان:

# تا نەگەینە ئەنجام، دەست لە دۆسیەی نەوت هەڵناگرین

سازدانی ڕۆژنامە

**عەدنان عوسمان، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئەوان سەرنجیان لەسەر کۆی پرۆسەی نەوت هەیەو پێیانوایە، چ وەک بەشێک لە پرۆسەی سیاسییو چ وەک ئۆپۆزسیۆنیش مافی خۆیانە لە وردەکارییەکانی پرۆسەی نەوت ئاگاداربنو هاوڵاتییانی لێئاگادار بکەنەوە.**

**ڕۆژنامە: مەبەستی ئێوە لە ورووژاندنی پرسی نەوت بەمجۆرەی ئێستا چی بوو؟**


*نەوت سامانێکی نیشتمانیی زۆر گرنگەو پەیوەستە بە ئایندەی وڵاتەکەوەو بە تایبەتیش پەیوەستە بە ئایندەی نەتەوەییمانەوە، چونکە نەوت تەنیا ڕەهەندێکی ئابووریی نییە، بەڵکو دەرهاویشتەی سیاسیشی هەیە، ئەم بەرهەمە کە لەژێر زەویدایە موڵکی خەڵکی کوردستانە، بۆیە پێویستە لایەنە سیاسییەکانو پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری شێوەی دەرهێنانو فرۆشتنی بن، خەڵکی کوردستانیش ئاگاداری شێوەی خەرجکردنی داهاتەکانی بێت، بۆیە ئێمە چ وەک ئۆپۆزسیۆنو چ وەک پەرلەمانتار، دەبێت ئاگاداری ئەوە بین ئەو نەوتە چۆن دەردەهێنرێت؟ بە کێ دەفرۆشرێت؟ چۆن دەفرۆشرێت؟ ئەو داهاتە چی لێدێت؟ کێ خەرجیدەکات؟، چونکە بوونی داهاتی نەوت پەیوەستە بە ژیانی خەڵکەوەو پەیوەندییەکی بە هێزی بە ژێرخانی ئابوورییەوە هەیە، وەک پەرلەمانتاریش کە نوێنەرایەتی خەڵک دەکەین بە جیا لە ئۆپۆزسیۆنو گۆڕانو لایەنەکانی تر، پەرلەمانی کوردستان مافی دەستووریيو شەرعی خۆیەتی کە ئاگاداری وردو درشتی ئەو مەسائیلانە بێت، بەتایبەت بابەتێکی گرنگی لەم چەشنە، کە مەسەلەی نەوتە.

**ڕۆژنامە: پرۆسێسی نەوت چالاکییەکی چەند برگەییە، واتە لە دەرهێنانەوە تا فرۆشتنی دەگرێتەوە کوێی پرۆسەی نەوت لای ئێوە جێگەی سەرنج و پرسیارە؟**

*هەموو پرۆسەکە...لە راستیدا یەکەمجار کە پرسی نەوت لە کوردستاندا ورووژێنرا لە چوارچێوەی گرێبەستەکاندا بوو، تا ئێستاش قسەی زۆری لەسەر دەکرێت، چونکە خولی پێشووی پەرلەمانو خولی ئێستاش زانیاریی پێویستی لە بارەی گرێبەستەکانەوە نییە، ئەو گرێبەستانە هەندێکی لە پێش دەستووری عێراقییەوە بووەو هەندێکیشی لە پێش دەرچوونی یاسای نەوتو گازی هەرێمەوە بووە، ئەمە دیوێکە کە هێشتا وەڵام نەدراوەتەوە، دیارە مەرج نییە هەموو کەسێک ئاگادار بێت، بەڵام پەرلەمانو لیژنەکانی پێویستە ئاگاداربن، چونکە ئەو گرێبەستانە درێژ مەودانو پەیوەنددارن بە نەوەکانی داهاتووەوە، بۆیە ئاگاداربوون لە ئوسوڵی گرێبەستەکان، نەک تەنیا بۆ ئێستا، بەڵکو بۆ داهاتووشمان هەر گرنگە، لە دواجاردا ئەو هێڵەی دەمانبەستێتەوە بە عێراقەوە، بە نادیاریی ماوەتەوە، هێشتا زۆر شت کێشمەکێشی لەسەرە، بە تایبەت لە ڕوونبیناو تێڕوانینی هەرێم بۆ دەستوورو بۆ مادەی (١١١و ١١٢)و مافی هەرێم لە دەرهێنانو ناردنی نەوت، لەگەڵ حکومەتی عێراقیشدا کێشمەکێشێکی زۆر هەیە، حکومەتی عێراقیی بە موتڵەقی دەڵێت؛ پرۆسەی نەوت لە هەرێمدا نایاساییە، ئێمە دەڵێین بە پشتبەستن بە دەستوور مافی خۆمانە لە بواری نەوتدا کاربکەین، بەڵام دواجار جیاوازییەکە لەسەر داهاتەکەیەتی، کە کێ مامەڵە بەو داهاتانەوە دەکات؟ ئەمانە ناتوانم بڵێم گومانە، بەڵکو پرسیارە، ئەم پرسیارانە پێویستی بەوەڵامی وردو قەناعەتپێکەرە، حکومەت کە دارێژەری سیاسەتی نەوتیی ئێمەیە، پێویستە وەڵامی وردو راستی پێبێت بۆ پەرلەمانو ئۆپۆزسیۆن، چونکە ئێمە مافی خۆمانە پرسیار بکەین، تا وەڵامیشمان دەست نەکەوێت کۆڵ نادەین.

**ڕۆژنامە: دەوترێت ئەندامانی پەرلەمان شوێنێکی تایبەتی خۆیان هەیە، کە هۆڵی پەرلەمانە، ئیتر چی پێویست دەکات ئەم مشتومرە بەرنە دەرەوە بۆ ڕاگەیاندنەکان، بۆ ئێوە لەناو پەرلەماندا ئەم شەڕەتان نەکرد؟**

* هیوادارم ئەمە پرسیاری تۆ نەبێت وەک ڕۆژنامەنووسێک، چونکە لە راستیدا ئەم پرسە دوو ئیشکالیەتی گەورەی تێدایە، یەکەمیان، تێنەگەیشتن لە ئەرکی ڕاگەیاندنو ئەو ڕایەڵە بەهێزەی لەنێوان ڕاگەیاندنو پەرلەمانتاردا هەیە، چونکە هەردووکیان ئیش دەکەن بۆ ڕای گشتیی، بۆیە پەنابردنی ئێمە بۆ ڕۆژنامەنووسانو ڕاگەیاندنەکان ئەرکێکی ئەخلاقی ئێمەیە، ئێمە دەمانەوێت حکومەتێکی شەفافو خەڵکێکی هۆشیارمان هەبێت، کە بتوانێت ئازایانەو ئازادانە بەرگریی لە مافەکانی خۆی بکات، ئەگەر خەڵکی کوردستان ئاگاداری بەرژەوەندییەکانی خۆی نەبێتو ئاگای لەوە نەبێت چی دەگوزەرێت، بەڕاستی ناتوانێت بەرگریی لەخۆی بکات، ئەوان دەبینن ڕۆژانە سەدان تانکەر نەوت دەڕواتە دەرەوە، ئەگەر نەزانن چییەو؟ بە کێو؟ بە چەند دەفرۆشرێتو؟ کێ لە پشتیەوەیەتی؟ ئەمە کێ دەیکات؟ ئەوە نابێت، بۆیە ڕۆژنامەنووس دێت ئەمە دەکات، بۆیە پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسدا پەیوەندییەکی جەدەلییەو دروستەو دەبێت بەردەوام لە پەیوەندیدا بین، ئێمە هەر پەرلەمانمان نییە، بەڵکو جێگەی تریشمان هەیە کە ناو خەڵکە، ئەوەی پەیوەندە بە پەرلەمانەوە، بەڵێ، ئێمە ئەو شەڕەمان لە پەرلەماندا کردووە، ئێمە دوو ئەندامان لە لیژنەی پیشەسازییو وزەو سامانە سروشتییەکاندان، ئەوان بەردەوام لە هەوڵی دەستکەوتنی زانیاریدانو سەردانی لایەنی بەرپرسیان کردووە، هەوڵیانداوە دۆکیۆمێنتو بەڵگەکان ببینن و لەگەڵ وەزارەتدا دانیشتنی ڕەسمیی بکەن، بەڵام بەڕاستی ئەو هەنگاوانەیان سەری نەگرتووە، بەداخەوە ئێمە زیاد لە مانگێکە لەگەڵ دوو فراکسیۆنی تردا داوای دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمانمان کرد لە پشووی پەرلەماندا بۆ ئەم پرسە، ئەمە پرسێکی گرنگە حکومەتی عێراقیو ئەمریکاییەکان لەسەر خەتن، هەموو لایەک قسەی لەسەر دەکات، بەداخەوە نەکرا، کە ئێمە وەک ئەندامێکی پەرلەمان ڕێگە یاساییو ئاساییەکان دەگرینە بەر، ئیشەکان نەڕوات، ئەوا پێویستە ڕێگەی تر بگرینە بەر، بەڵام لە کەناڵی خۆمانەوە کە پەرلەمانە هەر بەردەوامین.



"ئێمە هەرامان دروستنەکردووە قسەکردنی ئێمە لەسەر مافی خەڵکە،"

**ڕۆژنامە: کاتێک کە باس لە کەرتی نەوت دەکرێت بەشێوەیەکی گشتیی هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ نابینرێت، بەڵام کاتێک کە باس لەوە دەکرێت داهاتەکەی بۆ کوێ دەچێت، ئیتر مەسەلەکە دەبێتە مەسەلەیەکی ئەمنی قەومی، دەوترێت ئۆپۆزسیۆن ئەمنی قەومی نافامن، ئەگەر بیانفامیایە ئاوا بانکی زانیاریی نەیارانو دوژمنانی کوردیان پڕ نەدەکرد لە زانیاریی؟**

* ئەوە قسەیەکی زۆر بێبنەمایە، نازانستییو ناواقیعیشە، لەبەر ئەوەی ئێستا کوردستان بەشێکە لە عێراقو ئەو وڵاتە داخراوە نییە کە کەس ئاگای لەوردەکارییەکانی نەبێت، حکومەتی عێراقی مانگانە دەبێت ڕاپۆرتی لەلایەن هەرێمەوە بۆ بڕوات لەسەر وردو درشتی حیساباتەکان، ئێمە لە بیرمان نەچێت لە دانانی دەستووردا بەشداربووین، کۆمەڵێک بەرپرسمان هەیە لە بەغدا کە پەیوەستن بە حکومەتی عێراقەوە، ئەم نەوتەش بە کەناڵێکدا دەڕوات کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەو ئێرانیش پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حکومەتی عێراقو وەزارەتی نەوتدا هەیەو ئەگەر بیانەوێت هەموو زانیارییەک دەدەن، چونکە ئێران وڵاتێکە بەشێوەیەکی ڕێکخراو هەموو ئیشەکانی خۆی دەکات، بۆیە دەبێت وردتربین لە بەکارهێنانی دەستەواژەی ئاسایشی نەتەوەیی.

ئەمنی قەومی ئێمە لەوەدا نییە شت بشارینەوە، وا بکەین کە ئەو زانیارییانە لە ئۆپۆزسیۆن بشارینەوە، ڕاستە ئۆپۆزسیۆن ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتە، بەڵام بەشێکە لە سیستمی سیاسیی، بۆیە ئەمە تێکدانی ئەمنی قەومییە جا بەهەر بیانوویەک بێت، بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن بەرگریی لە مافەکانی هەرێم بکات، دەبێت ئاگاداری بکەیتەوە لەوەی چی ڕوودەدات، کاتێک کە ئۆپۆزسیۆن زانی ئەوە پرۆسەیەکی تەندروستەو هیچ ئیختلاسو گەندەڵییەکی تێدا نییە، ئۆپۆزسیۆن لە پێشی پێشەوەیە، ئەگەر وەک بزووتنەوەی گۆڕانیش تەماشای بکەین، زۆربەی سەرکردەکانی بەشێک بوون لەوانەی کە خەباتیان کردووە بۆ دروستکردنی ئەم سیستمە سیاسییە، بۆیە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت.

**ڕۆژنامە: تۆدەتەوێت بڵێیت؛ شاردنەوەی ئەو زانیارییانە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی دەگەیەنێت، نەک ئاشکراکردنی؟**

* ئێمە بەشداریمان کردووە لە دانانی دەستوور، کۆمەڵێک برگەی تێدایە کە مافی ئێمەی پاراستووە، ئەگەر بمانەوێت بە شاردنەوە پرۆسەیەک بەرینە پێشەوە، ئەوا ناتوانین، ئەوە تەنیا شاردنەوە دەبێت لە میللەتی خۆمان، ناتوانین لە حکومەتی عێراقی بشارینەوە، ڕاستە لە ئێستادا لێی دەشارینەوە، بەڵام بۆ سبەیو دوو سبەی کە ئاشکرا دەبێت ئەوا میللەتەکەی خۆمان باجەکەی دەدات، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە قەترە قەترەی ئەم نەوتە لە خزمەتی بووژاندنەوەی ئابووریی کوردستاندا بێت، دەمانەوێت فلس بە فلسی داهاتی ئەو نەوتە لە بەرژەوەندیی خەڵکدا خەرج بکرێت، بەڵام ئەمە دەبێت بە پرۆسەیەکی ڕێکوپێک بێت، نابێت بەدەستێک بماندەنێو بەدەستێک لێمانی وەربگرنەوە، لەگەڵ ئەوەین مافی دەرهێنانی نەوتو سوود وەرگرتنمان هەبێت لە نەوت، بەڵام دەبێت خەڵک هۆشیار بکرێنەوە لەو مافەی خۆیان.

**ڕۆژنامە: ئەگەر داهاتەکان ئاشکرا بکرانایە، ئێوە ئەو هەرایەتان لەسەر دروست نەدەکرد؟**

* ئێمە هەرامان دروستنەکردووە، ئێمە وەک بەشێک لە پرۆسەی سیاسییو وەک ئەندامانی پەرلەمان بە مافی یاسایی خۆمان دەزانین کە ئەو هەرایەی ڕاگەیاندنەکان قسەی لەسەر دەکەن، دیاردەیەو ئەو هەموو تانکەرە دەڕوات دەبێت بزانین ئەمە چییە، داوامان لە حکومەت کردووە، کە ڕوونکردنەوە بدات، بەڵام حکومەت دوای ماوەیەک لە هێنانو بردنو قسەی دژ بەیەک ئێستا خۆشبەختانە هەندێک پرۆسە هاتووەتە پێشەوە.

بۆیە قسەکردنی ئێمە قسەکردن بوو لەسەر مافی خەڵک، ئێمە هەرامان دروستنەکردووە، هەرایەک هەبووەو ڕاگەیاندنی کوردیو عێراقیو عەرەبیو بیانی قسەی لەسەر کردووەو ئێمەش ویستوومانە بزانین چییە، ئێمە کەسمان تۆمەتبار نەکردووە، ئێمە داوامان لە پەرلەمان کردووە کە بەدوای ئەم مەسەلەیەدا بچێت.

**ڕۆژنامە: لەم چەند ڕۆژەی دوایدا چەند کۆبوونەوەیەک کرا لە نێوان سەرۆکی فراکسیۆنەکانو بەرپرسانی حکومەتدا، زۆرجار دەوترێت وەڵامەکانی وەزیری سامانە سروشتییەکان وەک پێویست نینو موقنیع نین، ئایا ئەمجارەش هەروا بوو، یان دۆخەکە شتێک هاتووەتە پێش؟**

* ئیشی پەرلەمانیو دامەزراوەیی پشت بە قسەو باس نابەستێت، دانیشتنو گفتوگۆ شتێکەو پێدانی بەڵگەو زانیاریش شتێکی ترە، دانیشتن هەنگاوی یەکەمەو دروستە، کە بەداخەوە دواکەوتو دەبوایە زووتر بکرایە، ئەو کات دۆخەکە بەو جۆرەی ئێستا ئاڵۆز نەدەبوو، کەمتەرخەمییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتو پەرلەمان.

**ڕۆژنامە: ئێوە لە سەرەتاوە داواتان کرد دانیشتن بکرێت؟**

* بە دڵنیاییەوە، پێموایە ئەوە وەزیفەی سەرۆکایەتی پەرلەمانو حکومەت بوو، کە کۆبوونەوەیان ساز بکردایەو تاووتوێی ئەو مەسەلەیەیان بکردایە، دەکرێت هەندێکجاریش کۆبوونەوەی داخراو بکرێت، بۆیە قسەکە لەوە نییە کە بە قسە باوەڕمان پێبکرێت، دەبێت ئێمە ئەو زانیارییو قسانەی دەکرێت بە بەڵگەو ئامارو داتا ببینرێت.

**ڕۆژنامە: سەرەتایەک هەیەو هەوڵێک هەیە بەو ئاراستەیەی کە ئیتر لەمەودوا ئیشوکارەکان بە دۆکیۆمێنتو بەڵگە بخرێنەڕوو؟**

* خۆشبەتانە سەرۆکی حکومەت لە دوایین کۆبوونەوەدا هەموو ئامادەییەکی دەربڕی بۆ ئەوەی هەموو بەڵگەیەک کە پەرلەمانو لیژنەی تایبەت پێویستییەتی بخرێتە بەردەستیان، دەبێت واشبێت، هیچ بەرپرسو وەزیرێک بۆی نییە دۆکیۆمێنت نەداتە پەرلەمان.

"هیچ بەرپرسو وەزیرێک بۆی نییە دۆکیۆمێنت نەداتە پەرلەمان"

**ڕۆژنامە: ئێوە سیاسەتێکی نەوتیتان هەیە، واتە ئێوە لەم مەوزوعەدا دەتانەوێت بڵێن چی؟**

* لە ڕاستیدا دوو خاڵمان زۆر بەلاوە گرنگە، یەکەمیان: ئێمە جەخت لەسەر مافی خۆمان بکەین، ئێمە بەرگریی لە مافی هەرێم بکەین لە بواری نەوتدا، ئەمە تەنیا بە نەزەرییانە نا، دەبێت کۆی پرۆسێسی نەوت لە خزمەتی خەڵکدا بێت، گرێبەستەکان بەپێی بنەما جیهانییەکان بێت، لایەنە سیاسییەکانو پەرلەمان ئاگاداری بن، شێوەی دەرهێنانو پاڵاوتنو ئەو کۆمپانیایانەی کاری تێدادەکەن، نابێت حیزب لە پشتییەوە بێتو دەبێت کێبڕکێیەکی شەریفانە بێتو ناردنە دەرەوەی شەفافانە بێت، خاڵی دووەم: لای ئێمە بە ڕاستی داهاتەکەیەتی، واقیعی کوردستان ئەوەیە، کە دەیبینین، لە ڕاستیدا چاککردنی بارودۆخی کوردستان بە ئابوورییەکی بەهێز دەستپێدەکات، نەک بە خیتابی ئاگرینو هاتو هاوار.

**ڕۆژنامە: ئێمە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)مان هەیە بەناوی یاسای نەوتو گاز، سەرباری هەموو تێبینییەکان لەسەر ئەو یاسایە، بەڵام حکومەتی هەرێم خۆی کار بەو یاسایە ناکات کە خۆی بۆخۆی داتاشیوە، ئێوە ڕاتان چۆنە؟**

* لە کۆبوونەوەکانمان کە هەردوو سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکایەتی حکومەت ئامادەبوون، ئەو باسەمان وروژاند، دەوترێت ئەو یاسایە دەستکەوتێکی گەورەیەو ئێمەش لاریمان لەسەری نییە، بەڵام ئەم یاسایە پەکخراوەو کارپێناکرێت، کۆمەڵێک دامەزراوەی گرنگ ناویان هاتووە لەناو ئەو یاسایەدا کە پێنج دامەزراوەن، بەڵام تا ئێستاش دانەمەزراون، چونکە کاتێک کە ئەو دامەزراوانە دادەمەزرێنرێن ئیتر بوار بۆ دزیو قاچاخچێتیو هەموو ئەو شتانەی دەوترێت کەمتر دەبێتەوە، ئەمە جێگەی پرسیارە تۆ خۆت یاسایەکت بۆخۆت دەرکردووەو خۆشت جێبەجێی ناکەیت، پێموایە ئەوە بەشێکە لەو فەوزا سیاسییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

**ڕۆژنامە: دوای سێ کۆبوونەوە سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ حکومەتدا، دۆسیەی نەوت بە کوێ گەیشت، دەوترێت ئۆپۆزسیۆن شل بووەو دەستی لە دۆسیەی نەوت بەرداوە وایە یان نا؟**

* پێچەوانەکەیەتی، لە کۆتاییدا حکومەت هاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەبێت هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنو ڕای گشتیی بکات، ئەوە دەستکەوتی ئۆپۆزسیۆنە لە کوردستاندا کە توانرا کۆبوونەوەکان بەو جۆرە بکرێت، کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان گرنگن، بەڵام ئەوە نابێت ببێتە بەدیلی کۆبوونەوەی پەرلەمان، دەبێت (١١١) ئەندامەکەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارابن، بۆیە ئێمە ئێستا لە سەرەتای پرۆسەکەداینو حکومەت تۆپەکەی خستووەتە گۆڕەپانی پەرلەمان.

**ڕۆژنامە: کەواتە ئێوە لێرەدا دۆسیەکە بەجێناهێڵن، بەڵکو تا نەیگەیەننە کۆتایی کۆڵ نادەن؟**

* بەدڵنیاییەوە تا نەیگەیەنینە دەرەنجامێکی ڕوونو ڕاست، لێی بێدەنگ نابین.

"حکومەت هاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەبێت هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنو ڕای گشتیی بکاتە ئەوە دەستکەوتی ئۆپۆزسیۆنە"

رەمەزان‌و «سینی‌و زەرف»، نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکانی کەرکوک یەکدەخات 10



## د.بورهان یاسین: دەبێت پرسی ئۆپۆزسیۆنبوونی کورد لە بەغدا بە جدیی باسبکرێت

# دەیان هەزار کەس بە نابەدڵیی‌و بەزۆر دەکرێن بەحیزبیی



سازدانی: رۆژنامە

### بەشی سێیەم و کۆتایی

**د.بورهان یاسین، لێکۆڵەری سیاسی‌و کەسایەتییەکی دیاری بزاڤی نەتەوەی کوردە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان. لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەدا رۆژنامە لەسەر کۆمەڵێک باس و خواسی سیاسیی دواندوویەتی.**

**رۆژنـــامـــە: گــۆڕان چــۆن دەتوانێت هەڵسوکەوت لەگەڵ جیلی نــوێ‌و جیلە کۆنەکەی پێش خۆی بکات، ئەم دووانە کە ئێستا لەناو بزووتنەوەکەدا سەنگ‌و قورسایی خۆیان هەیە، بە چ میکانیزمێک کاری پێکەوەیی بکەن، جێی یەکتر چۆڵ بکەن، یان پێکەوە میکانیزمی هاوبەش بۆ سەرخستنی بزووتنەوەکە بدۆزنەوە؟**

– پێشەکی ئەوە مەسەلەیەکی گەوهەرییەو کار لەسەرکردنیشی بۆ دوارۆژی بزاڤی گۆڕان ئێجگار گرنگە.

هەڵبەتە لە ئەزموونی کــاری حیزبیی لە دیموکراسییە خۆرئاواییەکانیشدا ئەوە دەرکـــەوتـــووە، کــە حیزبە سیاسییەکان توانای کۆکردنەوەی پیر (نــەوەی کۆن) و گەنج (نەوەی نوێ)یان بە یەکەوە هەیە، جگە لەوەش حیزبەکان، زووربەی زۆریان، رێکخراوی گەنجانی تایبەت بە خۆیان هەن، بەڵام نەک لە شێوەی سیستمە بەلشەفیەکان کە لە چوارچێوەیەکدا رێکخراوی گەنجان‌و رێکخراوە جەماوەریی‌و پیشەییەکان تەواو دەکەونە ژێر سێبەری قورس‌و کۆنترۆڵی حیزب.

لــە دیموکراسییە خۆرئاواییەکاندا رێکخراوی گەنجان سەربەخۆیی زۆری هەیە بەرامبەر بە حیزب‌و زووربەی جاریش دەنگی رخنەگرانە بەرامبەر بە حیزب‌و داواکاریی لێی بۆ نوێبوونەوە، لای رێکخراوی گەنجان دەردەچێت.

بۆ ئەوەی رۆڵی گەنج (تۆ بڵێ نەوەی نوێ) بە سەرکەوتوویی دەستنیشان بکرێت‌و جێگەو پێگەی نەوەی گەنج لە باشووری کوردستان زامن بکرێت پێویستە:

١) رێــکـــخـــراوی گـــەنـــجـــانـــی گـــۆڕان سەربەخۆییەکی زۆری هەبێت نەک، وەک ئەزموونی سیستمە تۆتالیتارەکان، یا ئەو حاڵەتەی کە ئێستا لە باشووری کوردستان‌و وڵاتانی ناوچەکە هەیە، لەژێر سێبەری قورسی حیزبدا هیچ پەراوێزێکی سەربەخۆیی بۆ نەمێنێتەوە.

٢) باوەڕهێنان بــەوەی کە فیکر کۆن دەبێت، لەوەش زیاتر زۆر جار کەسەکان، هێزە سیاسییەکان‌و حیزبەکان دەبـن بە ئەسیری فیکرێک کە بۆ زەمەنێکی زووتر، واتە بۆ هەلومەرجی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتووریی پێشتر، کە لە لایەن حیزبەکەوە خـۆی بەرهەمهاتووە، لە لایەکی تــرەوە، شتێکی سروشتییە، بگرە پێویستیشە، کە فیکرو بەرنامە سیاسییەکان نوێبوونەوەی بەردەوامیان بەسەردا بێت.

لەلایەکی ترەوە، چونکە زۆر جار نەوەی کۆن دەبێت بە ئەسیری بۆچوونە کۆنەکان، ئەو نەوەیە توانای نوێکردنەوەی فیکرو جیهانبینییەکانی نابێت، ئەگەر چی خواستێکی لەو جۆرەشی هەبێت، لە باشترین حاڵەتدا نــەوەی کۆن دەبێت ئەوە قبووڵ بکات، کە پێویستی بە کەناڵ‌و دەروازەی کراوەیە روو بە بۆچوونە نوێکان، بۆ ئەوەی هەرنەبێت بۆچوونە نوێکان دەرفەتی متوربەکردنی بۆچوونە کۆنەکانی هەبێت، هەتتا بگرە بواریشیان هەبێت بە تــەواوەتــی جێگەی بۆچوونە کۆنەکان بگرنەوە.

٣) مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگ ئەوەیە، کە پەیوەندیی نــەوەی کــۆن‌و نــوێ دەبێت لە سۆنگەی کەلتووری سیاسیی‌و بەها دیموکراسییەکانەوە ببینرێ‌و مامەڵەی لەتەکدا بکرێت‌و رێکبخرێت، بۆ نموونە کاتێک سەرکردەیەک دەڵێت: دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانە، ئەوا لە دیدێکی دیموکراسییانەوە، جگە لەوەی ئەم بۆچوونە بە تەواوەتی مافی دیموکراسییانەی ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ لە ژیاندان‌و باوەڕیان بە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ هەیە، پێشێل دەکات‌و لە هەمان کاتیشدا هیچ پەراوێزێک بۆ نەوەی نوێ‌و نەوەی سبەینێ ناهێڵێتەوە، کە ئەو مافە رەوا بەخۆ ببینن‌و خەباتیشی بۆ بکەن.

لەو بارەیەوە ئەوەی کە گۆڕان پێویستە خوێندنەوەی جدیی بۆ بکات ئەوەیە، کە لە باشووری کوردستان نەوەیەک (مەبەست نەوەی راپەڕینە، ئەوانەی لە ساڵی (١٩٩١) و دەوروبەری ئەو ساڵە لەدایکبوون) سەری هەڵداوە کە تــەواو لە دەرەوەی هەیمەنەو کاریگەریی زمــان‌و کەلتووری نەتەوەی سەردەست پێگەیشتووە، لە راستیدا سیاسەتی ئەورۆ زیاتر دەربارەی سبەینێ‌و دوارۆژی ئەو نەوەیەیە، هەر ئەو نەوەیەیە کە سەرکردەو دەستڕۆیشتووەکانی سیاسەتی سبەینێی باشووری کوردستان پێکدەهێنن.

**رۆژنـــامـــە: ئایا بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێت وەک حیزبێکی پەرلەمانی‌و بۆ هەڵبژاردنەکان گەرموگوڕ و دواتر نیشتنەوە بێت، تۆ مۆدێلێکی وای حیزبایەتی بەسەرکەوتوو دەزانیت، مەبەستمە بڵێم: ئایا خەڵکی لای ئێمە لەگەڵ ئەم شێوە حیزبایەتییە سەروسەودایان چۆن دەبێت؟**

– لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ناگونجێت تەنیا بزاڤی گــۆڕان وەک حیزبێکی پەرلەمانی خۆی رێکبخات، واتە حیزبێک کە تەنیا کاتی هەڵبژادنەکان دەرکەوێت، تۆ وەک ئۆپۆزسیۆن لە باشووری کوردستان لەگەڵ هەندێک هێزی دەسەڵات بەرەوڕوویت کە خاوەنی، جگە لە هەیکەلی حیزب، سازمانی سیخوڕیی‌و هێزی چەکدار (تۆ بڵێ میلیشیا)و کۆمەڵێک کۆمپانیای زەبەلاحی ئاشکراو وەهمین، لەبەر ئەوە تۆ لە بارێکی ئەوهادا ناکرێت نارێکخراو بیت.

لە راستیدا ئــەوە خۆی لە خۆیدا بارو ئەرکێکی قورسە کە گۆڕان هەر لە سەرەتاوە رەفزی ئەوەی کردووە، کە خاوەنی دەزگای سیخوڕیی‌و میلیشیاو کۆمپانیاو چالاکی ئابووریی نایاسایی بێت، ئەوە تەحەدایەکی گەورەیە، کە گــۆڕان بەرامبەر حیزبەکانی دەســەڵاتــی دەیــکــات، بــەو مــانــایــەی کە ناهاوسەنگییەکی ئێجگار زۆر لە تەرازووی هێز (لە توانا مادیی‌و مرۆییەکانی بزاڤی گۆڕان بەرامبەر بە حیزبەکانی دەســەڵات) هەیە، لەبەر ئەوە گۆڕان پێویستی بە بنەمایەکی رێکخراوەیی هەیە بۆ لە چوارچێوەدانی هێزو تواناکانی خۆی.

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر هەر لە ئێستاوە گرنگە بزاڤی گۆڕان چاوی لە ئەوە نەبێت، کە کاتێک خۆی دەکات بە حیزب هەر هەموو ئەوانەی پشتگیریی لە بەرنامەی گۆڕان دەکەن بە زەرووڕەت ببن بە ئەندامی مولتەزیم‌و کارای ئەو حیزبە بن، کە دروستی دەکات، لە راستیدا لە سیستمە دیموکراسییەکانی خۆرئاوادا ژمارەی پشتگیرانی حیزبێک چەندەها جار زیاترە لە ژمارەی راستەقینەی ئەندامانی ئەو حیزبە، بە هەرحاڵ ئەوەش داهێنان دەبێت بۆ بزاڤی گۆڕان ئەگەر پەیڕەوی ئەو شێوازە نوێیە لە حیزبایەتی بکات، بەو مانایەی کە مەرج نییە هەر هەموو لایەنگرانی حیزب، بە مانا تەقلیدییەکەی حیزبیبوون، حیزبی بن‌و ئەندامی چالاک بن، لەو داهێنانە سیاسییەشدا ئەرکی گۆڕان ئاسان نابێت، چونکە ئەمڕۆ نەک هەر لایەنگرانی حیزبەکانی دەسەڵات دەبێت حیزبی بن، بەڵکو بە دەیان هەزار کەس لە باشووری کوردستان بە نابەدڵیی‌و بگرە بە زۆرداریی دەکرێن بە حیزبیی. ئەمەش بە ئامرازی جۆراوجۆر، دەکرێت وەک ئەوەی بۆ نموونە داخرانی دەرگای زۆرێک لە ماف‌و ئیمتیازەکان بەڕووی خەڵکی ناحیزبیدا یەکێک لەو ئامرازانە بێت.

**رۆژنـــامـــە: گــۆڕان چۆن دەتوانێت هاوسەنگیی‌و هەماهەنگی لەنێوان پرسە کوردستانیی‌و عێراقییەکاندا بکات، کامیان بخاتە خزمەتی کامیانەوە؟**

– پێشتر لەسەر ئەم بابەتە، بەر لە ساڵێک، نووسیوومەو وتوومە کە ئەو بەیەکەوە گرێدانە ئاسان نابێت، لە لایەکی ترەوە بەردەوام لایەنگریی ئەوەش بووم کە گۆڕان بە راشکاوانە بە حیزبەکانی دەســەڵات‌و بە جەماوەریش بڵێت، کە ناکرێت گۆڕان لە کوردستان نانبڕاو بکرێت‌و لە بەغداش داوای برایەتی لێبکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکەوە گرێدانی بەغداو کوردستان کۆمەڵێک پرەنسیپ‌و تەرتیبات‌و میکانیزمی گەرەکە، کە دواجار کاری زۆری پێویستە.

بە هەر حاڵ زۆر جار سیاسەتکردن لەسەر بنەمای بەیەکەوە تەرتیبدانی دژایەتییەکان دەکرێت، نەک لەیەک جیاکردنەوەیان‌و بەم شێوەیەش مەسەلەکان بە رەش، یان سپی نامێننەوە، لەو چوارچێوەیەدا هەر لە بابەتی ناوبراومدا ئەو بۆچوونەم پیادەکردبوو، کــە گـــۆڕان لــە کـــوردســـتـــان لــە سیغەی ئۆپۆزسیۆنبوون بەولاوە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تری نییە، وە پێویستە ئەوە بکات، بەڵام لە بەغدا پێویستی بە هاوکارییە لەگەڵ لایەنەکانی تر بەبێ ئەوەی پێویست بکات بە یەک لیست لەگەڵ ئەو لایەنانە لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا دابەزێت: بە مانایەکی تر لە بەغدا هاوکاریی، بەڵام تەحەفوزو سەربەخۆییەوە.

بۆ نموونە، لە بابەتی نەوتدا کە ئەمڕۆ بە تاڵان دەبرێت‌و قاچاخچێتی پێ دەکرێت، دەبێت گۆڕان بەبێ ئەوەی ئەلتەرناتیڤی تری هەبێت بەرەوڕووبوونەوەیەکی راشکاوانە، بەڵام مەدەنیانە، لەگەڵ دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەو دەسەڵاتی شاردراوەی باشووری کوردستان هەڵبژێرێت، دەبێت نەوت لە قاچاخچێتی پێکردن‌و تێرکردنی چاوبرسیەتی هەندێ هێزو کەسی چاوبرسی بکرێت، بە مەسەلەیەکی نەتەوەیی، واتە نەوت بە نەتەوەیی بکرێت (لە مێژوودا بەنەتەوەییکردنی، یا خۆماڵیکردنی نەوت مانای بە خۆماڵیکردن‌و دەرهێنانی بووە لە چنگ کۆلۆنیالیستەکان، بەڵام لە حاڵەتی باشووری کوردستان دەرهێنانیەتی لە دەست قاچاخچییەکان‌و دەسەڵاتی شاردراوە. ئەم کاڵایە نیشتمانیەو لە حاڵەتی بە هەڵە مامەڵە لەگەڵ کردنیدا، دەکرێ لە ئاستە هەرە ستراتیژییەکاندا، پشتشکێن بێت بۆ کورد لەبری ئەوەی ببێتە مایەی خێرو خۆشی‌و گەیشتن بە ئامانجە سیاسییە باڵاکان، لێرەشدا ئەرکی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، بە تایبەتی گۆڕان، زۆر قورسە لەوەی ئەو بەکاربردنە بخرێتە خزمەت خێروخۆشی خەڵکی کوردستان‌و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی.

لە تێگەیشتنی مەبەستی بەشی دووەمی پرسیارەکەت، کە دەڵــێــی: (کامیان بخاتە خزمەتی کامیانەوە) زۆر پشتڕاست نیم، بەڵام بێگومان هەردووکیان بخاتە خزمەت ئامانجە دیموکراسیی‌و نیشتمانییەکانی خەڵکی کوردستان.

**رۆژنامە: فراکسیۆنە کوردستانیی‌و عێراقییەکەی گۆڕان چۆن دەتوانن خەباتی پارلەمانی‌و شەقامی کوردی پێکەوە گرێ بدەن؟ ئایا هەلومەرجی ئەو خەباتە لە ئارادایە، نموونەیەکمان بدەرێ؟**

– بەڵێ، دەکرێت، ئەگەرچی ئاسانیش نییە، ئەو نموونەیەی کە پێمان دەڵێت: ئەوە مومکینە، بگرە زەرووریشە، هەڵوێستەی پەرلەمانتارانی گۆڕان‌و لایەنگرانی گۆڕان بوو لە مەسەلەی تیرۆرکردنی خوێندکارو رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان. راستە ئەم هەڵوێستەیە ئاسان نەبوو و گرژی‌و بگرە هەڕەشەشی هێنایە بەر دەرگای بزاڤی گۆڕان، بەڵام دواجــار هەر ئەو قەیرانە کۆمەڵێک سەرئێشەی لە گــۆڕان کــردەوەو هەندێک گومان‌و نیشانەی پرسیاریشی لەسەر شێوە کارکردنی سیاسییانەی ئەو بزاڤە لابرد، با بە روونتر بڵێین: «نزیکبوونەوەی» گۆڕان لە پارتی بەر لەو رووداوە هەندێک نیگەرانیی، هەتتا بگرە لای هەندێک لە هەڵسوڕاوانی گۆڕانیش، دروستکردبوو، بە مانایەکی تر، ئەم قەیرانە بوو بە چارەسەرو وەڵام.

بە مانایەکی دیکە گوران لەو هەڵوێستەیدا پیشانیداکە راستگۆیە لە مەسەلەی بەرگریکردن لە ئازادیی رادەربڕین‌و رۆژنامەوانی، لەلایەکی تریشەوە ئەو جەماوەرەی سەر شەقامیشی بە تەنیا نەهێشتەوە کە داکۆکیکاری هەمان مەسەلە بوون، بەم شێوەیە یەکانگیربوونێک لە هەڵوێستەکاندا دروست بوو.

لە بابەتی عێراقدا، لایەنی کوردی بە گشتیی تائێستا سوودیان لە پشتگیریی جەماوەر، لە بــەرەوڕووبــوونــەوەکــان لەگەڵ بەغدا، وەرنەگرتووە، بە راستی ئەوە سوودوەرگرتن نییە لە هێزی جەماوەر (تۆ بڵێ هێزی شەقام)، کە بەزۆرەملێ‌و بە چاوسوورکردنەوەی حیزب خەڵک بێنێتە سەر شەقام، ئەم سیغەیە جەماوەر بێ ئیرادەو ئیرادەکەشی سووک دەکات لەبری ئــەوەی ســوودی نەتەوەیی لە ئیرادەکەی وەرگرێت، لێرەشدا گۆڕان ئەرکێکی قورسی لەبەردەمە لە هەڵگێڕانەوەو سەرەوژێرکردنی ئەو کەلتوورە سیاسییە سەقەتەو ئافراندنی کەلتوورێکی سیاسیی، کە تیایدا ئیرادەی جەماوەر رووداوی سیاسیی دروست دەکات‌و لە خزمەت بە دیموکراسیکردنی سیاسەت‌و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی جەماوەرو بەدەستهێنانی ئامانجە باڵاکان دەبێت، نەک خواستی تەسکی حیزب، یا خۆنوواندنی سەرکردەکان.

**رۆژنـــامـــە: گــۆڕان لــە کوردستان ئۆپۆزسیۆنە، ئایا لە عێراقیش هەروابێت، یان بەشداریی حکومەت بکات، کامیان باشە؟**

– پێشتر هەندێک شتم وت لەم بارەیەوە، بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەت لە بەغدا بەقەدەر بەشداریکردن لە حکومەتی کوردستان پڕ ئیشکالیەت نییە، بگرە ئیشکالیەتی زۆر کەمتریشە، ئەگەرچی لە هەردوو حکومەتدا کێشەی گەندەڵیی، بەو رادەیە یان رادەیەکی تر، هەیە.

هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێت مرۆڤ حسابێکی جدیی بۆ ئەو راستییەش بکات، کە ئێستا گۆڕان گرێدراوی هاوکارییەکە روو لە بەغدا لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکانی ترو بەشداریی ئەو لایەنانە لە حکومەت بەبێ بەشداریی گــۆڕان بە ئەگەری زۆر ئیشکالیەت بۆ گــۆڕان‌و بۆ میکانیزمەکانی ئــەو هاوکارییە دروســت دەکـــات، جگە لەوەش، بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەت پلاتفۆڕمێک‌و سەرچاوەیەکی هێزو کەناڵێکی کاریگەریی (لەسەر ئاستی عێراق‌و کوردستان) بەو هێزە دەبەخشێت، بە پێچەوانەشەوە، بەشدارینەکردن لە حکومەتدا، دەبێتە هۆی لەدەستدانی پلاتفۆڕمێکی ئەوها گرنگ.

لــەلایــەکــی تـــرەوە، دەبــێــت پرسی ئۆپۆزسیۆنبوونی هەموو کورد لە بەغدا، نەک تەنیا هی گۆڕان بەتەنیا، بە جدیی باسبکرێت لە چوارچێوەی هاوکارییە کوردستانییەکەداو روو لــە شەقامیش ئــەو باسە بــە هەند وەربگیرێت، بە باوەڕی خۆم گۆڕان دەرفەتی ئەوەی هەیە ئەم مەسەلەیە (واتە مەسەلەی ئۆپۆزسیۆنبوونی هەموو کورد لە بەغدا) وەک ئەلتەرناتیڤێکی سیاسیی بورووژێنێت. لە راستیدا هەندێک جار «لە دەرەوە مانەوە»، یا هەرنەبێت هەڕەشەکردن بە لەدەرەوە مانەوە، پەراوێزی سیاسەتکردن فراوانتر دەکات، تا تەسکتر، جگە لەوەش زۆر جار لە چوونە ناوەوە باجی سیاسیی گرانتر دەدەی لەوەی کە لە دەرەوە بمێنیتەوە! وا دەزانـم ئەگەر تەرحکردنی ئەو ئەلتەرناتیڤە بۆ تاکتیکیش بێت روو لە عێراقی عەرەبی لەکاتی گفتوگۆکاندا، ئەوا لە ئاکامدا بە ئەگەری زۆر لایەنەکان بە جدیتر دەڕواننە کورد، چونکە لەو حاڵەتەدا لایەنەکان (عێراقی‌و ئیقلیمی‌و نێونەتەوەیی) دەزانن کورد بێ چارە (بێ ئەلتەرناتیڤ) نییە.

**رۆژنامە: پێتوایە گۆڕان بتوانێت لە موعادلەیەکی سەختی بەرهەڵستکاریی ناوکیی‌و پێویستی هەمئاهەنگی لە بەغدادا سەرکەوتوو بێت، یان ئێمە دەزانین سەخترین موعادلە ئەوەیە لە ناوخۆدا بەرهەڵستکارێکی سەرسەخت بیت‌و لە دەرەوەش هەمئاهەنگ‌و تەبا، چۆن ئەم هاوکێشەیە چارەسەر دەکرێت بەرای تۆ؟**

– بەڵێ، کارێکی ئەستەمە، بەڵام نامومکین نییە، بە هەرحاڵ باوەڕم وایە لە بەشێک لە وەڵامەکانی پێشترم ئاماژەم بەم مەسەلەیە کــردووە، ئــەوەی دەبێت بە روونتر بڵێین: ئــەوەیــە کە دوو حیزبە دەســەڵاتدارەکــە قاچاخچێتی بە نەوتەوە دەکــەن، یان هەر خۆیان رێگریی دەکــەن لــەوەی مەسەلەی پێشمەرگە مەسارێکی دەستووریی‌و یاسایی وەرگرێت، کەچی روو لە بەغدا ئەو مەسەلەکە بە بەرگێکی «نەتەوەیی» دادەپۆشن، وەک ئەوەی، بۆنموونە، رێکنەخستنی پێشمەرگە لە هێزێکی یەکگرتوودا گوناهی بەغدا بێت، بە مانایەکی تر، وەک ئەوەی لەم بارەیەوە بوونی دوو دەسەڵاتی گەندەڵ لە کوردستان، کە ناواخنی دەسەڵاتێکی بەناو یەکگرتوو کراون، هیچ گوناهیان نەبێت! ورووژاندنی ئەم مەسەلانەو زۆر مەسەلەی تر وەکو هەن بەرامبەر دەسەڵاتی دوو حیزبەکەو شۆڕکردنەوەی راستییەکان بۆ ناو جەماوەر کارێکی ئاسان نابێت بۆ گۆڕان، چونکە دوور نییە پارتی‌و یەکێتی مەسەلەی سیاسەتی کورد بەرامبەر بە بەغدا وەک کارتی فشار بەکاربهێنن لەپێناو بێدەنگکردن‌و چۆکپێدادانی گــۆڕان لە کوردستان، بگرە ئامادەشن بۆ هەمان مەبەست ئەم هاوکارییە بۆ هەندێک ئاقاری قەیراناویی ترسناکیش پاڵ بدەن.

**رۆژنامە: پێتوایە گۆڕان بەگیرفانێکی هــەژارو جەماوەرێکی پڕ پێویستییەوە بتوانێت بەرگەی گوشاری یەکێتی‌و پارتی بگرێت، لە ماوەی (٥) ساڵی داهاتوودا؟**

– نەخێر، ئاسان نییە، زۆریش ئەستەمە، بەڵام مومکینە، هەروەک تائێستا بیستراوەو بینراوە لایەنگرانی گــۆڕان بــەرەوڕووی گوشاری جوداجودا بوونەتەوە، کە ناکرێت بەشێک لەو گوشارانە نەشوبهێنین بە مەنهەجی سیاسیی رژێمە رەفتار فاشییەکانی ناوچەکەو جیهان.

### ئیئتیلافی نیشتمانیی دوای رێککەوتن، وەڵامی کورد دەداتەوە

# سەردار عەبدوڵڵا: سەقفی زەمەنیمان بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام دیارینەکردووە

**راپۆرتی: هەستیار قادر**

تا ئێستا هیچکام لە لیستە عێراقییەکان، وەڵامـــی داواکـاریـیـەکـانـی کـوردیـان نەداوەتەوەو ئەندامێکی لیستی ئیئتیلافیش، جەخت لـەسـەر ئـەوە دەکـاتـەوە کـە تا لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی شەراکەت رێکنەکەون، وەڵامی کورد نادەنەوە.

لـە پـاش ئـەوەی کـە دوو هەفتە لەمەوبەر، شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستتانییەکان، لیستێکی (١٩)خاڵی داواکاریی خۆی پێشکەش بەو لیستە عێراقییانە کرد کە پاڵێوراویان بۆ پۆستی سـەرۆک وەزیـرانـی داهاتووی عێراق هەیە، تا ئێستا هیچکام لەو لیستانە بەڕەسمیی وەڵامـی داواکارییەکانی کـوردیـان نـەداوەتـەوەو لـەوبـارەیـەوە، سـەردار عـەبـدولـڵا، ئەندامی شاندی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بۆ رۆژنامەی روونـکـردەوە، کە هیچکام لە لیستە عێراقییەکان، بەڕەسمیی وەڵامی داواکارییەکانی کوردیان نەداوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی ئیجابی لە هەندێک لەو لایەنانەوە سەبارەت بە داواکارییەکانیان هەیە، وتیشی: «هیچ سەقفێکی زەمەنی بۆ ئەو لیستانە دیاریی نەکراوە کە وەڵامی کورد بدەنەوە، چونکە ئەو مەسەلەیە پێویستی بە کاتەو موماتەڵەش بە کورد نەکراوە لە وەڵامدانەوەی ئەو داواکارییانەدا».

ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ئەو داواکارییانەی پێشکەش بە هەریەک لە لیستی دەوڵەتی یاساو عێراقییەو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی کردووە کە پاڵێوراویان بۆ پۆستی سـەرۆک وەزیـران هەیەو لە هەمانکاتیشدا هەریەک لەو لیستانە داواکاریی خۆیان ئامادە کـردووەو پێشکەش بە یەکتریان کردووە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، لە دوایین کۆبوونەوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، بڕیادراوە کە ئیئتیلافی ناوبراو، تەنیا کار لەسەر ئەو لیستە بکات وەک وەرەقەی دانوستکار کە پێشکەش بە لایەنەکانی تری کردووە، نەک لیستی داواکاریی لایەنەکانی تر.

هـاوکـات، ئەندامێکی تـری شاندی دانـوسـتـکـاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، رەشبینە لەوەی کە لەم بارودۆخەی ئێستادا. حکومەتی نوێی عێراق پێکبهێنرێت.

دارا محەمەد ئەمین، ئەندامی وەفدی دانـوسـتـکـاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێموانییە، تا دوای مانگی رەمـەزان، حکومەتی نوێی عێراق پێکبهێنرێت‌و گەشبینیش نیم بە ئایندەی ئەم حکومەتە، ئـەگـەر لـەم بـارودۆخـەی ئێستادا پێکبهێنرێت»و ئاماژەی بەوەشدا، کە یەکێک لە دواکارییەکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، حکومەتی شەراکەتەو پێکهێنانی ئەو حکومەتەش پێویستی بە رێککەوتنی لایەنە سوننی‌و شیعییەکان هەیە، ئەو کات دانوستاندن سەبارەت بە داواکارییەکانی کورد دەستپێدەکات.

دارا محەمەد ئەمین کە نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامییە لە شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، روونـیـکـردەوە کە نزیکبوونەوەی دوو لیستە شیعەکە لە ئێستادا بۆ لایەنی کورد گرنگە، ئەوان نزیکترن لە داواکارییەکانی کوردەوە، وتیشی: «رووبەڕووبوونەوەی لیستی عێراقییە کە زۆربەی کێشەکانمان لە ناوچەدابڕاوەکان لەگەڵ ئەواندایە، ئاسان نییە».

لەبەرامبەردا، ئیئتیلافی نیشتمانیی کە بە بێدەنگترین لایەن لەمەڕ داواکارییەکانی کورد لە قەڵەم دەدرێت، لە ماوەی چەند هەفتەی رابردووداو تا ئێستا ئامادە نەبووە بەشێوەی رەسمیی‌و لابـەلاش وەڵامـی داواکارییەکانی کورد بداتەوە، یان ئاماژەی ئیجابی‌و سلبی لەسەر بدرکێنێت.

لەوبارەیەوە، محەمەد مەهدی بەیاتی، ئەندامی ئیئتیلافی نیشتمانیی، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێستا داواکارییەکانی کـورد لـەلایـەن دەستەیەکی سیاسیی ئیئتیلافەوە تاوتوێدەکرێت».

بەیاتی، ئاماژەی بەوەشدا، کە «وەڵامی رەسیمی ئیئتیلافەکەی سـەبـارەت بەو داواکارییانەی کورد نادرێتەوە تا ئەو کاتەی رێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانیی نەیەتە ئاراوە».



سەردار عەبدوڵڵا



محەمەد مەهدی بەیاتی



دارا محەمەد ئەمین

**دارا محەمەد ئەمین:**

**«نزیکبوونەوەی دوو لیستە شیعەکە لە ئێستادا بۆ لایەنی کورد گرنگە، ئەوان نزیکترن لە داواکارییەکانی کوردەوە»**

---

### دەوڵەتی یاساو ئیئتیلاف دانووستان دەستپێدەکەنەوە

# مالیکی‌و حەکیم لە هەڵوێستەکانیان پەشیمان دەبنەوە

**کارزان عومەر**

هـەردوو لیستی دەوڵـەتـی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانیی دانووستانی نێوانیان بۆ دیاریکردنی پـاڵـێـوراوی سـەرۆک وەزیران دەستپێکردەوە، ئەویش لەدوای ئەوەی دەوڵەتی یاسا قایل بووە ئیئتیلاف زیاد لە پاڵێوراوێکی هەبێت‌و ئیئتیلافیش بە سـوورببوونـی مالیکی بۆ دووبـارە خۆکاندیدکردنەوە، قایلبوون.

پاش ئـەوەی ئەو مـاوە دیاریکراوە کۆتاییهات، کە ئیئتیلافی نیشتمانیی بۆ لیستی دەوڵەتی یاسای دیاریکردبوو، کە پێشتر هاوپەیمانێتییان پێکهێنابوو تا نوری مالیکی، وەک تاکە پاڵێوراوی خۆی بگۆڕێت، دەوڵەتی یاسا ئەو کارەی ئەنجام نەداو بڕیاری دەستپێکردنەوەی دانووستانی نێوانیشیان دەستی پێکردەوە.

لەوبارەیەوە عەزیز کـازم عەلوان، پـەرلـەمـانـتـاری ئـەنـجـومـەنـی بـاڵای ئیسلامیی بە رۆژنامەی راگەیاند: «هیچ مەرجێکمان نەبووە بۆ دەستپێکردنەوەی دانـووسـتـانـەکـانـی نـێـوان ئیئتیلافی نیشتمانیی‌و دەوڵـەتـی یـاسـا، چونکە دەوڵەتی یاسا رەزامەندیی نیشانداوە کە هاوپەیمانیی نیشتمانیی زیاتر لە یەک پاڵێوراوی هەبێت بۆ پۆستی سەرۆک وەزیـران، پاش ئەوەی پێشتر سووربوو لەسەر ئەوەی لیستەکەیان یەک کاندیدی هەبێت».

عـەلـوان، ئـامـاژەی بـەوەش دا؛ کە هـەردوولا رێکەوتوون لەسەر ئەوەی لیستەکەیان زیاتر لەیەک پاڵێوراوی هەبێت بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، دواتر بەپێی میکانزمێک یەکێکیان دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی ببێت بە پاڵێوراوی ئەو لیستە، یان دوو پاڵێوراویان هەبێت‌و بەپێی خواستی لیستەکانی تری وەک کوردو عێراقییە یەکێکیان دەستنیشان بکرێت، ئەگەر لیستەکەشیان یەک پاڵێوراوی هەبوو جێگەی رەزامەندیی لیستەکانی تر نەبێت، ئەوا پاڵێوراوێکی چارەسەرو یەکلایی کەرەوە دەستنیشان دەکرێت بۆ ئەو پۆستە.

پێشتر هـەردوو لیستە شیعەکە دەستەیەکی (١٤) کەسییان پێکهێنابوو بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوانی پۆستی سەرۆک وەزیرانی نێوانیان‌و دەبوو پاڵێوراوی ئەو لیستە (٨٠٪)ی دەنگدەکانی نێو ئەو دەستەیە بەدەست بهێنایە، تاکو ببوایە بە پاڵێوراوی هاوپەیمانێتییە شیعەکە بۆ پۆستی سـەرۆک وەزیـرانـی داهاتووی عێراق، بەڵام بە رێکەوتنی هەردوولا لەسەر بوونی زیاد لە پاڵێوراوێک، میکانیزمی دیاریکردنی تاک پاڵێوراو کۆتایی پێهات، بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە ئیئتیلافی نیشتمانیی سێ کاندیدیان هەیە بۆ ئەو پۆستە، کە ئەوانیش: ئەحمەد چەلەبی، عادل عەبدولمەهدی‌و ئیبراهیم جەعفەریین.

لەبەرامبەریشدا بە وتەی سەرکردەیەکی لیستی دەوڵەتی یاسای ئیئتیلافی نیشتمانیی لە هەڵوێستی دژ بە کاندیدکردنەوەی مالیکی لەلایەن لیستەکەیەوە پەشیمان بوونەتەوە.

عەلی ئەدیب، ئەندامی دەوڵەتی یاساو حیزبی دەعـوە جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی دانووستانەکانیان لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانیی بێ مەرج دەستپێکردەوە، پاش ئـەوەی ئیئتیلافی نیشتمانیی ڤیتۆکەیان لـەسـەر کاندیدکردنی نـوری مالیکی، لابردووە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران‌و تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «نوری مالیکی، تاکە کاندیدمانە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران».

بـەڵام رەوتـی سـەدر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەوان هێشتا لەدژی دووبـارە کاندیدکردنەوەی مالیکین بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران.

بەها ئەعرەجی، سەرکردەی رەوتی سەدر بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەتا ئێستا دانووستانەکانمان لەگەڵ دەوڵەتی یاسا دەستپێنەکردووەتەوەو هیچ مەرجێکی پێشووەختمان نییە بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان لەگەڵ دەوڵەتی یاسا».

ئەعرەجی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، کە ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی دەوڵەتی یاسا کەسێکی تر لە بری مالیکی وەک پاڵێوراوی لیستەکە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دەستنیشان بکات.

لەلایەکی تـرەوە، عەممار تەعمە، پەرلەمانتاری حیزبی فەزیلە ئاماژەی بـەوەدا: کە دووبـارە دەستپێکردنەوەی دانووستانەکان لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یـاسـادا، بە مەبەستی جووڵاندنەوەی پـرۆسـەی سـیـاسـیی‌و دۆزیـنـەوەی چـارەسـەرێـک بۆ کێشەی پیکهێنانی حکومەتی داهاتوو.

ئەو پەرلەمانتارەی حیزبی فەزیلە بـە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: «لـە میانی دانووستانەکان هەردوولا مەرجەکانیان‌و گرەنتییەکانیان دەخەنەڕوو، نەک پێش دەستپێکردنی دانووستانەکان»



بەها ئەعرەجی

**«سورین لەسەر ئەوەی دەوڵەتی یاسا کەسێکی تر لەبری مالیکی دیاری بکات»**



عەلی ئەدیب

**«نوری مالیکی، تاکە کاندیدمانە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران»**

کوردستان دەبێتە گرنگترین شەریکی پرۆژەی نابوکۆ 12

## ئەنجومەنی کەرکوک، وەفد ڕەوانەی بەغدا دەکات

# (٤٠) هەزار دۆسیەی کێشەی موڵکداریی کەرکوک، چارەسەرنەکراون

کەرکوک — ئارام جەمال

زیاتر لە دوو ملیۆن دۆنم زەوی‌و خانووی نیشتەجێبوون لە سنووری پارێزگای کەرکوک، بەهۆی سیاسەتی تەعریبەوە کێشەی موڵکایەتییان لەسەرەو لە حەوت ساڵی ڕابردوودا، چارەسە نەکراون‌و ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش، هۆکاری چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانە، بۆ گەندەڵیی دەگەڕێنێتەوەو ڕەخنە لەسستی بەڕێوەچوونی کارەکانی دەستەی چارەسەری کێشە موڵکدارییەکان دەگرێت.

لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسداو بە (٥)بڕیارو بەچەند قۆناغێک، سەرکردایەتیی شۆڕشی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە، زیاتر لە دوو ملیۆن دۆنم زەوی‌و خانووی نیشتەجێبوون کە زۆربەیان کشتوکاڵین، لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا، بەناوی وەزارەتە جیاوازەکانی ئەوکاتەی حکومەتی عێراقەوەو لە خاوەنە ڕەسەنەکانیان لەکوردو تورکمان سەندووەتەوەو دواتریش بەشێوازی گرێبەست، ئەو زەوی‌و خانووانەی بەو عەرەبانە داوە کە بە مەبەستی تەعریب لە ناوچەکانی ناوەڕاست‌و باشوورەوە هێناونی.

کامەران کەرکوکی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئاماژە بەوە دەکات: لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوەو بەهۆی زۆریی ئەو کێشانەی کە سیاسەتی بەعەرەبکردن لە سەردەمی بەعسدا دروستیکردوون، (٤٦)هەزار کێشەی موڵکایەتی لە (٥)نووسینگەی تایبەت بە چارەسەری کێشە موڵکایەتییەکان تۆمارکراون‌و تا ئێستاش ڕێژەی (٥٪) یان چارەسەرکراون، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەندەڵیی‌و نەبوونی فەرمانبەری پێویست لەو نووسینگانەو دابین نەکردنی بودجەی تایبەت بۆ چارەسەری کێشەکان».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئاشکرایکرد، کە نزیکەی دووساڵە، نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێگای تیمێکی تایبەتمەندەوە لەگەڵ ئەنجومەن‌و نووسینگە پەیوەندیدارەکان لەسەر هێڵن، وتیشی: «لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئەنجومەن بۆ بەدواداچوونی کێشەکانی موڵکایەتی، چەند کۆبوونەوەیەکی بە بەشداریی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامداوەو بڕیار دراوە بەم نزیکانە وەفدێکی ئەنجومەن‌و یونامی ڕەوانەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی بەغدا بکرێت، تا هەوڵی بەپەلەی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بدرێت».



لەئێستادا، زۆربەی ئەو زەوی‌و خانووانەی کەرکوک، بەدەست خاوەنە ڕەسەنەکانیانەوەن، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانن سوود لە پێشینەی خانووبەرەو کشتوکاڵیی ببینن، بەهۆی ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە، کێشەکان چارەسەرنەکراون‌و هاوکات، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کشتوکاڵی کەرکوکیش، ڕایدەگەیەنێت: چارەسەری ئەو کێشانە، پێویستیان بەبڕیاری سیاسییە.

مەهدی موبارەک، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کشتوکاڵی کەرکوک، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: بەپێی بڕگەی (٤) لە مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق، لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە سەرجەم ئەو گرێبەستانەی حیزبی بەعس لەگەڵ جوتیارە هاوردەکانی کەرکوکدا کردبوونی هەڵوەشاونەتەوەو زەوییەکانیشیان پێ چۆڵکراوە، بەڵام لایەنی یاسایی ئەو گرێبەستانەو کردنەوەیان بەناوی خاوەنە ڕەسەنەکانیانەوە، یان دەبێت لە ڕێگای بڕیارێکی گشتگیری پەرلەمانی عێراقەوە بێت، یاخود لە ڕێگای دەستەی چارەسەری کێشە موڵکدارییەکانەوەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێویستە ئەو کێشانە، بە بڕیارێکی سیاسیی یەکلایی بکرێنەوە، نەک بەیاسا، چونکە هەمان ئەو کێشانە بە بڕیاری سیاسیی سەرکردایەتیی حیزبی بەعس دروستکراون».

مەهدی موبارەک، ڕەخنەی لە سستی کارەکانی دەستەی چارەسەری کێشە موڵکدارییەکان گرت‌و ڕاشیگەیاند: گفتوگۆمان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق کردووەو بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا گرێبەستی کاتیی بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانی زەوییەکان ئامادەبکەین، تا یەکلاییکردنەوەی تەواوەتیان لەلایەن دەستەی ناوبراوەوە، بۆئەوەی جوتیاران بتوانن بەو گرێبەستە کاتییانە سوود لە پێشینەی کشتوکاڵی وەربگرن، لە کاتێکدا ماوەی حەوت ساڵە نەیانتوانیوە سوود لە قەرزو سلفەی حکومەت وەربگرن».

ئاماژەی بەوەشدا: «تەنانەت لەکاتی دروێنەو وەرگرتنەوەی بەروبوومی جوتیاریشدا، تووشی چەندین گرفت دێن‌و کێشەکانیش بەمجۆرەی ئێستا چارەسەر بکرێن، دەیان ساڵی دیکەیان پێویستە».

سەرەڕای کێشە سیاسییەکانی، کۆسپی بەردەم ئیدارەی کەرکوک لەئێستادا، کێشەی موڵکایەتی زەوییەو تەنانەت ئەم کێشەیە لەبەردەم وەبەرهێنان‌و گەشەپێدانی ئابووریی‌و ئاوەدانکردنەوەی کەرکوکدا گرفتی سەرەکییە.

لەوبارەیەشەوە، فەلاح عەبدولڕەحمان، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنەرانی کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دواکەوتنی یاسای وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق‌و کۆسپێکی دیکەی بەردەم وەبەرهێنەران‌و کۆمپانیاو خاوەن کارەکان، کێشەی نەبوونی زەوییە، چونکە بەشی زۆری ئەو زەوییانەی کە ئێستا هەن، کێشەی موڵکایەتییان لەسەرەو وەبەرهێن ئامادە نییە کە سەرمایەی خۆی تیا بەگەڕبخات، چونکە کێشەیان لەسەرەو خاوەندارێتییان یەکلایی نەبووەتەوە».

# ڕەمەزان‌و «سینی‌و زەرف»، نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکانی کەرکوک یەکدەخات

ڕۆژنامە



فۆتۆ: ڕۆژنامە

کەشی مانگی ڕەمەزان، نەتەوەو مەزهەبە جیاجیاکانی کەرکوک یەکدەخات‌و کوردو تورکمانیش خاڵە هاوبەشەکانیان لە یاریی سینی‌و زەرفدا دەدۆزنەوەو دەزگا ئەمنییەکانیش پلانی نوێ بۆ پاراستیان دەگرنەبەر.

### لە ڕووی ئاینیی‌و نەتەوەییەوە

بەوپێیەی شاری کەرکوک، فرەنەتەوەو پێکهاتە جیاواز، کە تیایدا کورد تورکمانی شیعەو سوننە، عەرەبی شیعەو سوننەو کلدۆئاشووری‌و سابیئەی تێدا دەژین‌و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە وابەستەبوون بە ئاینەوەو زۆربەی نەتەوەکان ئیسلامن‌و ئاینی ئیسلامیش کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر پێکهاتەکان هەیە.

پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز لەنێوان دانیشتووانی ئەم شارەدا هەیەو لەمانگی ڕەمەزاندا ئەو پەیوەندییە دەگاتە لوتکە، بەهۆی مومارەسەکردنی سرووتە ئاینییەکانەوە کە خاڵی هەرە هاوبەشی نێوان نەتەوە جیاوازە هاوئاینەکانی کەرکوکە.

عەلی حەسەن، کە تەمەنی (٣٤)ساڵەو هاوڵاتییەکی تورکمانە، پێیوایە: «لە مانگی ڕەمەزاندا، هەست بەجیاوازی نەتەوەیی ناکرێت لە کەرکوکدا، بەتایبەت کوردو تورکمان، هەموو پێکەوە ڕوو لە شوێنە ئاینییەکان دەکەن‌و لەگەڕەکەکانیشدا پێش بانگ، خەڵکی خواردن دەبەن بۆ یەکتر».

هەڵسوکەوت‌و تێڕوانینی مەسیحەکانی کەرکوکیش لەم مانگەدا، جیاواز نییە لە مسوڵمانەکان بە کوردو تورکمان‌و عەرەبییەوە.

ڕۆدی بنیامین، هاوڵاتییەکی مەسیحی تەمەن(٣٠)ساڵە، ئاماژە بەو ڕێزە دەکات کە لەو مانگەدا بۆ مسوڵمانەکانی دادەنێن‌و بە ڕۆژنامەی وت: «لەمانگی ڕەمەزاندا، وەک برا مسوڵمانەکانمان، ڕێز لە ڕۆژووەوانان دەگرین‌و لە بازاڕو شوێنە گشتییەکاندا خواردن ناخۆین‌و ئەو کارەش بەردەوامیدانە بە برایەتی‌و پێکەوەژیان، لەکاتێکدا ئێمە وابەستەی ئاینی حەزرەتی مەسیحین»، ئاشکراشیکرد کە لە دوای تەواوبوونی مانگی ڕەمەزان‌و جەژندا، بەشداریی لەگەڵ مسوڵمانان دەکەن، وتیشی: «ئاینی ئێمە هەمیشە ئاینی جیاوازی قبووڵکردن‌و پێکەوەژیان‌و ئاشتی بووە».

### یاریی شەوان کۆکەرەوەی جیاوازییەکان

بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان، شەوانە لە چایخانەو شوێنە گشتییەکاندا، قەرەباڵغییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت بۆ بەسەربردنی کات، کوردو تورکمان بەیەکەوە تا درەنگانێکی شەو یاریی (سینی‌و زەرف) دەکەن‌و عەرەبیش جۆرە یارییەک دەکەن کە پێی دەوترێت (محێبس).

عەبدوڵڵا ئەبوبەکر، تەمەن (٤٠)ساڵ، کە هاوڵاتییەکی کوردی شارەکەیە، لەبارەی کاتبەسەربردنی شەوانی مانگی ڕەمەزانەوە، بە ڕۆژنامەی وت: «لەدوای بانگی ئێوارەوە، لە گەڕەکە کوردنشینەکان‌و گەڕەک نەتەوە جیاوازەکان، لە چایخانەو شوێنە گشتییەکان، گەنج‌و خەڵکە بەتەمەنەکانیش کۆدەبنەوەو تا درەنگانێکی شەو یاریی سینی‌و زەرف دەکەین‌و زۆر کات خەڵکی لە گەڕەک‌و ناوچەیەکی دیکەوە دەچن گەڕەکێکی دیکە بۆ ئەنجامدانی ئەم یارییە».

یاریی سینی‌و زەرف، نەریتێکی خەڵکی شاری کەرکوکەو لە هەندێک ناوچەی دیکەی کوردستانیش وەک شاری هەولێر، ئەم یارییە دەکرێت‌و مێژووی یارییەکەش زۆر کۆن نییەو وەک سمکۆ بەهرۆزی مێژوونووس، بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی پێدا: «لە کڵاوێنی کوردەوارییەوە وەرگیراوە کە بۆ سەردەمی زەردەشتییەکان دەگەڕێتەوە، کە لەو سەردەمانەوە لەدیوەخانەکاندا، شەوانە کاتیان بەم یارییە بەسەربردووە، بەڵام تورکمان گۆڕانکاریی بەسەر ئەم یارییەدا هێناوەو لەبری کڵاو، سینی‌و کوپە بەکاردەهێنن‌و بووەتە نەریت لە شاری کەرکوک کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیش، بەتایبەت لەنێوان کوردو تورکماندا بەهێزتردەکات».

### ڕەمەزان پلانی ئەمنیشی گۆڕیوە

جیاواز لە مانگەکانی دیکە، هەموو ساڵێک لە ڕەمەزاندا، هێزەکانی پۆلیسی کەرکوک، پلانی ئەمنیی نوێ بەکاردەهێنن‌و لەو بارەیەوە، عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ساڵانە، لە مانگی ڕەمەزانداو بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتییان لە سەرجەم سنووری پارێزگاکەدا، پلانێکی ئەمنیی تۆکمە بەڕێوەدەبەین».

لەبارەی لایەنی تەکنیکی پلانی ڕەمەزانەوە، سەرحەد قادر دەڵێت: «لەسەرەتای مانگەوە، هێزەکانی پۆلیس لە دەوروبەری شوێنە ئاینییەکان بڵاودەکرێنەوەو کاتەکانی بانگی بەیانی‌و ئێوارەو لەکاتی نوێژی هەینیشدا کە خەڵکی زۆرتر ڕوو لە مزگەوت‌و حوسێنییەو شوێنە پیرۆزەکان دەکەن، هێزەکانی پۆلیس بە وردیی‌و تۆکمەیی، ئەمنیەتی ئەو خەڵکانە دەپارێزن، جگەلەوەش بازاڕو شوێنە گشتییەکان‌و ئەو شوێنانەی شەوانە خەڵکی یارییە فۆلکلۆرییەکانی تیا ئەنجام دەدەن، دەخرێنە ژێر کۆنترۆڵی ئەمنیی توندەوە».

# ویکیلیکس، ئەو سایتەی تەنگی بە ئەمریکاو چینیش هەڵچنیوە

ئا: شاڵاو فەتاح

بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند دۆکیۆمێنتێکی نهێنیی سەربازیی ئەمریکییەوە لەلایەن ماڵپەری ویکیلیکس، بەرپرسانی ئەمنیو سیاسیی ئەمریکا نیگەرانیی خۆیان لە وەها هەنگاوێک دەربڕی

ویکیلیکس ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەو تایبەتمەندە بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەو دۆکیۆمێنتی نهێنیی لەگەڵ گەرەنتیکردنی پاراستنی سەرچاوەکانیان، ماڵپەری ڕێکخراوەکەش لە ساڵی (٢٠٠٦)دا کرایەوەو لەئێستادا لەلایەن کۆمپانیای «سەنشاین پرێس»ەوە بەڕێوە دەبرێت، لە ماوەی ساڵێک کارکردندا سایتەکە بانگەشەی ئەوەیکرد کە نزیکەی (١,٢) ملیۆن دۆکیۆمێنتی لە داتابەیسەکەیدا داناوە.

ئەم ڕێکخراوە ڕایگەیاندووە، کە لەلایەن چەند ئۆپۆزسیۆنێکی چینییەوە درووستکراوە، ئەمە جگە لە بەشداریکردنی ڕۆژنامەنووس، بیرکاریزان، تەکنەلۆژیستی ئەمریکی، تایوانی، ئەورووپیو ئوسترالیی لە درووستکردنیدا. گۆڤاری نیویۆرکەر لە مانگی (٧)ی حوزەیرانی ئەمساڵدا، جولیان ئاسانجی ڕۆژنامەنووسو چالاکوانی بواری ئینتەرنێتی ئوسترالی بە بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە لەقەڵەمدا، بەڵام ئەوانەی سایتەکەیان بیناکردووە تائێستا بەشێوەیەکی فەرمیی نەناسراون، پێشترو تا ساڵی (٢٠٠٧)، لەلایەن جولیان ئاسانجەوە نوێنەرایەتی دەکرا، ئاسانج دەیوت: ئەو ئەندامی بۆردی ڕاوێژکاری ویکیلیکسە، بەڵام هەواڵو ڕاپۆرتەکانی ئوسترالیاش ئاسانجیان بە «دامەزرێنەری ویکیلیکس» ناودەبرد.

ڕووکاری سایتەکە لە وێکیپێدیا دەچێتو بەکارهێنەران بە ئاسانیی دەتوانن بەکاری بهێنن، بۆ خوێندنەوە، پاراستن یاخود ئەپلۆدکردنی دۆکۆمێنتەکانیو هیچ کۆتو بەندێکیش لەسەر سایتەکە دانەنراوە، بەڵام ئەم سایتە سیاسەتی دارشتنی هەیەو تەنیا ئەو بەڵگەنامانە بڵاودەکاتەوە کە پەیوەستن بە بابەتەکانی «سیاسیی، دبلۆماسیی، مێژوویی، یان ئەخلاقی»یەوە.

لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٩)دا، سایتەکە (١٢٠٠) خۆبەخشی تۆمارکراوی هەبوو، ئەمە جگە لە بۆردێکی ڕاوێژکاریی کە لە نۆ کەس پێکهاتبوو (لەنێویاندا جولیان ئەسانج)، بەڵام یەکێک لەو نۆ کەسە کە نامگیال خامستیسانگ بوو ڕایگەیاند: هەرچەندە پەیوەندیی پێوەکراوە، بەڵام ئەو هەرگیز نەبووە بە ئەندامی ویکیلیکس.

ویکی لیکس، چەندین خەڵاتی بردووەتەوە، لە ساڵی (٢٠٠٨) خەڵاتی «میدیای نوێ»ی گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بردەوەو لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، ویکیلیکسو جولیان ئاسانج بەیەکەوە خەڵاتی «میدیای نوێ»یان لەلایەن ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنالەوە پێبەخشرا، لە مانگی ئایاری ئەمساڵیشدا نیۆیۆرک دەیلی نیوزی ئەمریکی لە ڕیزبەندی یەکەمی لە لیستی ئەو سایتانەدا پێبەخشی بوو کە دەتوانن هەواڵ بگۆڕن.

**"لەمانگی تەممووزدا (٧٦) هەزارو (٩٠٠) دۆکیۆمێنتی لەسەر شەڕی ئەفغانستان بڵاوکردەوە"**

لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا ئەم ماڵپەرە گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاوڵاتییانی عێراقی بەدەستی هێزەکانی ئەمریکا دەکوژران، لە مانگی تەممووزیشداو لەژێر ناونیشانی یادەوەرییەکانی شەڕی ئەفغان، ئەم سایتە (٧٦) هەزارو (٩٠٠) دۆکیۆمێنتی بڵاوکردەوە، کە پێشتر نەخرابوونە بەردەم جەماوەر، هەندێک پێیانوابوو کە ویکیلیکس لەلایەن هاکەرە چینییەکانەوە ئیختیراقکراوەو بەم هۆیەوە زانیارییە نهێنییەکان دزەیان کردووە بۆ حکومەتی چین.

یەکێک لە ئامانجەکانی ویکیلیکس بڵاوکردنەوەی بەڵگەکانە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسەکان لەسەر بڵاوکردنەوەیان سزا نەدرێن، بۆ نموونە شی تاو، ڕۆژنامەنووسی چینی بۆ دە ساڵ سزادرا تەنیا لەبەر بڵاوکردنەوەی ئیمەیلی بەرپرسێکی چینی.

لە ماوەی کارکردنیدا وێبسایتی ویکیلیکس ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی دارایی بووەتەوەو هەندێک کاتیش بووەتە هۆی ڕاگرتنی کارکردنی سایتەکە، بەپێی زانیارییەکان، پێنج کەس بەردەوام لە ویکیلیکسدا کاردەکەنو (٨٠٠) کەسیش بۆ ماوەیەکی کاتی کاردەکەن، هیچ ئۆفیسێکی فەرمی نییەو خەرجی ساڵانەشی دەگاتە (٢٠٠) هەزار یۆرۆ، زۆریی ئەم خەرجییەش بۆ سێرڤەرو بیرۆکراتەکانە، بەڵام ئەم خەرجییە دەگاتە (٦٠٠) هەزار یۆرۆ ئەگەر پارەی کاری خۆبەخشەکان بدرێت، تاکە سەرچاوەی داهاتی ویکیلیکسە بەخشینو بەخششە، بەڵام ئێستا خەریکی ئەوەن کە سیستمێک بۆ بەدەستهێنانی داهات دابنێن، بەجۆرێک گەیشتنی خێرا بە دۆکیۆمێنتەکان بڕێک پارەی بوێت.

ئەندامانی ئەم سایتە چەندینجار ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی پۆلیس بوونەتەوەو ساڵی پار پۆلیسی ئەڵمانیا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی تیۆدۆر ڕیپ، کە خاوەنی دۆمەینی ئەڵمانی ویکیلیکسە، ئەمەش دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک لەسەر دەسەڵاتی میدیاو پەیوەندییەکانی نەمسا، لە مانگی حەوتی ئەمساڵداو دوای ئەوەی یاکوب ئەپێلباوم نوێنەرایەتی ویکیلیکسی کرد لە کۆنفرانسێکدا، لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ئەمریکا بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لە فرۆکەخانە ڕاگیراو تەواوی جانتاو لاپتۆپو مۆبایلەکانی پشکنران. لە ئێستاشدا حکومەتی چین خەریکی یاساغکردنی تەواوی ئەو سایتانەیە کە وشەی ویکیلیکسی تێدابێت، بە سایتە فەرمییەکەشەوە، بەڵام هێشتاش بەناوی جیاوازەوە دەتوانرێت لەو وڵاتەدا بکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بەردەوام باس لە بوونی هەڕەشە دەکەن لە دژیان.

بەپێی ڕاپۆرتێکی «دەیلی بیست»یش، ئیدارەی ئۆباما داوای لە هەریەکە لە وڵاتانی بەریتانیاو ئەڵمانیاو ئوسترالیا کردووە، کە جولیان ئاسانجو ویکیلیکس دادگایی بکرێن لەسەر بڵاوکردنەوەی مەلەفی یادگارییەکانی شەڕی ئەفغان.



جولیان ئاسانج

# ئۆباما: جەنگی عێراق کۆتاییهات

ئا: ڕۆژنامە

باراک ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند: جەنگی عێراق کۆتاییهاتووەو ئەویش پەیمانی خۆی بۆ کێشانەوەی هێزەکان بەجێهێناوە، لە وتاری هەفتانەی خۆیدا کە لە ڕادیۆو ئینتەرنێتدا بڵاوکرایەوە، باراک ئۆباما مژدەی بە گەلی ئەمریکا دا، کە شەوی سێشەممەی ئەم هەفتەیە بە فەرمیی هەواڵی کۆتاییهێنانی جەنگ دەدات بە گەلی ئەمریکاو لە ئۆفیسی سەرۆکایەتی ئەمریکاشەوە بەوبۆنەیەوە وتارێک پێشکەش دەکات.

ئۆباما تەواوی وتاری هەفتانەی خۆی بۆ دووان دەربارەی کۆتاییهێنان بە جەنگی عێراقو ئەرکی ئەوان بەرامبەر سەربازە گەڕاوەکان تەرخانکرد، ئەوەش دەبینرێت کە ئۆباما گرنگیی زیاتری بە سەربازە ئەمریکییەکان دا تا عێراق، ئەو عێراقی بە وڵاتێکی «سەربەخۆ»و ئامادە بۆ گرتنە دەستی دۆخی ئەمنیی خۆی پیشاندا، بەڵام نیگەرانیی زۆری بەرامبەر دۆخی سەربازەکان لە جەنگدا پیشانداو پەیمانی دا کێشەکانیان چارەسەر بکاتو هەلی زیاتریان پێببەخشێت.

لە سەرەتای وتارەکەیدا باراک ئۆباما، بیری ئەمریکییەکانی هێنایەوە کە کۆتاییهێنان بە جەنگ بەشێک بووە لە کەمپەینی سەرۆکایەتی خۆیو هەربۆیە دەیەوێت ئەو پەیمانە بەجێ بگەیەنێت، ئۆباما وتی: ڕۆژی سێشەممە، دوای زیاتر لە حەوت ساڵ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆتایی بە ئەرکی سەربازیی خۆی لە عێراق دەهێنێتو هەنگاوێکی گرنگ دەنێت لە بەرپرسیارێتی کۆتایی هێنان بە جەنگی عێراقدا. وەک کاندیدێکی سەرۆکایەتی، پەیمانم پێدان کۆتایی بەو جەنگە بهێنم، وەک سەرۆکیش ئەو پەیمانە بەجێدێنم، دواتر ئۆباما ئاماژەی بەوەکرد: لەئێستادا عێراقییەکانو چەند بەشێکی عێراق ئامادەی لە ئەستۆگرتنی باری ئەمنییەو چیدی پێویستییان بە ئەمریکا نەماوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە، ئۆباما کشانەوەی بەشێک لە هێزەکانیان بە هەنگاوی یەکەم داناو وتی: ئێمە سەدان بنکەمان لە عێراق داخستووەو لە زۆر بەشی ئەو وڵاتەدا عێراقییەکان ئامادەی گرتنە ئەستۆی باری ئەمنین.

بەڵام کۆتاییهێنان بە جەنگ بە مانای کشانەوەی تەواوەتی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق نایەت. هێشتا (٥٠) هەزار سەربازی ئەمریکا لە عێراقدا دەمێننەوەو بڕیارە لە کۆتایی ساڵی داهاتوودا بکشێنەوە، ئۆباما لە وتاری هەفتانەی خۆیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی پاشماوەی هێزەکانیان لە عێراق کردو وتی: لە چەند مانگی داهاتوودا هێزەکانمان بەردەوام دەبن لە پشتگیریکردنو ڕاهێنانی هێزە عێراقییەکانو هاوبەشی عێراقییەکان دەکەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمو مەدەنیو سەربازییەکانیش دەپارێزن، دواتر ئۆباما ئاماژەی بەوەکرد: لەگەڵ کۆتاییهاتن بە جەنگ، عێراق دەبێتە وڵاتێکی خاوەن سەروەرییو سەربەخۆییو چیدیکە لەژێر چاودێریی هێزە بیانییەکاندا نابێت، وتیشی: «بەڵام خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە: جەنگ کۆتایی دێت، وەک هەر نەتەوەیەکی دی خاوەن سەروەرییو سەربەخۆ، عێراق ئازادە خۆی بەڕێوەبەرێت، لە کۆتایی ساڵی داهاتووشدا، گشت هێزەکانمان دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمان.

ئۆباما لە وتەکەیدا ئەوەی بەبیر هێنایەوە کە بۆ هەندێک لە خێزانە ئەمریکییەکان جەنگ هێشتا کۆتایی نەهاتووە، چونکە هەندێک لەو سەربازانە کە دەگەڕێنەوە وڵات، تووشی چەندین نەخۆشی سایکۆلۆژیی بوونو پێویستی زۆریان بە چارەسەرە، ئەو پەیمانی چارەسەری بە خێزانی ئەو سەربازانە داو پەیمانیشی پێدان کە چانسی زیاتریان لەبەردەمدا دروستدەکات بۆ ژیانێکی باشتر، بۆ ئەمەش باسی لە پلانێکی ئامادەکراو کرد لەلایەن جێگرەکەی خۆیەوە «جۆی بایدن» بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی لە جەنگدا بەشدارییان کردووەو ئەو سەربازانەشی کە دەیانەوێت ئیش بدۆزنەوە بەشی تایبەتیان بۆ ڕاهێنان بۆ دەکرێتەوە.

چەندین لێکۆڵینەوە دەریانخستووە، کە ئەو سەربازانەی بەشدارییان لە هەردوو جەنگی عێراقو ئەفغانستاندا کردووە، زۆرێکیان تووشی نەخۆشی دەروونی دەبنو وێنەکانی ڕابردوویان لە مەیدانی جەنگدا دێتەوە بەرچاو.

ئۆباما ئاماژەی بەوەکرد: جەنگی ئەمریکا لە عێراقو ئەفغانستان دوو جەنگی زۆر درێژبوونو سەربازەکانیان قوربانیی زۆریان داوە لەپێناو دابینکردنی ئازادییو ئاسایشدا، ئۆباما ئاماژەی بەوە کرد: زیاتر لە یەک ملیۆن سەرباز بەشدارییان کردووە لە جەنگی عێراقدا، ئەمەش ژمارەیەکی زیاترە لە هەر دەستیۆەردانێکی ئەمریکا لەدوای جەنگی ڤێتنامەوە، لە دوابەشی وتارەکەیدا باراک ئۆباما داوای لە خەڵکی ئەمریکا کرد، کە سوپاسی سەربازانی ئەمریکا بکەنو لە وێبسایتی فەرمیی کۆشکی سپییدا پێزانینیان بۆ دەربڕن.



باراک ئۆباما

سندووقی نیشتەجێبوون پارەی تێدا نەماوە 14

# کوردستان دەبێتە گرنگترین شەریکی پرۆژەی نابوکۆ

## وتەبێژی نابوکۆ بۆ رۆژنامە: عێراق دەبێتە هاوبەشێکی گرنگ‌و جێگیری پرۆژەکە

ئا: شالاو فەتاح

هەرێمی کوردستان دەبێتە سەرچاوەیەکی دابینکردنی گاز بەهۆی گرێبەستێکەوە کە لەنێوان کۆمپانیایەکی ئەڵمانیاو حکومەتی هەرێمدا ئیمزاکراوە، وتەبێژی پرۆژەی نابوکۆش رایگەیاند: «عێراق گازدابینکارێکی گرنگی نابوکۆ دەبێت‌و دەتوانێت ببێتە هاوبەشێکی جێگیری پرۆژەکەو بازاڕی ئەوروپا».

هەینی رابردوو (٢٧)ی ئاب کۆمپانیای (ئار.دەبلیو.ئی) گرێبەستێکی هاوکاریی بۆ گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بۆ تورکیاو ئەوروپا بەست‌و بەپێی ئەم گرێبەستەش لە داهاتوودا هەرێمی کوردستان گاز بۆ هێڵی نابوکۆ دابیندەکات.

هەرچەندە لێدوانەکان باس لە بوونی رێکەوتنێکی ماوە درێژ دەکەن، بەڵام هیچ هەنگاوێکی کۆنکرێت بۆ داهاتوو دیارینەکراوە، بڕیاری وەبەرهێنانیش لەلایەن نابوکۆوە، لانیکەم بۆ سەرەتای ساڵی داهاتوو دوادەکەوێت.

پێشترو ئەم پرۆژەیە کێشەی نەبوونی سەرچاوەی پێویستی گازی هەبوو، ئێرانیش بەوهۆیەوە گرەوی لەسەر شکستی پرۆژەکە دەکرد، بەڵام بڕی ئەو گازەی کە بڕیارە لە تورکیاوە بەرێ بکرێت، ساڵانە (٣١) ملیار مەتر سێجاو هەرێمی کوردستانیش، بەپێی وتەی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم، (٢٠) ملیار مەتر سێجا دابیندەکات، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە (٣/٢)ی ئەو گازەی لەڕێی بۆرییە گازەکانی تورکیاوە دەڕوات، لە هەرێمی کوردستانەوە دەبێت‌و دەبێتە گرنگترین دابینکاری گازی پرۆژەکە.

خاوەن پشکەکانی پرۆژەکە بڕیاریان دابوو کە دوو سەرچاوەی گازی سرووشتی بۆ پرۆژەکە زیادبکەن، یەکێکیان لە وڵاتی جۆرجیاو دووەمیش لە عێراق، هەرچەندە ئێران بە سەرچاوەیەکی گازی سرووشتی زۆر گرنگ دادەنرێت لە جیهاندا، بەڵام بەهۆی ململانێ سیاسییەکانەوە نەبووەتە بەشێک لەم پرۆژەیە. داهاتی هەناردەکردنی گازی هەرێم بەسەر گشت پێکهاتەکانی عێراقدا دابەشدەکرێت‌و لە بیناکردنەوەی ئەو وڵاتەدا سوودی لێدەبینرێت، بەڵام کێشەیەکی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە کەرەستەی گواستنەوەی گازی نییە، هەربۆیە وەک بەشێک لە گرێبەستەکە، کۆمپانیاکە ئامرازو کەرەستەی گواستنەوە دابیندەکات، سەبارەت بە مافی هەرێم بۆ بەستنی ئەو جۆرە گرێبەستانە بەبێ گەڕانەوە بۆ عێراق، ئاشتی هەورامی بەرگریی لە گرێبەستەکەیان کردو وتی: «ئەوە مافی خۆمانە کە گاز بۆ دەرەوە بگوازینەوە، بەتایبەت کە داهات بۆ عێراق زیاد دەبێت».

بەڵام لە راستیداو پێشووتریش چەندین کێشە لەنێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمدا دروستبوو لەسەر گواستنەوەی نەوت.

حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق، ئەو گرێبەستانەی کە حکومەتی هەرێم بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا دەیانبەستێت بە نایاسایی وەسفدەکات‌و لە بەرامبەردا هەورامی پێیوایە: شەهرستانی «بێئاگا»یە لەو پێشکەوتنانەی لە هەرێمەکەدا روویانداوە. ئاشتی هەورامی لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووساندا دەربارەی کاتی دەستپێکردنەوەی هەناردەکانی نەوت وتی: «ئێمە دەتوانین لەماوەی (٢٤) کاتژمێردا نەوت هەناردە بکەین، بەڵام ئەمە لەسەر بڕیاری بەغدا دەوەستێت‌و ئەوان رایانگرتووە».

ئار.دەبلیو.ئی، کە خاوەن پشکێکی پرۆژەی نابوکۆیە، بە بەستنی ئەم گرێبەستە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دەیەوێت پشتبەستوویی ئەوروپا بە گازی رووسیا کەمبکاتەوە، کە بووەتە هۆی لاوازکردنی کارتە سیاسییەکان بەرامبەر رووسیا، تائێستا رووسیاو ئێران چەندینجار دووپاتیانکردووەتەوە کە پرۆژەی نابوکۆ سەرکەوتوو نابێت، ئەمەش لەلایەکەوە لەبەر رکابەریکردنی گازی رووسیاو لەلایەکی دیکەوە لەبەر بەشدارییپێنەکردنی ئێران لەو پرۆژەیەدا، بەڵام خاوەن پشکانی پرۆژەی نابوکۆ پێیانوایە، کە تورکمانستان‌و ئازەربایجان‌و عێراق بەسن بۆ ئەوەی هێڵەکانی پرۆژەی گازی نابوکۆ بەتاڵ نەبێت.

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، کریستیان دۆلزەل، وتەبێژی پرۆژەی نابوکۆ، کە لەهەمانکاتدا بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانیشە، پێگەی عێراقی بە «گرنگ‌و جێگیر» وەسفکردو وتی: «عێراق گازدابینکارێکی گرنگی نابوکۆ دەبێت‌و دەتوانێت ببێتە هاوبەشێکی جێگیری پرۆژەکەو بازاڕی ئەوروپا».

بڕیارە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٤)وە هێڵەکانی نابوکۆ (٣١) ملیار مەتر سێجا گاز لە تورکیاوە بۆ ئەوروپای خۆرئاوا بگوێزنەوە، بۆ ئەمەش هێڵەکە دەبێت سێ هەزار کیلۆمەتر درێژبێت‌و بە رۆمانیاو هەنگاریاو بولگاریاو نەمسادا بڕوات.

هەرچەندە پرۆژەکە پلانی ئامادەکراوی بۆ گواستنەوەی گاز لە ئێرانەوە بۆ ئەوروپای خۆرئاوا هەبوو، بەڵام پێدەچێت گشت پلانەکان رەفزبکرێنەوە بەهۆی گەورەبوونی کێشەکانی نێوان ئێران‌و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە بەرامبەردا ئێران پێیوایە هێڵەکانی نابوکۆ بەبێ بوونی سەرچاوەیەکی وەک ئێران تەنیا «بۆری بەتاڵ» دەبن‌و هیچی دیکە.

جگە لە کۆمپانیای ئار.دەبلیو.ئی، هەردوو کۆمپانیای ئۆ.ئێم.ڤی نەمسایی‌و کۆمپانیای مۆل بووی هەنگاری بەشدارن لە گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیاو دواتریش بۆ خۆرئاوای ئەوروپا.

### یەکێتیی ئەوروپا وەبەرهێنان لە هێڵی نابوکۆ دەکات

کۆمسیۆنی ئەوروپا پێشبینی وەبەرهێنانی 250 ملیۆن یۆرۆ لە تەمویلی نابوکۆ، ئەو پرۆژەیەی کە گازی سروشتی لە قەزوینەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا دەگوێزێتەوە دەکات. ئەوروپا دەیەوێت ئەم پرۆژەیە ببێتە جێگرەوەیەک بۆ گازی روسیا کە زۆرجار وەک کارتێکی فشار بۆ ململانێ سیاسییەکان بەکاریدەهێنێت




پلانی ئەوروپا بۆ پشتبەستنی کەمتر بە سەرچاوەی گازی سروشتی رووسیا

| 1 نابوکۆ | |
|---|---|
| تێچوون | 7.9 ملیار یورو |
| درێژی | 3.300 کلم |
| کاتی کردنەوە | 2011 |
| وزەی رۆیشتوو | 31 ملیار م مکعب/ساڵانە |


| 2 میدغاز | |
|---|---|
| تێچوون | 900 ملیۆن یۆرۆ |
| درێژی | 210 کلم |
| کات | ناوەراستی 2009 |
| وزە | 8 ملیار مەتر3 |

| 3 گالسی | |
|---|---|
| تێچوون | 2 ملیار یورو |
| درێژی | 1.470 کلم |
| کات | 2011 |
| وزە | 8 ملیار مەتر3 |

پلانەکانی رووسیا بەناو خاکی ئۆکرانیادا بۆ گەیاندنی گاز بە ئەوروپا

| 4 نۆرد ستریم | |
|---|---|
| تێچوون | 7.4 ملیار یورو |
| درێژی | 1.220 کلم |
| کات | 2012 |
| وزە | 55 ملیار مەتر3 |

| 5 ساوس ستریم | |
|---|---|
| تێچوون | 10 ملیار یورو |
| درێژی | 900 کلم* |
| کات | 2013 |
| وزە | 30 ملیار مەتر3 |




یەدەگی گاز، 2007
ترلیۆن مەتر موکەعەب
رووسیا: 45
دەریای قەزوین: 34
ئازەربایجان، ئێران
کازاخستان، تورکمانستان

سەرچاوە: Nabucco Gas Pipeline Int. GmbH, MEDGAZ MEM, Nord Stream AG, ENI, GAZPROM, BP

© GRAPHIC NEWS

# لێبووردنی گشتیی، کوردەکان‌و جەهەپە دەکاتە یەک بەرە



کەمال کلیچدار

ئا: رۆژنامە

کەمال کلیچدارئۆغڵوی سەرۆکی پارتی کۆماری خەڵک (جەهەپە)، لە چاوپێکەوتنێکدا «لێبووردنی گشتیی» بۆ چەکدارانی پەکەکە بە دروست زانی، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی چەند کاردانەوەیەک لە سیاسەتی تورکیادا، زۆربەی سیاسییەکانی تورکیا رەخنەی توندیان لە کلیچدار ئۆغڵو گرت بەوەی، کە داوای لێبووردنی گشتیی بۆ «تیرۆریستان»و ئەو کەسانە دەکات کە لە چەندین رووداوی خوێناویی دژی خەڵک‌و سوپای تورکیا بەشدارییان کردووە.

لە میانەی لێدوانێکیدا لە تونجەلی‌و رۆژی چوارشەممە (٢٥)ی ئەم مانگەو لەکاتی کەمپەینکردن بۆ دەنگنەدان بە ریفۆرمە دەستوورییەکان، کلیچدار ئۆغڵو وتی: دەنگدان بە «نەخێر» رێگە لەبەردەم لێبووردنی گشتیی بۆ هەمووان خۆشدەکات، ئەمەش سەدان ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەگرێتەوە، کە ئێستا لە زیندانەکانی تورکیادان بەهۆی بە تۆمەتی جوداییخوازیی‌و تیرۆریزم، ئەم داوایەی کلیچدار ئۆغڵو وەک بەشێک لە هەڵمەت‌و بانگەشەی ئەوان لە دژی ریفۆرم‌و بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی کوردەکانی ئەو وڵاتە دێت، ئەمەش هەمووانی سەرسام کردو هەندێک لە گۆشەنووسان پێیانوایە؛ دەبێتە هۆی لاوازکردنی راستەوخۆی پێگەی جەماوەریی پارتەکەی.

لە بەرامبەردا لایەنە سیاسییەکانی تورکیا لە ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ حکومەت رەخنەی توندیان لە کلیچدار ئۆغڵو گرت، رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، رەخنەی توندی لە کەمال کلیچدار ئۆغڵو گرت‌و وتی: تەنانەت منیش سەڵاحیەتی وەها پێشنیازێکم نییە، نازانم ئەو چۆن ئەم پێشنیازانە دەکات، لەکاتی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیدا ئەردۆغان وتی: «من یەکەمین کەس دەبم کە دژایەتی لێبووردنی گشتیی دەکەم، من ئەو سەڵاحیەتە لەخۆشمدا نابینم وەها پێشنیازێک بکەم، نازانم ئەو چۆن دەیکات؟ کێ ئەم سەڵاحیەتەی پێداوە»، دواتر ئەردۆغان باسی لەوەکرد کە لێبووردنی گشتیی دەبێتە هۆی ئازاردانی هەستی خێزانی ئەوانەی لە شەڕەکاندا کوژراون.

ئەمە جاری یەکەم نییە، کە کلیچدار ئۆغڵو پشتگیریی لێبووردنی گشتیی دەکات، پێشترو پێش بوونی بە سەرۆکی پارتەکەی ئەوەی راگەیاند، کە جەهەپە پشتگیریی لە لێبوردنی گشتیی دەکات، ئەگەر ئەوە ببێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، «ئەگەر ئەمە ببێتە هۆی بەرقەرارکردنی ئاشتی لە کۆمەڵگەدا، ئێمە ئامادەین بڵێین «بەڵێ» بۆ لێبووردنی گشتیی» ئەمەشی لەکاتی وتەیەکدا لە شاری باتمان وت.

بەڵام بەگوێرەی رەخنەگرانی، کێشەی کلیچدار ئۆغڵو ئەوەیە کە زۆربەی کات لە قسەکانی خۆی پەشیمان دەبێتەوەو لەژێر کاریگەریی رای خەڵکی تردایە، بۆ نموونە لەدوای رەخنەگرتن لە بانگەوازی ئەو بۆ لێبووردنی گشتیی وتی: قسەکانی خراپ تەفسیر کراون، جێگری سەرۆک وەزیران جەمیل چیچەک، هەمان رەخنەی لە کلیچدار ئۆغڵو گرت‌و وتی: کلیچدار ئۆغڵو هەمیشە بانگەوازێک دەکات‌و دواتر بەهۆی کاردانەوە توندەکانی پارتەکەیەوە لێیدەکشێتەوە. هەربۆیە پێیوابوو؛ بەمزووانە لەم وتەیەشی پەشیمان دەبێتەوە.

توندترین کاردانەوە لەلایەن دەوڵەت بەخچەلی، سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیست (مەهەپە)وە بوو، بەخچەلی کلیچدار ئۆغڵوی ئاگادارکردەوە لەوەی ئاگاداری سنوورەکانی خۆی بێت‌و نەیبەزێنێت، بەخچەلی پێیوابوو ئەو سیاسییانەی کە دەنگ بە «نەخێر» بۆ ریفۆرمە دەستوورییەکان دەدەن، دەبێت ئاگاداری وشەکانیان بن‌و ئەمە ئیهمالییە ئەگەر لەئێستادا قسە لە لێبووردنی گشتیی بکەین.

ئەم بانگەوازەی کلیچدار ئۆغڵو هێندە لەناکاو بوو، تەنانەت لەلایەن پەرلەمانتارانی پارتەکەی خۆشیەوە رەخنەی لێگیرا، بەڵام هەندێکیان پشتگیرییان کردو لە دواجاردا پارتەکەی خۆی کرد بە دوو بەشەوە، یەکێک لەو پەرلەمانتارانەی رەخنەی لێگرت جانان ئاریتمان بوو لە پارێزگای ئیزمیر، کە قسەکانی کلیچدار ئۆغڵوی بە «قبووڵنەکراو» لەقەڵەمدا.

تەنیا پارتێک کە پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ بانگەوازەکەی کەمال کلیچدار ئۆغڵو دەربڕی، پارتی پرۆ کوردی ئاشتی‌و دیموکراسی (بەدەپە) بوو، ئەم پارتە پێیوابوو کە پێشنیازی لێبووردنی گشتیی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی سەرەکیی واتە جەهەپەوە ئاسانکاریی دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، نوری یامانی، پەرلەمانتاری بەدەپە، هیوای خواست کە پێشنیازەکەی بەدەپە تەنیا لە قسەدا نەمێنێتەوە، بەڵکو بەرگریی لە رای خۆی بکات، چونکە کێشەی کورد تەنیا بە حیزبی دەسەڵاتدار چارەسەر ناکرێت‌و پشتگیریی لایەنی ئۆپۆزسیۆنیشی دەوێت بۆ چارەسەرکردن. فاتمە کورتلان، کە پەرلەمانتارێکی دیکەی بەدەپەیەو لە پارێزگای وان پشتگیریی خۆی بۆ کلیچدار ئۆغڵو دەربڕی، بەڵام فاتمەش هیوای خواست کە هەر ئەوەندەی گەیشتنەوە ئەنقەرە، قسەکانی دیاربەکریان بیرنەچێتەوە.

### ژمارەیەکیان لەسەر بنەمای حیزبی بون مینحەیان پێدەدرێت

# بڕینەوەی مینحە بەیەکسانی بۆ ڕێکخراوەکان نارەزایەتی لێدەکەوێتەوە

**راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پەرلەمانتاران دژی بڕیاری بڕینەوەی یەکسانی مینحەی ڕێکخراوەکانن لەلایەن حکومەتەوەو ئاماژە بەوەدەکەن، کە ئەو بڕیارە چەندین دەرکەوتەی خراپی تایبەت بەکاری ڕێکخراوەکانو کۆمەڵگەی مەدەنی لێدەکەوێتەوە.**




لــەدوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٢١ لە رۆژی ٢٠١٠/٧/١٩و راپۆرتی لیژنەی پێکهاتوو بەفەرمانی ژمارە ٣٩٩٠ لەبەرواری ٢٠١٠/٤/٢٠ی سەبارەت بەچاوخشاندنەوە بەمینحەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، رۆژی سێشەممەی رابـردوو حکومەتی هەرێم بڕیاری دا بە بڕینەوەی مینحە بەیەکسانی بەسەر ڕێکخراوەکاندا، ئەمەش دژی خواستی زۆرینەی رەهای ڕێکخراوەکانە کە پێیان باشە لەسەر بنەمای پرۆژەو پرۆپۆزەڵ مینحەیان پێبدرێت.

هۆشیار مالۆ هەماهەنگی سەنتەری نێودەوڵەتی یاسا قازانج نەخوازەکان لە عێراقو کوردستان، هەر لەبنەڕەتدا دژی بڕینەوەی مینحەی مانگانەیە بۆ ڕێکخراوەکانو پێیوایە کە ئەوە بەشێک لەسەربەخۆیی ڕێکخراوەکان پێشێلدەکات، بەتایبەتیش سەربەخۆیی دارایی، وتیشی: «بڕینەوەی مینحەی مانگانە جۆرێکە لەکۆنترۆڵکردنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان»، ئاماژەی بەوەشکرد کە چەند ساڵێکە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەوڵی چارەسەرێکی گونجاودان بۆ ئەو مەسەلەیە چەندین پێشنیار کراوەو لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کـۆبـوونـەوە ئـەنـجـامـدراوەو لەسەر مەسەلەکان ڕێککەوتن هەبووە هەتا ئەو کاتەی کە دەگاتە بودجەی ڕێکخراوەکان ئیتر مەسەلەکە رادەوەستێت.

نزیکەی دوو ساڵە ژمـارەیـەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پرۆژەیاسایەکیان بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری ڕێکخراوەکان پێشکەشی پەرلەمان کــردوە، کە تێیدا داوادەکــەن بودجەی ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای چالاکیو پرۆژەو پرۆپۆزەڵی پێشکەشکراوبێت نەک مینحەی مانگانە چونکە ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراو هەن کە ناچالاکنو جێدەستیان بەشێوەیەکی کارا لەکۆمەڵگەدا دیار نییە.

هـەروەک هۆشیار ئاماژەی پێدا کە ڕێکخراو هەیە ناتوانێت لەبوارە گرنگەکانی کۆمەڵگەدا پـرۆژە پێشکەش بکات، کە بەبڕوای ئەو، ئەو ڕێکخراوانە شایەنی ئەوەنین کە لەگەڵ ڕێکخراوە چالاکەکاندا بەیەکسانی مینحەی مانگانەیان پێبدرێت.

لەچەند ساڵی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراو بـڕە پـارەی خەیاڵیان لەحکومەت بەناوی ئەنجامدانی چالاکیەوە وەردەگـرت کە چالاکییەکانیان لەئاست ئەوەدا نەبوون کە توێژێک لەتوێژەکانی کۆمەڵگا لێی سوودمەند بێت، هەربۆیە بە بڕوای چالاکوانێکی کۆمەڵگەی مەدەنی کەمکردنەوەی ئەو بڕە مینحەیە لەلایەن حکومەتەوە جۆرێک لەئیجابیاتیشی تێدایە.

فەلاح مورادخان بەرپرسی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی وت: «لە رابـردوودا چارەی ئەم میللەتە بـەنـاوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە تەخشانو پەخشان دەکرا، بەجۆرێک بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ڕێکخراوی وا هەبووە بڕی ٢٠٠ملیۆن دیـنـار زیـاتـری پـێـدراوە، هەربۆیە کەمکردنەوەی ئەو بڕی مینحەیە لەئێستادا جۆرێک لەئیجابیاتیشی تێدایەو بە رای من ئەوە تەحەدایەکە کە حکومەت لەو بوارەدا کردوویەتی».

بەڵام‌ئەوچالاکوانەئەوەشی‌نەشاردەوە کە ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنـی لەسەر بنەمای حیزبیبوون مینحەیان پـێـدەدرێـت، کـە ئەمەش «درێژەپێدەری گەندەڵیو ناشەفافیەکانی رابردووە، چونکە لەدنیادا نییە کە ڕێکخراو مینحەی مانگانەی لەلایەن حکومەتەوە بۆ ببڕدرێتەوە، بەڵکو ئەم سیستمە یەکێکە لە داهێنانەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار کە لە رابـردوودا کۆمەڵێک ڕێکخراویان دروستکردبوو مینحەی زەبەلاحیان بۆ بڕیبوونەوە کە لەبری ئەوەی لەخزمەتی کۆمەڵگەدابن، لەخزمەتی حیزبەکاندا دەبـــوون»، هەربۆیە جەختی کـردەوە لەسەر ئەوەی کە پشتگیری کەمکردنەوەی بودجەی ڕێکخراوەکان دەکەنو پشتگیری حکومەتیش دەکەن کە ئەگەر ئەو مینحەیە هەر لەبنەڕەتەوە نەهێڵنو لەسەر بنەمای چالاکی بیداتە ڕێکخراوەکان.

بـڕیـنـەوەی مینحەی مانگانەو دابەشکردنی بەشێوەیەکی یەکسان بـەسـەر ڕێـکـخـراوەکـانـدا بـەبـڕوای پەرلەمانتارێکی لیژنەی کـاروبـاری کۆمەڵگەی مەدەنی چەندین دەرکەوتەی خراپی لێدەکەوێتەوە.

ئاشتی عەزیز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: «ئەم بڕیارەی حکومەت وادەکـات، کە ژمـارەی ڕێکخراوەکان زۆر بێت، بەڵام لە رووی ناوەرۆکە هیچ خزمەتێک بەکاری ڕێکخراوەیی ناگەیەنن، هاوکات جۆرێک لەگەندەڵی دروستدەکاتو وادەکات کە ڕێکخراوەکان ساردببنەوە لە کارو چالاکی، چونکە ئەگەر کاربکاتو نەیکات پارەیەکی دیاریکراوی خۆی هەبێت».

بـەبـڕوای پەرلەمانتارەکە، پێدانی مینحەی لەسەر بنەمای پرۆژەو پرۆپۆزەڵ وادەکـات کە کارمەندانی ڕێکخراوەکان لەهەوڵی بەرەوپێشبردنی خۆیاندا بن بۆئەوەی پرۆژەی گرنگتر پێشکەش بکەن تا پارەی زۆرتر وەربگرن، بەڵام پێدانی مینحەی مانگانە وادەکــات کە توانای کارمەندی ڕێکخراوەیی دادەبەزێت.

گرنگترینو ترسناکترین پرسیش کە لەو بڕیارەوە دێتەدی بە بڕوای ئاشتی ئەوەیە ئەو ڕێکخراوانە لەهەرلایەنێکەوە مینحە وەربگرن ببنە هاودەنگو پشت بۆ ئەو لایەنە، «بەمەش چالاکوانان منەتیان بەکاری ڕێکخراوەیی خۆیان نابێت، بەڵکو دەبنە گوێگرێکو دەمی خۆیان لەئاست زۆربەی گرفتەکانی کۆمەڵگادا دادەخەن لەپای ئـەو پـارەیـەی کە لە حکومەت وەریدەگرن».

لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی لەپەرلەمانی کـوردسـتـان لـەمـاوەی رابردوودا چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسلێمانیو هەولێرو گەرمیانو کـۆیـەو هەڵەبجە ئـەنـجـامـداوەو لەو کۆبوونەوانەدا بۆیان دەرکەوتووە کە زۆرینەی رەهای ڕێکخراوەکان لەگەڵ پێدانی مینحەن لەسەر بنەمای کارو چالاکی ڕێکخراوەیی، هەربۆیە بەوتەی ئاشتی عەزیز تـەواوی ئەو پێشنیارو تێبینیانەی ڕێکخراوەکانیان کردووەتە راپۆرتێکو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانیان بەرزکردووەتەوە تا ڕێوشوێنی پێویست لەو رووەوە بگرێتەبەر.

# بانکی وەرکا پارەی کاشی تێدا نامێنێت

**راپۆرتی: چاوان عەلی**

لقی سلێمانیی بانکی وەرکا رووبەڕووی کێشەی دارایی دەبێتەوە، شارەزایانی بواری ئابووریش لایان روون نییە کێشەکە تەنیا داراییە، یان هۆکاری سیاسیی لەپشت مایەپووچبوونی ئەم بانکەوە هەیە.

بـانـکـــی وەرکـــا بانکێکی ئەهلیەو لە ساڵی (١٩٩٩)دا دامەزراوەو لەلایەن بانکی ناوەندی عێراقییەوە ڕێگە پێدراوەو لە ئێستادا (١٢٠) لقی لە عێراقدا هەیەو نزیکەی (٣٥٠) دەزگای پێدانی پارەی هەیە، ماوەی چەند مانگێکیشە لقی سلێمانی ئەو بانکە تووشی قەیرانی دارایی بووەتەوە.

ماوەی چەند مانگێکە لقی سلێمانی بانکی وەرکا تووشی کێشەی دارایی بووەتەوەو لە ئێستاشدا رۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان بۆ وەرگرتنەوەی پارەکانیان سەردانی ئەو بانکە دەکەن، بەڵام بەهۆی دەوامنەکردنی بەڕێوەبەرەکەیەوە تەنیا فەرمانبەرەکان لــەوێــنو ئــەوانــیــش هیچ زانــیــاریــیــەک نـــادەن بە بەشداربووان، رۆژنامەش پەیوەندیکرد بە بەڕێوەبەری لقی سلێمانی بانکی وەرکاوە، بەڵام بە پاساوی ئەوەی کە ئەو بەڕێوەبەر نەماوەو ماوەیەکە مۆڵەتی کراوەی وەرگرتووە، هیچ لێدوانێکی نەداو پێی راگەیاندین؛ کە تەنیا وتەبێژی بانکەکە لە بەغدا مافی قسەکردنی هەیە بۆ راگەیاندن.

هاوکات، بەرپرسێکی بانکی ناوەندی عێراق پێیوایە؛ کە بانکەکە پێویستی بە مۆڵەتی نوێ هەیە بۆ کارکردن، مەزهەر محەمەد سالح، بەڕێوەبەری گشتیی ئامار لە بانکی ناوەندی عێراقی ئەوەی خستەڕوو کە دوای ئەو کێشە داراییەی بانکی وەرکا لە پارەی کاشدا دووچاری هاتووە، بانکی ناوەندی بەغدا داوای لە بانکی وەرکا کردووە چاو بەکارەکانیاندا بخشێنێتەوەو خۆی ئامادە بکاتەوە تا دووبارە کاری بانکی بکاتەوە لە عێراقو مۆڵەتی پێبدرێتەوە.

لقی سلێمانی بانکی وەرکــا نزیکەی (٨) هەزار بەشداربووی هەیە، جگە لەوەی پارەی خانەنشینانیش لە ڕێگەی ئامێرە تایبەتەکانی ئەم بانکەوە دابەش دەکرا، ئێستا خەڵکی مەترسیی فەوتانی پارەکانیان هەیە، بەڵام دڵشاد عوسمان، بریکاری وەزارەتی دارایی لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە جەختی کردەوە ئەم بانکە تائێستا ئیفلاسی نەکردووە، بەڵکو پارەی کاشی لەبەردەستدا نییە.


سەبارەت بە مووچەی خانەنشینانیش دڵشاد عوسمان بریکاری وەزارەتـی دارایی هەرێم ئەوەی خستەڕوو کە ڕێگە نادەن مووچەی خانەنشیان بفەوتێتو ئێستا خانەنشینان دەتوانن لە بانکە حکومییەکان مووچەکانیان وەربگرن، تەنیا (١٠٠) خانەنشین هەن کە مووچەی (٣) مانگیان وەرنەگرتووەو لە ئێستادا ئەو کێشەیەش چارەسەر بووە، ئەمە جگەلەوەی کار بۆ هێنانی ئەو ئامێرە تایبەتانە دەکەین کە بۆ راکێشانی پارە لە شەقامەکان دادەنرێت تا خانەنشینان لە ڕێگەیەوە مووچە وەربگرن.

هەرچەندە ئاماژە بۆ ئەوەدەکرێت، کە بانکی وەرکا ئیفلاسی نەکردووەو تەنیا کێشەی پارەی هەیە، بەڵام شارەزایەکی ئابووریی بەڕێوەبەرو بەرپرسانی ئەو بانکە بە هۆکار دەزانێت بۆ ئەو کێشەیەی بانکەکە رووبەڕووی بووەتەوە.

هاوار شێخ رەئوف، بەڕێوەبەری بانکی مەنسورو وەک شارەزایەکی بواری ئابووریی پێیوایە: بەرپرسانی بانکەکە نەیانتوانیوە زاڵبن بەسەر کارەکانیان کە سیولەیان چەندەو چەند سەرف دەکرێتو داهاتەکانیان چەندە، ئەگەرنا ئەو بانکە تووشی ئەم کێشەیە نەدەهات.

ئەو شـــارەزا ئابوورییە ئـەوەش ئاشکرا دەکات، کە بانکی وەرکا بەشێک لە بانکی ناوەندی عێراق ئەو هاوڵاتییانە دەتوانن پەنا بۆ بانکی ناوەندی عێراق بەرن، بەوپێیەی ئەو بانکە بڕێک لە سەرمایەکەی لای بانکی ناوەندییە، هەربۆیە پێویستە هاوکاریی بکرێت کاتێک رووبەڕووی تەنگەژەیەکی دارایی دەبێتەوە، بەمەرجێک هۆکاری کێشەکانی ئەو بانکە تەنیا نەمانی پارەی کاش بێت، نەک وەک بەرپرسانی بانکەکە ئاماژەی پێدەکەن کە کێشەکە سیاسییەو هەوڵی لەناوبردنی ناوبانگو بوونی بانکی وەرکا دەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە، بەڕێوەبەری گشتیی ئامار لە بانکی ناوەندی عێراقیش هاوڵاتییانی دڵنیا کردەوە، کە پارەکانیان نافەوتێت، چونکە هەندێک ڕێوشوێن هەیە کە دەگیرێنە بەر لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی هەر بانکێک بە کێشەیەکی داراییو مایەپووچ بوونو هەر رووداوێکی کتوپڕ کە تووشی بانکەکان دەبێت.




لقێکی بانکی وەرکا لە هەولێر

پێنجوێن؛ تەنیا لە دوو مانگدا (٧٠) خوێندکار وازیان لە خوێندن هێناوە 16

# نرخی عیادە، ساغەکانیش نەخۆش دەخات

بەدواداچوونی:
ساوێن عەبدوڵڵا
ئاریان حەسەن

**بەشێکی زۆری هاوڵاتییان لە نرخ، دەرمان، خزمەت، ئەدای پزیشکو عیادەکان نارازین‌و پێیانوایە «پزیشکەکان لەسەر ژیانی خەڵکی ڕەشوڕووتو دەژین»، ئەمە لەکاتێکدایە بە وتەی خاوەنی دەرمانخانەو تاقیگەکان، کوالێتی کۆنترۆڵ بۆ دەرمانی هاوردەکراو ناکرێت‌و هەندێک لە پزیشکەکانیش لەگەڵ خاوەنی تاقیگەکاندا شەریکن.**

هیچ هاوڵاتییەک نییە پێویستی بە پزیشکو عیادەو دەرمان نەبێت، بەوپێیەش، لایەنی تەندروستی‌و پاراستنی، بەشێکی گرنگی ژیانی تاک پێکدەهێنێت‌و لە هەمانکاتدا پێشکەوتوویی‌و پێویستی پێداویستییە تەندروستییەکان لە وڵاتێکدا، ئەمە لە کاتێکدایە کە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە بڕیارێک نرخی عیادە پزیشکییەکانی بەرزکردووەتەوەو هاوڵاتییانیش نیگەرانن لەزیادبوونی ئەو نرخەو پێیان وایە، کە ئەو بڕیارە لە بەرژەوەندیی خەڵکدا نییە.

بەپێی فەرمانێکی وەزارەتی تەندروستی بە ژمارە (١٩٧٢) کە لە ڕۆژی (٢٠١٠/٤/٢٧)دا دەرچووەو ئیمزای د. تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی پێوەیە، تیایدا هاتووە، «بڕیارماندا بە دانانی نرخی پشکنینی نەخۆش لە نۆرینگە تایبەتییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە: نرخی پشکنینی نەخۆش لەلایەن پزیشکی ڕاوێژکار (٢٠)هەزار دینار، پزیشکی پسپۆڕ (١٥)هەزار، پزیشکی ڕاهێنراوی گشتیی (١٠)هەزار دینارە»، پێشتریش نرخی عیادەکان بە هەموو پسپۆڕییەکانییەوە، تەنیا (١٠)هەزار دینار بوو، ئەم زیادکردنە نارەزایی هاوڵاتییانی لێکەوتووەتەوە.

> خاوەنی تاقیگەیەک: دکتۆرەکان دەتوانن قورسایی سەرشانی نەخۆش کەمبکەنەوە

«چوونە لای پزیشک، شتێکە لە توانا و دەسەڵاتی خەڵکدا نییەو شتێکە لە ڕێگەی هەموو کەسێکدایەو هەموو کات پێویستە»، ئەمە وتەی هیدایەت عوسمان (٥٧)ساڵە کە بە وتەی خۆی، زۆرجار دەبێت سەردانی پزیشکو عیادەکان بکات، هیدایەت وتی: «زۆربەی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە پزیشکو عیادەکانە، پیرو پەکەوتەو خەڵکی ڕەشوڕووتو کەمدەرامەتن، بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی تەندروستی بە ئارەزووی خۆیان نرخی عیادە بەرزدەکەنەوەو هیچ حسابێک بۆ گیرفانی نەخۆش ناکەن».

ئەو هاوڵاتییە پێیوایە: حکومەت، لە بری ئەوەی لە بیری دەستەبەرکردنی ژیان‌و گوزەرانی باشتردابێت بۆ هاوڵاتییان، بە پێچەوانەوە باری سەر شانیان قورس دەکات، وەک ئەو وتی: زیادکردنی نرخی عیادەکان «لەپێناو بەرژەوندیی چەند دکتۆرێکدایە».

لەدوای بڕیارەکەی وەزارەتی تەندروستی کەمپەینێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەو خزمەتکردنی نەخۆش لە چەند خاڵێکدا پێکهێنراو تائێستا نزیکەی (١٦)هەزار ئیمزا بۆ ئەو مەبەستە کۆکراوەتەوە.

هەندێکی تر لە هاوڵاتییان نارەزایی سەبارەت بە خراپیی شوێنی عیادەکان دەردەبڕن‌و پێیانوایە، ئەو شوێنانەی عیادەیان تێدا کردووەتەوە، لە ڕووی تەندروستیشەوە گونجاو نین.

شەرمن کەریم (٣٩)ساڵ، لەگەڵ ئەوەی بە یارمەتی کچەکەی بەسەر پلیکانەی عیادەکەدا سەردەکەوت، وتی: «ئەگەر بمتوانیایە بەسەر ئەو پلیکانانەدا سەربکەوم، هیچ ئیشێکم بە لای دکتۆر نەبوو»، کچەکەشی دەیوت: «دایکم نەخۆشی دڵو زەختو شەکرەشی لەگەڵەو هەرکات دەیهێنین بۆ لای دکتۆر، بەنیازین باشتر ببێت، بەڵام هەموو جارێک ئەو پلیکانانە هێندەی تر بێتاقەتی دەکەن».

لەلایەکی ترەوە، خاوەنی یەکێک لە دەرمانخانەکانی شەقامی گۆران کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت‌و باس لەوە دەکات، کە بەشێکی زۆری دەرمانەکانیان لە بەغداوە پێدەگات، کە بەشێکی کەمی کوالێتی کۆنترۆڵیان بۆ دەکرێت، وتیشی: «ویژدانی خاوەنی دەرمانخانەکان ڕۆڵی کوالێتی کۆنترۆڵ بەسەر دەرمانەکانەوە دەبینن».

خاوەنی تاقیگەیەکیش لە هەمان شەقام کە ئەویش ئامادەنەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەوەی خستەڕوو کە لە نێوان هەموو خاوەن تاقیگەو دەرمانخانەکاندا، ڕێککەوتن هەیەو ئەگەر ڕێککەوتن نەبێت، ئەوا کەس لە دەرگات نادات، وتیشی: «پشکنین‌و دەرمان قورسایی زۆری خستووەتەسەر نەخۆشەکان بۆ ئەوەی ئەو قورساییە کەمبکرێتەوە، دکتۆرەکان دەتوانن بە پێی پێویست پشکنین‌و دەرمان بۆ نەخۆش بنووسن‌و دکتۆر هەرگیز زەرەر ناکات، چونکە (٥٠٪)ی ئێمە دەبات‌و ئەگەر نرخی عیادەکان زیاد بکەن، زەرەری ئێمەیە».

سەبارەت بە زیادکردنی نرخی تاقیگەکانیش، ئەو خاوەنی تاقیگەیە وتی: «لە زیادکردنی تاقیگەدا، ڕەنگە ڕێژەیەکی کەم قازانج بکەم، لەم کاتەشدا تەنیا دکتۆر قازانج دەکات، من کاتێک قازانج دەکەم کە ئەو بەشی نەبێت‌و بە هەق بە پێویست پشکنین بنووسێت».

د. تەها مەحوی، سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی کوردستانیش، پێیوایە: بەرزبوونەوەی نرخی عیادەکان بۆ ڕێکخستنی نرخی ئەو عیادانە بووەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەم نرخەی ئێستا کە بۆ عیادەکان دانراوە، زۆر باش‌و گونجاوەو ڕێژەیەکی دیارکراو لە هاوڵاتی لایان گونجاوە، هەندێکیشیان نارازین».

- **سەرۆکی سەندیکای پزیشکان: ئەم نرخەی ئێستا کە بۆ عیادەکان دانراوە، زۆر باش‌و گونجاوە**
- **فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی: نارازین بە بەرزکردنەوەی نرخی عەیادەکان**

سەبارەت بە بوونی کەمپەینی ڕێکخراوی چالاکییە مەدەنییەکان دژ بە بەرزکردنەوەی نرخی عیادەکان، مەحوی وتی: «ئەوە ڕای تایبەتی خۆیانە بەرامبەر بە بەرزکردنەوەی نرخی عیادەکان، ماوەیەکی زۆرە نرخی عیادەکان بەرزکراوەتەوەو ئەوان لە ئێستادا نارەزایی پیشاندەدەن بەرامبەر بەو نرخەی کە سەندیکا دایناوەو ئێمە ڕەچاوی باری مادیی هاوڵاتییانمان کردووەو دەرکردنی ئەم بڕیارە لە بەرژەوەندیی چەند دکتۆرێکدا نییە هەموو دکتۆرەکان هاوڕان».

هاوکات، شۆڕش ئەمینی ڕێکخەری فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئاماژەی بەوە دا: لە ئێستادا ئاستی بژێویی خەڵکی نزمەو نرخی عیادەکانیش بەرزکراونەتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی شوێنی عیادەو چۆنێتیی بینینی نەخۆشەکان لە بارێکی زۆر خراپدان‌و بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە کە «لە کاتی بینینی نەخۆشەکاندا، هاوڵاتییان سێ سێ‌و چوارچوار دەچن بۆلای دکتۆرەکە بۆ چارەسەرکردنیان‌و نەخۆشەکان ناتوانن بە وردیی باسی نەخۆشییەکەی خۆیان بکەن بۆ دکتۆرەکان، چونکە دکتۆرەکان ماوەیەکی زۆر کەم نەخۆشەکان دەبینن‌و هەر بە شەفەوی‌و سەرزارەکی هەندێک دەرمان‌و تیشکو سۆنەرو پشکنین دەنووسن، کە ئەمانە زۆربەی کات نابنە چارەسەر بۆ نەخۆشەکە».

شۆڕش، ئاماژەی بەوەشدا: ئەوان وەک کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، نارازین بەرامبەر بە بەرزکردنەوەی نرخی عیادەکان، چونکە بەرزکردنەوەی ئەم نرخە، بارگرانی دەخاتە سەر شانی هاوڵاتییان.



عیادەکان چەند زۆرین شوێنەکانیان خراپو نرخیان بەرزدەبێتەوە
فۆتۆ: ڕۆژنامە

# سندووقی نیشتەجێبوون پارەی تێدا نەماوە

مەریوان مەلا حەسەن
هەولێر

**سندووقی نیشتەجێبوون پارەی تێدا نەماوەو بەهۆیشیەوە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون پەکیاندەکەوێت، سەرەڕای ئەوەی (٢٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ سندووقەکە تەرخانکراوە**

خاوەنی یەکێک لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون، کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێستا نزیکەی (١٢) پڕۆژەی نیشتەجێبوون لە هەولێر هەیە، ئەو پڕۆژانە لە قەیرانێکی گەورەی داراییدا دەژین، چونکە بەپێی یەکێک لە خاڵەکانی گرێبەستەکە لەکاتی تەواونەبوونی یەکەکان لەکاتی خۆیدا، کۆمپانیا قەرەبوو دەدات بە هاوڵاتییان‌و ئێستا زۆرێک لەو کۆمپانیایانە هەرچی پارەی خۆیان هەبووە سەرفیان کردووەو دووچاری قەیران بوونەتەوە، بەوەی کە پارەی بەڵێندەریان لە سەر ماوەتەوە.

بە وتەی ئەو وەبەرهێنەرە، دەبێت ئێستا حکومەتی هەرێم نزیکەی (١٠٠) ملیۆن دۆلار بدات بەو کۆمپانیایانە، چونکە گرێبەستیان لەگەڵ بەشدارانیان کردووەو مامەڵەکانیان تەواوکراوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارەوە پێدەچێت تەواوبوونی یەکەکان دوابکەوێت‌و کێشە بۆ کۆمپانیاو بەشدارەکانیشی دروست ببێت.

لەبەرامبەردا هێرش موحەرەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی ئەوەی هاوڵاتییان ئەو پارەیەی کە بە قەرز پێیاندرابوو، نەیانگەڕاندووەتەوە بۆ سندووقی نیشتەجێبوون، ئەو (٢٠٠) ملیۆن دۆلارەی کە سەرمایەی سندووقی نیشتەجێبوونە، نەماوە.

وتیشی: «سەرەتای پێدانی قەرز، دەبوو ئەو هاوڵاتییانەی کە گرێبەستیان دەکرد لەگەڵ کۆمپانیاکانی نیشتەجێبوون دوای تەواوکردنی مامەڵەی وەرگرتنی قەرزی نیشتەجێبوون لەو سندووقە، یەکەم مانگی وەرگرتنی ئەو بڕە پارەیە بگەڕێننەوە بۆ ئەو سندووقە، ئەوەش بۆ ئەوەبوو پارەکە زوو بگەڕێتەوە بۆ سندووقی نیشتەجێبوون بۆ ئەوەی دووبارە بدرێتەوە بە پڕۆژەکان، بەڵام بەشێک لە هاوڵاتییان گلەییان لە شێوازی وەرگرتنەوەی ئەو قەرزە بوو، بەوەی تا خانووەکەیان تەواودەبێت ئینجا ئەو قەرزە مانگانە بدەنەوە بە سندووقی نیشتەجێبوون، ئێستاش خەریکە پرۆسەی گەڕانەوەی پارە بۆ سندووقی نیشتەجێبوون دەستی پێکردووە لەلایەن هاوڵاتییانەوە.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: زۆربەی کۆمپانیاکان لەکاتی خۆیاندا پارەیان پێدەدرێت، بەڵام زۆرجار بەهۆی نەگەڕانەوەی پارە بۆ سندووقی نیشتەجێبوون، پێدانی پارە بە کۆمپانیاکان دوادەکەوێت بۆ ماوەی مانگێگ یان دوو هەفتە یان زیاتر، ئەوەش کێشە دروستدەکات.



سندووقی نیشتەجێبوون بێ جیاوازی سوودی بۆ هەمووان هەیە
فۆتۆ: ڕۆژنامە

# لە هەولێر، ژمارەیەک پەیکەر دادەنرێن

بەدواداچوونی:
ئاوارە حەمید
هێمن محەمەد

بڕیارە لەسەر چەند شەقام و گۆڕەپانێکی هەولێر، ژمارەیەک پەیکەر دابنرێن و شێوەکارانیش داوای لەبەرچاوگرتنی بنەمای زانستی و هاوڵاتییانیش داوا دەکەن، پەیکەرەکان دوور لە حیزبایەتی دروستبکرێن.

تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە بەرنامەکانی پەرەپێدان و ئاوەدانی ناو شاری هەولێر، شانبەشانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، دەبێت بایەخ بەلایەنێکی تر بدەین کە لایەنی هونەرییە، ئەویش دروستکردنی ژمارەیەک پەیکەری جۆراوجۆرە کە گوزارشت لە مێژوو و کەلتوورو کەسایەتی و کەلەپووری ئەو شارە بکات، مەرج نییە ئەو پەیکەرانە بۆ کەسایەتی بن».

ئاماژەی بەوەشکرد، کە لیژنەیەکی تایبەتیان هەیە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو کارانە: «کۆمەڵێک پێشنیاز پێشکەشکراون، بە هەماهەنگی رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان و هەروەها لەگەڵ شارەوانی و ئەندازەی پارکەکان و یەکێتیی نووسەران، بۆ ئەوەی شوێنی گونجاو هەڵبژێرین و لیژنەکە بڕیار لەسەر چۆنێتیی پەیکەرەکان و شوێنەکانیان دەدات».



هاوڵاتی، یونس ئەحمەدی دانیشتووی شاری هەولێر، بە رۆژنامەی راگەیاند: زۆر پێویستە ئەو پەیکەرانەی کە دروستدەکرێن، دوور بن لە ناوی سەرکردەی حیزبەکان و مولکی حیزبایەتی، بەهۆی ئەوەی هەولێر پایتەختە و پێویستە ناو و شێوازی دروستکردنیان نەتەوەیی بێت.

محەمەد هاشم، مامۆستا لە بەشی شێوەکاریی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر، رەخنەی لە میکانیزمی کارکردن لەو بارەیەوە گرت و وتی: «هەرچەندە لە پارێزگار لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە هەیە، بەڵام بەداخەوە کە تا ئێستا لە جۆرو تایبەتمەندیی و بنەماکانی دانانی پەیکەر لەم شارەدا سەرکەوتوو نەبوون، زۆربەی هەرە زۆری ئەو پەیکەرانەی لەهەولێر دادەمەزرێن، کاری زۆر لاوازو دوور لە بنەما هونەرییەکانن، تەنانەت هەندێکیان هێندە قێزەونن، هەر لە بینینیدا زەرەر بە چێژوەرگرتنی خۆت دەگەیەنی، هەندێک بەناو پەیکەر لە هەندێک گۆڕەپانی هەولێر دانراون، مرۆڤ قێزیان لێدەکاتەوە، بۆ نموونە لە گۆڕەپانی کۆتری ئاشتی، کۆترێکی ناشیرینی دوور لە هەموو رێسا هونەریی و ئیستاتیکییەکان دانراوە، کارێکی زۆر ناشیرینە، کۆترەکە لە مریشک دەچێت، باڵەکانی شکاون، تەنانەت ئەناتۆمی (تشریح)ی تەواو نییە، ئەم کارە کەسێک کردوویەتی کە خۆی هونەرمەند نییە».

نیگەرانیی خۆیشی نیشاندا لەوەی کە ئەو کاران بوون بە بازرگانیی و وتی: «ئەگەر پرۆژەیەکی لەم جۆرە دووبارە ببێتەوە، من زۆر رەشبینم، چونکە جگە لە ناتەواویی و نەشارەزایی و دەرخستنی نزمیی ئاستی چێژوەرگرتن، هیچی تر نییە، هەموو پەیکەرەکانمان لە مەوادی زۆر خراپ دروستدەکرێن (بەتایبەتی چیمەنتۆ) کە سیمایەکی خراپ دەبەخشێت بە کارەکان، ئەمەش وادەکات کە کارە هونەرییەکان زوو تێکبچن و بۆ ئایندە خۆیان نەگرن».

بۆچارەسەری ئەو کێشەیەش، مامۆستاکەی بەشی شێوەکاریی پێشنیازیکرد: «حکومەت پرۆژەی برۆنز بهێنێتە هەولێرو هەندێک لە هونەرمەندانی پەیکەرسازی باش سەرپەرشتی بکەن، تا بتوانرێت بۆ ئایندە کاری باش ئەنجام بدرێت، لە کاتێکدا زۆربەی ئەو کارانەی کە دەکرێن و بڕی ئەوپارەیەی بۆیان تەرخان دەکرێت، بەشی ئەوە دەکات کە بە برۆنز کارەکە دابڕێژرێتەوە».

> ‹‹ هاوڵاتییەک: پێویستە ئەو پەیکەرانە دووربن لە ناوی سەرکردەی حیزبەکان و مولکی حیزبایەتی ››

> ‹‹ مامۆستایەکی شێوەکاریی: ئەو پەیکەرانەی لەهەولێر دادەمەزرێن کاری زۆر لاوازو دوور لە بنەما هونەرییەکانن ››

---

### نێرگەلە، کۆئەندامی هەناسەدان و خوێن و هەرسکردن تێکدەشکێنێت

# نێرگەلەی چینی و میسری و ئوردنی، گەنجانی کوردستان گیرۆدە دەکەن

بەدواداچوونی:
ئاراس نەسرەدین
ئاکام ئەبوبەکر

هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی نێرگەلە لە کوردستان بەردەوامە و پسپۆڕانی تەندروستیش کێشانی نێرگەلە بە هۆکاری سەرەکی توشبوونی شێرپەنجەی سی و هەناو دەزانن و داوای دوورکەوتنەوە لەو خووە دەکەن.

لەئێستادا دیاردەی کێشانی نێرگەلە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، بەتایبەت لەنێو گەنجانداو لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانیش دەیان کافتریای تایبەت بۆ کێشانی نێرگەلە کراونەتەوەو وەزارەتی تەندروستیش هۆشداریی تەشەنەکردنی حاڵەتی نێرگەلەکێشان دەدات، بەوەی لە ئایندەدا زیانەکانی بەشێوەیەکی دیار ئاشکرا دەبن.

بازرگانیک کە کاری هێنانی نێرگەلەو توتنەکەی دەکات بۆ رۆژنامە وتی: «نێرگەلە لە وڵاتانی میسرو چین و سوریاو ئوردن دێتە هەرێم و بەزۆریی نێرگەلەی میسری دێت، هەندێکجاریش توتنی ئەمریکی دەهێنین، بەڵام نرخەکەی گرانە کەمتر دەیهێنین».

سەبارەت بە جۆرەکانی توتنی نێرگەلەش وتی: «جۆرەکانی عەرەبی و شەرقولئەوسەت و سوڵتان و نەخلەو میزۆو وەزیر دەبەین بۆ ئێران، لە کوردستان زیاتر جۆرەکانی نەغلەو پرتەقاڵ و نەعنا دەکێشرێت، بۆ هەر (١٥) تەن توتنی نێرگەلەش کە دەهێنرێتە کوردستانەوە (٢٠٠٠) دۆلار باج و گومرگ دەدەین».

لەژێر دروشمی (کێشانی نێرگەلە، مردنێکی لەسەرخۆیە) رۆژی ٢٠١٠/٨/٢٢ وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکی بەرەنگاربوونەوەی نێرگەلەی راگەیاند.

لە کۆنفرانسی راگەیاندنی هەڵمەتەکەدا، د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی، نێرگەلەکێشانی بە دیاردەیەکی ترسناک وەسفکرد، کە لەنێو توێژی گەنجاندا سەریهەڵداوەو ئاماژەی بەوەکرد: دیاردەکە گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدارو بەربڵاو، لەو هەڵمەتە چەند هەفتەییەشدا دەیانەوێت سنوورێک بۆ دیاردەی نێرگەلەکێشان دابنێن.

د.کۆسار محەمەد عەلی موراد، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو، سەبارەت بە زیانەکانی جگەرە بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو کەسانەی کە بەردەوام نێرگەلە دەکێشن سییەکانیان لە زیاندایە، ئەو دوکەڵانەی کە لە نێرگەلەو لە جگەرەدایە، دەڕواتە سییەکانەوە کە مادەی نیکۆتین و مادەی تامی تێدایەو دەبێتە هۆی تێکشکانی سییەکان، ئەم زیانلێکەوتنەش نەگەڕاوە دەبێت، واتە ناگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی خۆی».

گەنجێکی (٢٥)ساڵی دانیشتووی شاری سلێمانی، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد، ماوەی سێ ساڵە ئالودەی کێشانی نێرگەلە بووەو رۆژانە (٣-٥) نێرگەلە لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەماڵەوە یان لە کافتریاو سەیرانگاکاندا دەکێشێت و زۆربەی هاوڕێکانی سەریانکردووەتە نێرگەلەکێشان».

ئەوە لەکاتێکدایە کە توێژینەوە تەندروستی و پزیشکییەکان ئاشکرایانکردووە، کەکێشانی تەنیا یەک نێرگەلە وەک کێشانی یەک پاکەت (٢٠) جگەرە وایەو ئەگەر کێشانی نێرگەلە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت، دەبێتە هۆی توشبوونی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی سی وەکو هەناسە توندی، هەوکردن و هەناسە توندییەکە بەردەوام لەگەڵ نەخۆشدا دەبێت، بەجۆرێک ناتوانێت ژیانێکی ئاسایی بژی.

یەکێکی تر لە زیانەکانی نێرگەلەو جگەرە بریتییە لە تووشبوون بە شێرپەنجەی زمان و قوڕگ و بۆریی هەواو سییەکان، هۆکاری سەرەکین بۆ تووشبوون بە شێرپەنجەی بۆریی هەوا.

باشترین توێژینەوە کە کرابێت لەسەر زیانەکانی نێرگەلە لە میسر بووە، کە رێژەیەکی زۆر نێرگەلەکێشی تێدایەو ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە، کە کێشانی نێرگەلە دەبێتە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەو هۆکارێکە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ، لەوانە نەخۆشیی گیرانی بۆرییەکانی دڵ، کە دەبێتە هۆی پەککەوتنی دڵ یاخود جەڵتەی دڵ یان بۆرییەکانی خوێن بە تەواویی دەگیرێن».

> ‹‹ د. کۆسار محەمەد: ئەو کەسانەی کە بەردەوام نێرگەلە دەکێشن سییەکانیان لە زیاندایە ››

بە وتەی د.کۆسار، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو، نێرگەلە یان جگەرە دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس و یەکێکە لە هۆکارەکانی تووشبوونی قورحەی مەعیدەو دوانزەگرێ و چەند نەخۆشییەکی دیکە، بەشێوەیەکی گشتیی نێرگەلەو جگەرە دەبێتە هۆی چەند نەخۆشییەک، لەوانە: کۆئەندامی هەناسەو کۆئەندامی بۆریی خوێن و کۆئەندامی هەرس، چارەسەری نێرگەلە بریتییە لە نەکێشانی، هەندێک کەس دەڵێن کێشانی نێرگەلە فلتەری تێدایە یان دەڵێن هەموو دووکەڵەکە هەڵنامژین، هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان نێرگەلەو جگەرەدا، نێرگەلەش هۆکارێکە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکان».

کێشانی نێرگەلە لە کۆمەڵگەدا بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو و تا ماوەی (١٠) ساڵ پێش ئێستا هیچ شوێنێک نەبووە بۆ کێشانی نێرگەلە، یان ئەگەر هەبووبێت زۆر کەم بووە، ئێستا بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر زیادیکردووەو لە هەموو کوچەو کۆڵان و شوێنە گشتییەکاندا خەڵک زۆر بە ئازادانە دەیکێشن، بەتایبەتی گەنجان، بە وتەی پسپۆڕە تەندروستییەکە: «کێشانی نێرگەلە سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە، دوای ماوەیەکی تر بەشێوەیەکی گشتیی زیانەکانی نێرگەلەکێشان دەردەکەون».

د.کۆسار محەمەد مەترسی خۆیشی نیشاندا لەوەی دیاردەکە زۆربەی گەنجەکانی گرتووەتەوەو ئێستا کچانیش دەستیان بە نێرگەلەکێشان کردووە، زیانەکانی لەسەر ئەوان دوو هێندەیە، بەوپێیەی لە داهاتوودا دەبن بە دایک و کاریگەریی خراپ لەسەر کۆرپەکانیان جێدەهێڵێت».



هێندەی نەماوە نێرگەلەکێشان ببێتە خووی گشتیی

فۆتۆ: ئینتەرنێت

«وەزارەتی ناوخۆ لە سنووری ئیدارەی سلێمانیو هەولێر یەکیان نەگرتووەتەوە» 18

# لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان: دەبێت ڕێگەنەدرێت هیچ لایەنێک دەست بەسەر ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایاندا بگرێت

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

ئەندامانی لیژنەی پــــەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە پەرلەمانی کوردستان، بەپێویستی دەزانــن گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە نێو ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا بێتەکایەوەو هــەروەک پێیانوایە، هەموو لایەنەکان بەشداریی کـۆنـگـرەی ڕێـکـخـراوەکـە بـکـەنو ڕێگەنەدرێت، هیچ لایەنێک دەست بەسەر ڕێکخراوەکەدا بگرێت.

د. سەروەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی لیژنەی پــەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: هەموو لایەنەکان مافی خۆیانە بۆ کۆنگرە ململانێی یەکتر بکەن، بەڵام کاتێک ململانێ دەکرێت، پێویستە مافی یەکتر پێشێل نەکرێت، پێویستە ڕێکخراوەکەش ماف بە هەموو لایەک بدات، خۆی هەڵبژێرێت، هەروەها ڕێگە بە هیچ کەسو لایەنێک نەدرێت کە بیەوێت دەست بەسەر ڕێکخراوەکەدا بگرێتو کۆنترۆڵی بکات، بۆ نموونە، ئەگەر یەکێتیو پارتی زۆرینە بنو ڕێگە لە خەڵکانی تر بگرنو شێوازی ناتەندروست بەکاربهێنن، ئەوا حاڵەتێکی نائاساییەو پێویستە بەرەو رووی ببینەوەو قسەی لەسەر بکەین.

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، کە تاکە ڕێکخراوی مامۆستایان ١١٤ هەزار ئەندامی هەیە، سکرتاریەتی ڕێکخراوەکە بەدەست یەکێتیو پارتییەوەیە کە بە شێوەیەک لە ٤٠ ئەندام ٢٨ یان سەر بەو دوو حیزبەن، پەرلەمانتاران پێیانوایە، لەماوەی تەمەنی خۆیدا، نەیتوانیوە وەکو ڕێکخراوێکی پیشەیی کاربکاتو بەرژەوەندییە حیزبییەکانی خستووەتە پێش بەرژەوەندییە گشتییەکان.

عەزیمە نەجمەدین، کە نزیکەی (١٥) ساڵ کاری مامۆستایەتی کردووەو چەند ساڵێکیش ئەندامی لقی کەرکوکی یەکێتیی مامۆستایان بووەو ئێستاش ئەندامی لیژنەی پــەروەردەیــە لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە: دەستتێوەردانی حیزبیی بــە زەقــی لــەنــاو یەکێتیی مامۆستایاندا بەدیکراوەو ئەوانەی لە ڕێکخراوەکەدا کاریانکردووە، کادیری حیزبیی بوون، ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە رابردوودا لە ڕێکخراوەکەدا کراوە، «هیچ شەرعییەتێکی نەبووە».

وتیشی: ئەو لایەنانەی کە لە ئێستادا نارازین لە میکانیزمەکانی، «دەیانەوێت ڕێکخراوەکە لە چنگی حیزب دەربهێننو بیکەنەوە بە ڕێکخراوێکی پیشەیی، چونکە یەکێتیو پارتی، دەیانەوێت بە تەواوی دەست بەسەر ڕێکخراوەکەدا بگرنو هەمان خەڵکەکانی پێشوو دابنێنەوە».

هــەروەک بە بــڕوای د. ســەروەر بــارودۆخــی یەکێتیی مامۆستایان، رەنگدانەوەی ئەو واقیعەبووە کە لە کوردستاندا هــەبــووەو «نەیتوانیوە سەرکەتووبێت»، لە کاتێکدا دەکرا ئەو ڕێکخراوە ئەکتیڤتربوایە لە بەدواداچوونی خواستەکانی مامۆستایان.

دوای (١٨)ساڵ لە نەبەستی کۆنگرە، وا بڕیارە لە (٢٠١٠/٩/٣٠)دا هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی داهاتووی یەکێتیی مامۆستایان ئەنجامبدرێتو دواتر کۆنگرە ببەسترێت.

د. سەباح بەرزنجی، بــڕیــاردەری لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کورستان، پێیوایە: گۆڕانکاریی لەنێو یەکێتیی مامۆستایاندا، بەندە بە هەڵبژاردنی ستافی نوێو هاتنەپێشەوەی گەنجانو لاوان بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەو ڕێکخراوە، نابێت یەکێتیی مامۆستایان هەمان ستافە کۆنەکە دابنێتەوە، بەبیانووی خەباتی مێژوویی، ڕێکخراوەکە پێویستی بە نوێبوونەوەو کرانەوە هەیە لەبەردەم هێزو وزە تازەو جوانەکاندا، پێویستە نەوەی پێشووی ڕێکخراوەکە، دەرفەت بدەن بە دەنگو رەنگی نوێ بۆ سەرکردایەتیکردنی ڕێکخراوەکە، وتیشی: «پێش هەموو شتێک، ڕێـکـخـراوەکـە پێویستی بە یەکگرتنەوەی سەرتاسەریی هەیە، هەروەها وازهێنان لەو نەفەسە حیزبییەی کە چەند ساڵێکە بەسەر ڕێکخراوەکەدا زاڵە، دەبێت بەشێوەیەکی پیشەییو بە گیانی یەکتر قبووڵکردنەوە کاربکەن، دەبێت لێرەوە ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێک

> ❝ پێویستە نەوەی پێشووی ڕێکخراوەکە، دەرفەت بدەن بە دەنگو رەنگی نوێ بۆ سەرکردایەتیکردنی ڕێکخراوەکە ❞

بێت کە گوێ لە خواستو داواکارییەکانی مامۆستایان بگرێتو بــڕواو متمانەی مامۆستایان بەدەستبهێنێتەوە».

هەروەها م. عەزیمە ئاماژە بەوە دەکات: هەڵبژاردنو کۆنگرە، بۆ یەکێتیی مامۆستایان زۆر پێویستن، چونکە چەندین ساڵە ڕێکخراوەکە کۆنگرەی نەبەستووەو بەشێک لە بەرپرسانی نێو ڕێکخراوەکە بە ناشەرعیی کاردەکەنو پێویستە هەڵبژاردنی ڕێکخراوەکە پرۆسەیەکی شەفافو دیموکراسیو دوور لە دەستتێوەردان بێتو هەموو لایەنەکان بەشداربن تێیدا.

بە بۆچوونی د. سەروەر: «پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی مامۆستایان، بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێتو دەبوو گۆڕانی بەسەردا بهێنرایە، بۆ نموونە، بەپێی ئــەو پــەیــڕەوە، هــەمــوو کەسێک کە دەبێتە مامۆستا، بەبێ ویستی خۆی، دەبێتە ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانو ئابوونەیان لێدەسێنن، پێویستە لەم کۆنگرەیەدا، گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە ڕێکخراوەکەدا بەرپابکرێتو ڕێکخراوەکە بەلای مامۆستایاندا ببرێت، بۆئەوەی ڕێـکـخـراوەکـە لــەگــەڵ چەمکەکانی سەردەمدا بگونجێت».

لــە ســەروبــەنــدی ئامادەکارییدا بۆ کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایان، ململانێیەکی توند لە نێوان یەکێتیو پارتی بە جیاو (٨)لیستی تردا دروستبووەو تا ئێستاش ڕێکنەکەوتوون لەسەر میکانیزمەکانی پرۆسەکەو پێدەچێت چەند لیستێک بەشداریی کۆنگرە نەکەن.

ســەبــاح بــەرزنــجــی، بــە پێویستی دەزانێت کە «حیزبە باڵادەستەکان، زیاتر بە تەنگی حیزبە بچووکەکانەوە بچن، دەبێت هەموو لایەنێک لەو ڕێکخراوەدا پێگەی خۆی پێ بدرێت، نابێت یەکێتیو پارتی بیر لە پەراوێزخستنی لایەنەکانی تر بکەنەوە».

# پێنجوێن: تەنیا لە دوو مانگدا، (٧٠) خوێندکار وازیان لە خوێندن هێناوە

راپۆرتی: خالید مەحمود

بە پێی ئامارێک تەنیا لە ماوەی دوو مانگی رابــردوودا، لە سنووری قەزای پێنجوێن، (٧٠)خوێندکاری بنەڕەتیو ئامادەیی، وازیان لە خوێندن هێناوەو خوێندکارانیش بۆ نەبوونی زانکۆو پەیمانگاو بوونی هەژاریی دەگەڕێننەوەو پــەروەردەی پێنجوێنیش دەیەوێت گرفتەکە چارەسەربکات.

بەپێی ئامارێک لە بەشی بڕوانامەکان (تەکنیکی) بەڕێوەبەرێتیی پــەروەردەی پێنجوێن، لەماوەی دوو مانگی رابردوودا، (٧٠)خــوێــنــدکــار لــە پۆلەکانی (٩ - ١٢) ئــامــادەیــی، وازیــــان لە خوێندن هێناوەو لەناویاندا (٤) خــوێــنــدکــاری دەرچووی (١٢)ی زانستیو وێژەییان تێدایەو لە بەرامبەردا بوون بە پۆلیسو پاسەوانو ئاسایش.

دیــاری جــەلال (١٨)ســـاڵ، یەکێکە لەو خوێندکارانەی کە وازی لە خوێندن هێناوەو دەیەوێت ببێت بە پۆلیس، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەبەر نەبوونیی وازمان لە خوێندن هێناوە، بریا بمتوانیایەو دەسەڵاتم ببوایە، زانکۆشم تەواوبکردایە کە یەکێک بووە لە ئاواتەکانم. پێنجوێن، خانەوادەی هەژاری زۆر تێدایە کە دەسەڵاتیان نییە بتوانن مەسرەفی خوێندکارانیان بکەن، بە تایبەتی کاتێک کە لە زانکۆو پەیمانگا وەردەگیرێن، چونکە تا ئێستا لەو شــارەدا زۆرێـــک لە خوێندکاران، ئامادەیی تەواودەکەنو دواتر واز لە خوێندن دەهێنن.

هــەروەک پاداشت کەمال تەمەن (١٩) ساڵ، بە وتەی خۆی، وەرزی یەکەمی پۆلی دەیەمی تــەواوکــردووەو دواتــر وازی لە خوێندن هێناوە، ئەوە دەخاتەڕوو کە لەبەر نەبوونییو کەمدەرامەتی، وازی لە خوێندن هێنا، بەتایبەت لەوەی کە مەجبووربوو، خۆی پارە پەیدابکات بۆ کاتی خوێندن، چونکە «باوکی توانای نییە کە مەسرەفی خوێندنی بۆ بکات»، بۆیە بەناچاریی بڕیاریدا هەر دامەزراندنێک هەبێت، هەوڵی بۆ بـــدات و کــە زانـــی خەڵکیان دەوێــت بۆ پۆلیسو پاسەوان، ئەویش بڕیاری وازهێنانی لەخوێندن دا، چونکە ئەگەر خوێندنیش تەواوبکەم، لەبەر واسیتەو تەزکیە، دامەزراندن بەر یەکێکی وەک من ناکەوێت، جا ئەگەر بکرێمە پۆلیسو دڵنیابم، بۆ لەئێستاوە هەوڵی بۆ نەدەینو بناغەیەکی ژیانمان دابین نەکەین».

> ❝ باوکێک: کێ حەزدەکات کوڕو کچەکانی خوێندن تەواونەکەن ❞

بە وتەی هاوژین ئەحمەد، خوێندکاری (١٢)زانستی، نەبوونی زانکۆو پەیمانگا لــە پێنجوێن، گرفتێکی گــەورەیــە لەبەردەم خێزانە هەژارەکاندا کە ناتوانن مەسرەفی کــوڕو کچەکانیان بکەن لە سلێمانیو شارەکانی تر، هەروەها باوکو دایکیان فشاریان دەخەنەسەر تا کاربکەنو دوارۆژێــــک بۆ خۆتان دیــاریــی بکەن، وتیشی: «دیدگایەکمان بۆ دروستبووە کە خۆشەویستیو ئینتیمامان نەبێت بۆ خاکو نیشتمانمان، چونکە وا هەستدەکەین کە لە وڵاتێکی بێگانەدابینو دەسەڵات لەدەستی بەرپرسێکی باڵادا بێت، هەرکەس نەتوانێت دەستی بگاتە ئەو بەرپرسەو لەگەڵی نەبێت، ئــەوا مافی ژیانی نییە، بۆیە بەناچاریی بڕیاری وازهێنان لە خوێندن دەدەن».

کەسوکاری خوێندکارانیش، هاوڕان لەگەڵ خوێندکارەکانیانداو خراپیی بژێوییو گوزەران، بە هۆکاری سەرەکیی وازهێنانی خوێندکار لە خوێندن دادەنێن.

سابیر محەمەد، باوکی خوێندکارێک، ئاماژە بەوەدەکات: نەبوونییو هەژاریی خانەوادەکان کە ناتوانن مەسرەفی ماڵو منداڵ بکەن، جا مەسرەفێکی تریش، هی کوڕو کچیان لە سلێمانیو شارەکانی تر، چونکە لەم ناوچەیەی ئێمە، جگە لە کرێکارییو جوتیاری، دەگمەنە کە کاری تریان هەبێت، بەو کارەش دوو مەسرەف ناکرێتو پێی راناگەن، ئەگینا کێ حەزدەکات کوڕو کچەکەی مەکتەب تەواو نەکات.

سەرەڕای وازهێنانی دەیان خوێندکار لەو ناوچەیە، تا ئێستا حکومەت هیچ هەنگاوێکی بۆ ڕێگرتن لەو دیاردەیە نەناوەو ئیسماعیل عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پەروەردەی پێنجوێن، بە رۆژنامەی راگەیاند: خوێندکارێکی زۆر وازیان لە خوێندن هێناوە، ئەوەش جێگەی نیگەرانییەکی زۆرە.

سەبارەت بە کردنەوەی کۆلیژو زانکۆ، ناوبراو وتی: «ئەمریکییەکان، قوتابخانەیەکیان بۆ پێنجوێن دروستکردووە کە لە سێ نهۆم پێکهاتووە، ئێستا لە هەوڵداین کە کۆلێژی پــەروەردەی بنیات، یاخود پەیمانگایەک بهێنینە پێنجوێنو نهۆمێکی بۆ دابینبکەین، تا وازهێنان لە خوێندن کەم ببێتەوە».

هەروەک سەرچاوەیەک لە راگەیاندنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئەوەی خستەڕوو، وەزارەتی خوێندنی باڵا لە توانانو بەرنامەیدانییە لە هیچ شوێنێک زانکۆو پەیمانگا بکاتەوە، چارەسەری وازهێنانی خوێندکاران بە کردنەوەی زانکۆو پەیمانگا ناکرێت، بەڵکو پێویستە حکومەت یارمەتی مادیی زیاتری ئەو خوێندکارانە بدات کە لە زانکۆو پەیمانگاکانی شارەکانی تر دەخوێنن.



پێنجوێن: خوێندنگایەکی بنەڕەتی کە ڕێکخراوێک دروستیکردووەو پێدەچێت بکرێتە کۆلیژ یان پەیمانگا

فۆتۆ: خالید

# ـەولێر یەکیاننەگرتووەتەوە



**رۆژنامە: لە سەرەتای مانگی ئابدا، سیمینارێک لەلایەن رێکخراوی (دی. ئێچ. ئار. دی)، سەبارەت بە کاروباری پۆلیس رێکخرا...**

* من ئاگاداری ئەوە نیم.

**رۆژنـــامـــە: پرسیارەکە ئـــەوەیـــە، لەو سیمینارەدا باسی ئەوە کرا کە مامەڵەی پۆلیس لەگەڵ زیندانییەکان باش نییە، ئێوە چیتان بۆ چارەسەری ئەوە کردووە؟**

* ئێمە لیژنەمان داناوە، هەر پۆلیسێک مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتییان خراپ بێت لێی قبووڵ ناکرێتو لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ دادەنـرێـت، ئەگەر پێویستی بە سزا بوو سزای دەدەیـن، ئەگەر مەجلیسەکە پێشنیازی کرد بیدەینە دادگـا، دەیدەینە دادگا.

**رۆژنامە: بەگشتیی کە سەیری بارودۆخی پۆلیس دەکەیت لـەڕووی شکڵییەوە لە چینێکی رووتو رەجاڵ دەچنو وادیارن؟**

* وایـــە، جلوبەرگ لـــە کوردستان یەک رەنگەو ساڵی دوو جار دەگۆڕێت، حکومەت بۆی دابین دەکـات، زیاتر نا، زیادکردنیشی کاتی دەوێت، ئەگەر نیزامی مووچەی پۆلیس چاککرا، دەکرێت هەندێک شتی بۆ خەرج بکرێت، بۆنموونە دەرماڵەی خواردن، ماڵو منداڵ، جلو بەرگ،... ئەگەر ئەوەی بۆ خەرجکرا ئیتر ناتوانێت بڵێت ئەوەم نییە.

**رۆژنامە: ئەی بۆ ئێستا ئەوەیان بۆ خەرج ناکەن؟**

* ئــەوە پـەیـوەنـدیـی بـە سیستمی مـەرکـەزەوە هەیە، ئەگەر لەوێوە بۆی خەرجکرد، ئەوە ئێمەش دەگرێتەوە، گوایە یاسایەک دەرچووە لەم ماوەی دواییدا ئەو یاسایە جێبەجێ دەکەین، بەڵام نازانم کەی دەگاتە ئێمە.

**رۆژنامە: لەماوەی رابردوودا حکومەتی عێراق بڕیاریدا بڕی (٢١٠) هەزار دینار وەک دەرماڵەی خواردن، بۆ پۆلیس خەرج بکات، ئەوە لێرە کراوە؟**

* هـەرچـی دەرمـاڵـەیـەک لـە بەغدا خەرجکرابێت لـێـرەش کـــراوە، تەنیا دەرماڵەی خواردن نەبێت، کە ئەوان بە هەفتە دەمێننەوە بۆیان خەرج دەکرێت، هەر ئەوەمان جیاوازە.

**رۆژنامە: هێزەکانی پۆلیسی سلێمانی لەکاتی مۆڵەت وەرگرتن دەرماڵەیان بۆ خەرج ناکرێت، بەڵام لە هەولێر بۆیان خەرج دەکرێت، ئەوە چارەسەر نەکراوە؟**

* وا نییە، یاسا هــەر یـاسـایـە، لە هەموو شوێنێک وەک یەکە، ئەوە شتێکی جیاوازە، خەڵک هەیە مۆڵەتی وەرگرتووە بەڕێوەبەرەکەی نەشری نەکردووە، ئەوە دەرماڵەکەی نەبڕاوە، بەڵام هەر کارمەندێک مۆڵەتەکەی لە مانگێک زیاتر بوو دەرماڵەی ترسناکیی نادرێتێ.

**رۆژنامە: لەماوەی چەند مانگی رابردوودا چەند رووداوێک لە هەرێم روویاندا، وەک (تیرۆری سەردەشتو رفاندنی خەڵک لە هەولێرو سلێمانی)، بەڕێوەبەرێکی پۆلیس وتی: ئەگەر تاوانبارەکانی ئەو رووداوانە دەستگیر نەکرێت، ئەوا فەلەتانی ئەمنیی هەیە، ئایا تائێستا هیچ لەوبارەیەوە کراوە؟**

* مەسەلەی سەردەشت جیاوازە، وڵاتی وا هەیە ساڵانە چەند هەزارێک تەرم فڕێ دەدرێت، لەم وڵاتەدا ململانێی بازرگانییو سیاسیی تێدایە، گرفتی کۆمەڵایەتی هەیە، لە هەفتەی رابروودا (٢) تەرم فڕێدراوە، ئەوە تاوانەو لەهەموو شوێنێک هەیە، پۆلیس لێکۆڵینەوە دەکـاتو تاوانبار دەگیرێت، ئەگەر نەدۆزرایەوە، ئەوە جیایەو دیارە پۆلیس کەمتەرخەمە، بەڵام ئەوەش هۆکار هەیە، لەم وڵاتەدا فەلەتانی ئەمنیی نییە، چونکە ئەمنییەت هەیە.

**رۆژنامە: دوو پرسیار سەبارەت بە نانبڕاوەکان، ئێستا کۆمەڵێک گەڕاونەتەوە، ئایا ئەو مووچانەی کە لەماوەی دەوام نەکردنیان فەوتاوە بۆیان خەرج دەکرێت؟**

* جاری مەچۆ بۆ مووچەکانیان، لای ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆ نانبڕوامان نییە، کەسمان دەرنەکردووە، خەڵک هەیە کە بەرپرسەکەی بووە بە گۆڕانو وازی لە حیزبەکەی هێناوە، پاسەوانەکەی بانگکراوە وتوویەتی؛ تۆ پاسەوانی کەسێک بووی لە حکومەتدا نەماوە دەبێت لە حکومەت دەوام بکەیت، دەوامی نەکردووەو دوای (٧) رۆژ بە هارب حسابەو رەنگە بدرێت بە دادگا، ئەمە دەوامی نەکردووە، جا بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەوە سەرۆکی هەرێم بڕیارێکی دەرکرد، دەبێت هەموو ئەوانەی دابڕاون دەوام بکەنەوەو بگەڕێنەوە، ئێستا گەڕاونەتەوەو دەوام دەکەن، خەڵک هەیە دەڵێت؛ نانم بڕاوە، عەریزەکەی لای منە نووسیویەتی واز دەهێنێت.

**رۆژنامە: وازهێنانەکە پەیوەندیی بەوەوە نییە ئێوە کۆمەڵێک یارییان پێدەکەنو نەقڵیان دەکەن بۆیە واز دێنن؟**

* مـەعـقـولـە مـن (٢٢) ئـەفـسـەرم نەقڵکردووە لە شورتەی سلێمانییەوە بۆ وەزارەتــی (پ.م) ئەوانە بەس (٢)یان گۆڕانن ئەوان بڵێن ئەوە سزایەو لەبەر گۆڕان دەبێت نەقڵ نەبن، شتی وا نییەو هەرگیز نایکەم، فەرمانیشی بۆ دەرچوو بیگەڕێنمەوە نەمکرد، ئەوە هۆیەک هەبوو ئەوانەی دەرچووی کۆلیژی عەسکەرین، چۆن دەبێت بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس بن؟

**رۆژنـــامـــە: مـــووچـــەکـــانـــیـــان بۆ دەگەڕێننەوە؟**

* هەرکەسێک دابـڕابـێـتو دەوامـی نەکردبێت یاسا هەیە کە ناگەڕێتەوە، خەڵک هەبووە سێ مانگیش دابــڕاوە بارودۆخەکەیمان زانیوە مووچەکەمان داوەتێ، بەڵام کە فەسڵ بوویت، مووچەت نادرێت، مەگەر بە بڕیارێکی ئیستسنائی، ئەوەیش دەبێت تەئکید بکرێتەوە.

**رۆژنـــامـــە: ســەبــارەت بـــەوەی کە ئیستیقالەیان بە تەلەفۆن پێکردوون؟**

* ئیستیقالە دەبێت خۆی بینووسێت، ئەگەر بەرپرسەکەی کە وای پێوتبێت بۆئەوەی نەیکاتە هارب، چونکە ئەوکاتە دەبێت بیداتە مەحکەمە، کە غیابییەن حکومدرا هەڵناوەشێتەوە، تەنیا سەرۆکی هەرێم دەتوانێت لێبووردنی بۆ دەربکات.

**رۆژنامە: ئەگەر ئیستیقالەی لەو جۆرە هەبێت چۆن چارە دەکرێت؟**

* کەسەکە بڵێت من ئاگادار نەبوومو بەدزیی منەوە کـراوەو ئەوکاتە لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە پێکدەهێنرێتو لێپێچینەوەی لێدەکرێت.

**رۆژنامە: ئەگەر بیەوێت بگەڕێتەوە؟**

* ئەگەر ئیستیقالەی دابێتو بیەوێت بـگـەڕێـتـەوە لـە دەسـەڵاتـی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندایە ئەویش بەمەرجێک ئەهلییەتی وەرگرتنەوەی تێدابێتو شاغیر هەبێت.

**رۆژنامە: ئەوانەی کە نانبڕاو کراونو دەگەڕێنەوە خزمەتیان بۆ حسابە؟**

* بەڵێ، ئەوەی بەو بڕیارەی سەرۆکی هەرێم بگەڕێتەوە خزمەتی بۆ حسابە.






"زێرەڤانی تەوجیهـ لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرێت"

"کە ناوی ئاسایش دەبەیت خەڵک دەترسێت"

**پرۆفایل:**

**جەلال شێخ کەریم عیسا**
**ناسراو بە مامۆستا جەلال**
**لە دایکبووی (١٩٥٣)**
**لە ساڵی (١٩٨٦)ەوە**
**پێشمەرگەی دانەبڕاوە**
**دەرچووی کۆلێژی یاسایە**
**بریکاری وەزارەتی ناوخۆیە**

# کۆنگرەی (یەکێتیی مامۆستایان)و مامۆستایانی ئۆپۆزسیۆن!!!



پشکۆ حەمەفەرەج

رووی ئەم نووسینەم لە مامۆستایانی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ)ە.

بەوپێیەی کە تا ئێستا، تەنها یەک رێکخراوی پیشەیی تایبەت بە مامۆستا هەیەو بەپێی ئامارەکانی ئەو تاکە رێکخراوە، خاوەنی (١١٤)هەزار ئەندامی ئابوونەدەرەو ئەندامبوون لەو رێکخراوەدا ئیجبارییە، کە لە هیچ وڵاتێکی دیموکراسیو بگرە نیمچە دیموکراسیشدا نموونەی وا بەدی ناکرێتو ئەندامبوون لە رێکخراوی پیشەیی، کارێکی خۆویستانەیە، نەک وەک ئەوەی یەکێتیی مامۆستایان پـەیـڕەوی دەکـات. پرسی بەئەندامکردنی بەزۆرە ملێو وەرگرتنی ئابوونەی مانگانەی(٧٥٠)حەوت سەدو پەنجا دینار لە(١٣٤٠٠٠) سەدو سیو چوار هەزار مامۆستا، هەڵدەگرین بۆ دوای کۆنگرەو بزانین ئەو باسە لە کۆنگرە چۆن دەگوزەرێتو برادەرانی سکرتارییەت ئەو برەئابوونەیەو سەرچاوە داراییەکانی تری ( یەکێتیی مامۆستایان)یان چۆنو بۆ کێو لە چیدا سەرفکردووە؟! یەکێتیی مامۆستایان، کارەکانیو شەرعییەتیو بڕیارەکانی رابردوو و ئێستاشی، لەناو ئاشی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستانەوە دێنەدەرو هیچ بڕیارێکی ئەو رێکخراوە دەستکردەی دوێنێی شۆڕشو ئەمڕۆی حیزب، بەبێ رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات نادرێتو بۆئەم قسەیەشمان بەڵگە زۆرنو شتێکی حاشا هەڵنەگرە بۆ هەر هاوڵاتیو مامۆستایەکی ئەم هەرێمە.

تا ئەم چرکەساتەی ئەم وتارە دەنووسین، هەرێمی کوردستان خاوەنی تەنها یەک رێکخراوی پیشەیی نییە بە مانا تەندروستو زانستییەکەی، ئەگەر رێکخراوی (یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان) بەنموونە وەربگرینو پێناسەیەکی زانستی بۆ بکەینو هەڵسەنگاندنێکی سەرپێیی بۆ کارو هەڵویستو پیشەییبوونی بکەین، دەگەینە ئەو راستییەی کە ئەم رێکخراوە، جگە لەناوەکەی، هەڵگری هیچ سیفەتێکی رێکخراوەیبوونو پیشەییبوونی تێدا نییەو لە هیچ خاڵیکی دەرەوەی دەقە نووسراوەکانی ناو پەیڕەوەکەیدا بەرژەوەندییو ژیانی مامۆستای رەچاونەکردووەو ئەگەر نەڵێین هیچ، ئەوا خاوەنی کەمترین هەڵوێستو کاری پیشەیی مامۆستایانەیە! پاش (١٠)ساڵ لە ئەنجامنەدانی هیچ کۆبوونەوەیەکی فراوانو کۆنگرەیەک بۆ ئاڵوگۆڕو هەڵسەنگاندنی کارەکانی رێکخراوەکە، لەم کاتەدا لەژێر فشاری میدیاو رەخنەکردنێکی زۆری مامۆستایانی هۆشیاری کوردستان، ئەو رێکخراوە بەخۆکەوتووەو لەژێر کەمەڵێک دروشمی بریقەدارو مەرجی گرانو رێوشوێنێکی نادیموکراسییانەدا، بڕیاری بەستنی دەیەم کۆنگرەی داوەو بڕیارە رۆژی (٢٠١٠/٩/٣٠) کارەکانی کۆنگرە دەستپێبکەن. کۆنگرە، بەمانا زانستییەکەی بۆ هەر پارتو رێکخراوێکی سیاسیو پیشەیی، کارێکی ژیارییەو کەس ناتوانێت لە گرنگیو پێویستبوونی کەم بکاتەوە، بەڵام بە سەرنجدانێکی سەرپێیی لە رێوشوێنەکانی بەستنی ئەم کۆنگرەیەی یەکێتیی مامۆستایان، مرۆڤ ئەو باوەڕەی لا دروست دەبێت کە ئەم جۆرە کۆنگرانەی لەمەڕ خۆمان، تەنها ناویان کۆنگرەیەو ئەوەی لەهەناویاندا نەبێتو پێیان نەکرێت گۆڕانکاریی ریشەییە لە سوودی ئەو چینەی ئەم جۆرە رێکخراوانە لافی نوێنەراتییان لێدەدەن! ئەم رێکخراوە تاقانەیەی مامۆستایان، چونکە درێژکراوەی سیاسەتە چەوتەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکانە، رێوشوێنێکی وایان داناوە کە سەرکەوتنی لیستی دەسەڵات بەدەستی چەند ساڵەی رابردوو مسۆگەربکەنو هیچ بەهاو نرخێکیان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە نەهێشتووەتەوە، بە بردنی زیاتر لە (١٣٠)کەس لە ستافی لقەکان کە زۆربەی هەرەزۆریان لە نوێنەرانی (یەکێتیو پارتی)نو بردنی ئەوژمارەیە بۆ هۆڵی کۆنگرە بە تەزکیەو بەبەهانەی نادیموکراسییانەو نالوژیکییانە، لە ئێستاوە شەرعییەتی کۆنگرەکە زیاتر دەخاتە ژێر پرسیارەوەو دەبێت مامۆستایانی لایەنی ئۆپۆزسیۆنی هەرێم، ئاگاداری ئەو رێوشوێنە ناشەرعیو نادیموکراسییانە بنو نەبنە هێزی بەخشینی شەرعییەت بەوکارە ناشەرعییانەی ستافی دەسەڵات بەدەستی ناو یەکێتیی مامۆستایان دەیکات. بەپێی پرەنسیپی دانراوی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە، بۆ هەر(٣٠٠)مامۆستا، (١)نوێنەری داناوەو بەو پێیەش کە یەکێتیی مامۆستایان خاوەنی (١٣٤)هەزار ئەندامە، ئەوا (٣٨٠)نوێنەر بەهەڵبژاردن دەبنە ئەندامی کۆنگرە، بەبێ رەچاوکردنی پرەنسیپی دانراو، ئەو (١٣٠)کەسە لە ستافی لقەکانەوە دەبرێنە کۆنگرە، نوێنەری (٣٩)هەزار مامۆستای وەهمی (پارتیو یەکێتی)نو مەگەر تەنها بەڕێزانی ئامادەکاری کۆنگرە بتواننو بزانن شەرعییەت بەو ژمارە خەیاڵییەی مامۆستای وەهمی بدەن. بردنی (١٣٠)نوێنەر بەتەزکیەو بە نادیموکراسییانە بۆ نێو هۆڵی کۆنگرە، هەموو ئەنجامەکانی کۆنگرە دەگۆڕێتو هیچ مەودایەک بۆ ململانێی دیموکراسییانە ناهێڵێتەوە لەناو کۆنگرەداو بەشداریی مامۆستایانی لایەنی ئۆپۆزسیۆن (سەردەم، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لەوەها کۆنگرەیەکدا، جگە لەبەخشینی شەرعییەت بەکارە ناشەرعییەکان، هیچی دی نییەو دەبێت ئۆپۆزسیۆن زۆر بە وردی مامەڵەبکات لەگەڵ ئەمجۆرە کارانەداو نەکەوێتە داوەکانی دەسەڵاتەوە کە بەکاربردنی ئۆپۆزسیۆنە بۆ ماکیاژکردنی رووی خۆسەپێنەرانەو پاوانخوازانەی دەسەڵات لەسەرجەم کایەکانی ژیانو سیاسەتکردندا. دەبێت لایەنی ئۆپۆزسیۆن بەگشتیو (گۆڕان)بەتایبەتی، تــەواوی هەوڵی خۆیان وەگەڕبخەن بۆ رەخساندنی لەدایکبوونی کۆمەڵێک رێکخراوی پیشەیی سەربەخۆ کە تا ئێستا لەم هەرێمەدا بوونیان نییەو وەها کارێک، کارێکی وا ئاسان نییە، بەڵام دەبێت (گۆڕان) خاوەنی پڕۆژەو دنیابینیی تەندروستانەی خۆی بێت بۆ کۆی کایەکانی ژیانو سیاسەتکردنو دوای رەوشی باوی چەند ساڵی رابردووی ئەم هەرێمە نەکەوێتو بەشداریی ئەو جۆرە هەڵبژاردنو کۆنگرانە نەکات کە ئەنجامەکەیان بەر لە دەستپێکردنی کۆنگرە، لای هەموو کەس روونـە، وەک ئەوەی لە کۆنگرەی (یەکێتیی نووسەران)دا بینیمانو دەبێت برادەرانی یەکگرتووش، ئەو هەڵەیەی لە هەڵبژاردنی سەندیکای پارێزەراندا کردیان، دیراسەی بکەنو ئاگایان لەسیاسەتی گۆشت نەخواردنو گۆشتاوخواردن بێت، ئەم رەخنەیەمان لە برادەرانی یەکگرتوو، لەدڵسۆزیمانەوەیە بۆ بەرەی ئۆپۆزسیۆن بەگشتی کە هاوڵاتییانی بەشخوراوو مافزەوتکراو لە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە، چاویان لەکارو ئاکارو هەڵوێستەکانی ئۆپۆزسیۆنەو لەبەر ئەوەیە دەبێت هەمووان لە گەورەییو گرانی ئەرکەکە بڕواننو ئینجا هەنگاو بنێن، بەدڵنیاییشەوە، دەبێت هەنگاوەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ پێشەوە بن.

Pshko82@hotmail.co.uk

وەڵامێک بۆ لێدوانەکانی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی 20

## جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ:

# وەزارەتی ناوخۆ لە سنووری ئیدارەی سلێمانیو هـ

سازدانی: هیوا جەمال



**بریکاری وەزارەتی ناوخۆ لەو بڕوایەدایە کە تا ئێستا بەتەواویی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ یەکیاننەگرتووەتەوە، بەڵام دەڵێت: «بەنیازین لەماوەیەکی نزیکدا هەنگاو بۆ ئەو مەبەستە بنێین»، جەلال شێخ کەریم، لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا تیشک دەخاتە سەر کاروبارەکانی وەزارەتەکەیو دەڵێت: بە ئیمزای خۆم نووسراو دەکەم بۆ دهۆک وەک چۆن نووسراو دەکەم بۆ کەلار، هەروەها دەڵێت: لەم وڵاتەی ئێمەدا لەسەردەمی رژێمەوە ئەو ترسەی لە ئاسایش دروستبووە هەر ماوە، خەڵک کە ناوی ئاسایش دەبەیت دەترسێت.**

**رۆژنامە: ئێستا بە فیعلیی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ یەکیانگرتووەتەوە؟**

* وەک وەزارەتو دیـوانـی وەزارەتو دوو وەزارەتی ناوخۆ، بەڵێ یەکیانگرتووەتەوە، بەڵام سنووری ئیدارەی سلێمانی جـارانو ئیدارەی هەولێر بەتەواوەتی نا، ئەو فەرمانگانەی کە لە سلێمانین وەک: (پۆلیس، قایمقام، پۆلیسی هاتوچۆ، پارێزگارەکان) هەروەکو جـاران ئەو بەرپرسانەی کە هەبوون هەمووی یەکێتین، یان حیزبەکانی تری هاوپەیمانی یەکێتین، لە هەولێرو دهۆکیش بەهەمان شێوە پارتین، بـەڵام بەرنامەیەکمان هەیە لەم رۆژانەدا چەند قایمقامێکی پارتی نەقڵ دەبـن بۆ ئەم سنوورەو چەند قایمقامێکی یەکێتیش نەقڵ دەبن بۆ سنووری ئەولا، بۆئەوەی بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی سەر بە حیزبەکانی هـەردوولا لە شوێنەکانی پێشوویان حکومڕانیی بکەن.

**رۆژنامە: بۆچی قایمقامی یەکێتی نەقڵ بێت بۆ ناوچەی ئیدارەی پێشوو، هی پارتیش نەقڵ بێت بۆ ناوچەی ئیدارەی پێشووی یەکێتی، بۆ ئەم حیزب حیزبێنەیەی تێدایە؟**

* قایمقامەکان هی یەکێتیو پارتین گرنگ نییە، ئێمە قایمقام نەقڵ دەکەین بۆ ئەو سنوورە، ئیتر لەوێ چ حیزبێکە یان دەبێت بەچی، کەیفی خۆیەتی، من قایمقام دەنێرم.

**رۆژنامە: مەبەستم ئەوەیە بۆ لەسەر بنچینەی حیزبیی رەوانە دەکرێن؟**

* پەیوەندیی بـەوەوە نییە، ئێمە قایمقام دەنێرین، ئێستا قایمقامان هەیە بەناو یەکێتییە، هیچ پەیوەندییەکی حیزبیی بە یەکێتییەوە نییە، هیچ ئینتیمایەکی حیزبیی نییە، لە شانەی حیزبیدا رێکنەخراوە، بڕوانامەی هەیەو کراوە بە قائیمقام، یان چەند ساڵێک بەڕێوەبەری ناحیە بووەو ئێستا پلەکەی بـەرزکـراوەتـەوە، ئـەوە پەیوەندیی بـەوەوە هەیە، کە پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر بووەو لە بنەماڵەی ناسراوەو شۆڕشگێڕە. ئەگەر وانەبووایە هەندێک لە قایمقامو بەڕێوەبەری ناحییەکان دەڵـێـن؛ سـەر بـە گـۆڕانـن، ئەگەر ئیلتزامیان بە یەکێتییەوە هەبێت، چۆن سەر بەگۆڕانن.

**رۆژنامە: بەڕێزت وەک بریکاری وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتەکانت تا کوێ دەگات؟**

* وەزیـر دەسـەڵاتی خۆی هەیەو وەکیلی وەزیریش دەسـەڵاتی خۆی هەیە، ساڵانەش لە وەزارەتی مالییەوە رێنمایی دەردەچێتو دەسەڵاتەکان دیـاریـدەکـرێـن، جـاری واش هەیە وەزیر دەسەڵاتی خۆی دەداتە خوار خۆی، بە وەکیل وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان، من وەزیر دەسەڵاتی داوە پێم، بۆ ئیشوکاری ئیداریی‌و حسابی‌و سـوڵـتـەویـی کـە عائیدی خۆیەتی مومارەسەی بکات.

**رۆژنامە: ئەم دەسەڵاتانە، بۆ هەولێرو سلێمانیو دهۆک وەک یەکن؟**

* بەڵێ، من بە ئیمزای خۆم نووسراو دەکەم بۆ دهۆک وەک چۆن نووسراو دەکەم بۆ کەلار.

**رۆژنامە: مەبەستم ئەوەیە چۆن لە سلێمانی دەتوانیت، مامەڵە لەگەڵ قایمقامێکدا بکەیت، ئاواش لە دهۆک دەسەڵاتت هەیە؟**

* بەڵێ، ئەگەر پێویست بکات بانگی دەکەم، من ئێستا لە وەزارەتی ناوخۆ سەرۆکی لیژنەی ئینزیباتی کارمەندانی دەوڵـەتـم، وەک بریکاری وەزیـر، وەزارەتـیش لە دهۆکەوە تا کەلارو هەموو سنوورەکانی هەرێم دەسەڵاتی هەیە.

**رۆژنامە: بەڵام باسی ئەوە دەکرێت، کە ئێوە وەک نوێنەری یەکێتیو بەڕێز کەریم سنجاری، وەک نوێنەری پارتی، هەندێک جار لەسەر دەسەڵاتەکان گرژیی دەکەوێتە نێوانتانەوە؟**

* شتێک ڕووی نـەداوە ببێت بە گرفت لەنێوانماندا، هەرچی شتێک کە من بە دڵم نەبووە، هۆیەک هەبووە، یان مەسەلەیەکی یاسایی هەبووە، یان تەمومژ هەبووە، کاتێک کاک کەریم بڕیارێکی دەرکـــردووە من چووم روونمکردووەتەوە، وتوومە لەبەر ئەم هۆکارە هەڵەیە، بۆم روونکردووەتەوەو هەڵیوەشاندووەتەوە، ئەوەش بە حوکمی ئەوەی هەندێک بابەت کە پەیوەندیی بە سنووری گەرمیانو سلێمانییەوە هەیە، من زیاتر شارەزاترم لەم ناوچەیەو خەڵکەکەی دەناسمو ساڵانێکە ئیش لەم سـنـوورەدا دەکـەم، جـاری وایە کە بڕیارێک دەردەچـێـت من ئاگام لێی نییە بۆی دەبەمەوە بەردەستیو بۆی روونـدەکـەمەوە ئەو بڕیارەی کە دەرکـراوە لەبەر ئەم هۆکارە هەڵەیە، ئەویش قەناعەتی پێی هەیەو چاکی دەکات.

**رۆژنـامـە: بەشێک لە هێزەکانی زێرەڤانی میلاکو ئیدارەیان سەر بە وەزارەتـی ناوخۆیە، بەڵام تەوجیە لە وەزارەتی ناوخۆ وەرناگرن، بۆچی؟**

* لێرەش لای ئێمە بەڕێوەبەرێتی گشتیی بەرگریی‌و ناوخۆ هەیە وەک زێرەڤانی وایـە، ژمارەکەیان وەک زێرەڤانی هەولێر دەبـێـت، بە پێی سیستمی ئێشکردن ئەمانە پێشمەرگەن، لە سریەو فـەوج پێکدێنو مووچەو ئیدارەیان لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام ئاراستەکردنیان (وەک سەرباز وایـە) لەکاتی پێویستدا وەک سلکی سەربازیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بۆنموونە شتێک لەسەر سنوورەکان دروست ببێت، رەنگە داوا لەو سریەو فەوجانە بکرێت بـڕۆن، ئەمە وەک هەماهەنگییەک لـەگـەڵ وەزارەتــی پێشمەرگە، پلە بەرزبوونەوەشیان وەک پێشمەرگەیە، ئەفسەرێک لە وەزارەتی ناوخۆ لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر بە (٤) ساڵ دەچێت، بەڵام لە وەزارەتی پێشمەرگە بە (٣) ساڵە.

ئەوانەی کە لێرە دامـەزراون کاتی خۆی پێشمەرگەی یەکێتی بوونو ئەوانەی لەوێشن پێشمەرگەی پارتی بـوون، بەڵام ئێمە هـەردوو لامـان، چ پارتیو چ یەکێتی تەوجیهیان دەکەینو لیوایەکیان بۆ پاسەوانی نەوتو گاز لە زێرەڤانی دروستکراوە، کە (٢٥٠٠) کەسن لە سلێمانیو گەرمیانیش (٢٥٠٠) کەس لیوایەک لە بەرگریی‌و فریاکەوتنی شارستانی دروست دەبێت.

**رۆژنامە: ئێستا ئەوانە (زێرەڤانی) تەوجیە لە کێ وەردەگرن؟**

* لە وەزارەتی ناوخۆ

**رۆژنـامـە: ئـەو لیوایانە لەژێر تەوجیهی وەزارەتی ناوخۆدا دەبن؟**

* ئـەوانـەی پێیان دەڵـێـن لیوای وەزارەتــی نـاوخـۆ، ئـەگـەر خرایە سەر وەزارەتــی پێشمەرگە ئیتر هیچ پەیوەندییەکیان بەئێمەوە نامێنێتو مووچەکانیشیان دەخـرێـتـە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، ئێستا لە پێکهێنانی ئەو لیوایانەداین، لیژنە لە وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەو ئەمریکییەکانو وەزارەتـی ناوخۆی عێراقی دروست بووە بۆ پێکهێنانو راهێنانیان، بۆئەوەی لـەڕووی لۆجستیو سەربازییەوە پڕچەک بکرێنو بکرێنە لیوای فیعلیی.

**رۆژنامە: کە سەیری کاروبارەکانی وەزارەتــی نـاوخـۆ دەکـەیـت وەک وەزارەتێکی پەرشو بڵاو دەیبینینو هەست بە تەداخولاتی دەکرێت، بۆ نموونە جگە لە بەڕێوەبەرێتییەکانی وەزارەتــی ناوخۆ، ئاسایش هەیە، دژە تیرۆر هەیە، کوردستان پێویستی بەو هەموو هێزە هەیە؟**

* سەبارەت بە وەزارەتـی ناوخۆ، بەڵێ، وەزارەتێکی پـەرشو بڵاوە، وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی حوکمڕانییە، زۆربەی دامودەزگاکانی حوکمڕانیی ئەم وڵاتە بە دەست وەزارەتی ناوخۆوەن، لەهەموو دنیاش وایە، جاران ئاسایشی لەسەر بوو، ئێستا ئاسایشی لەسەر نییە.

بە نیسبەت ئێمەوە تەوجیهات لە حکومەت وەردەگـریـن، سەرۆکی حکومەت پێمان دەڵێت چی دەکەینو چی ناکەین، پۆلیس بڕیاری دادگـا جێبەجێ دەکـات، پۆلیسی هاتوچۆ یاسای خۆی هەیە، پاسپۆرتو بەرگریی شارستانی خۆیان کار بە یاسای خۆیان دەکەن، بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقامو پارێزگارەکان، خۆیان یاسای خۆیان هەیەو کاری پێدەکەن، هەر کەسێک تەداخول دەکات گوێی لێناگرین، هەر کەسێک گوێ لە دەسەڵاتی دەرەوەی حکومەت بگرێت بۆ کارێکی نایاسایی، ئـــەوە خـــۆی کـەمـتـەرخـەمـە، خۆی لێپرسراو نییە، بۆیە ئیشی خەڵک بە نایاسایی جێبەجێ دەکـات، ئەگەرنا کەسێک فشار بخاتە سەرمان بڵێت، وابکەو وامەکە، نایکەینو بەقسەیان ناکەین، زۆرجـار رووبـەڕووی شتی وابوومەتەوە وتوویانە ئەوە مەکە هەر کردوومە، کەسی حیزبیی پێی وتووم ئەو بڕیارە جێبەجێ مەکە، فڵانەکەس لەوێدا دامەنێ، هەر کردوومە، چونکە بەپێی یاساو بـڕوانـامـەو شیاویی دامناوە.

**رۆژنامە: مەبەستم ئەوەیە بۆ نموونە لەدەرەوەی شەستی، ئەوەندەی ئاسایش دەبینرێت، ئەوەندە پۆلیس نابینرێت؟**

* تۆ تـەسـەوری ئـەوە دەکەیت؟ ئەسڵەن پۆلیسو مرور زۆرترە لە ناو شاردا.

**رۆژنامە: مەبەستم لە ژمارە نییە، مەبەستم لە چالاکییە.**

* لە هەرشوێنێک بنکەی ئاسایش هەبێت پۆلیسیشی لێیە، بەپێچەوانەوە لە هەموو قەزاو ناحییەیەک ئێمە سریەی پۆلیسی سەر بە وەزارەتی ناوخۆمان هەیە، کە بەرگریی‌و فریاکەوتنە، ژمارەی پۆلیس لە ناحییەکاندا دوو، یان سێ ئەوەندەی ئاسایشە.

ئاسایش ئیشی جیاوازە، جاری وایە کەسێک کێشەیەکی هەیە دەبێت بچێتە لای پۆلیس، کەچی دەچێتە لای ئاسایش، جا یان لەوێوە رەوانەی دەکەنەوە، یان ئاسایش خۆی ئیشەکەی بۆ دەکات، لەم وڵاتەی ئێمەدا لەسەردەمی رژێمەوە ئەو ترسەی لە ئاسایش دروست بووە هەر مـاوە، خەڵک کە ناوی ئاسایش دەبەیت دەترسێت، بەڵام وانییە، ئاسایش ئەرکی پاراستنی خەڵکە، ئیشی پۆلیس جێبەجێکردنی بڕیاری حاکمەکانە.

باسی دژەتیرۆر دەکەیت، ئەوان پەیوەندییان بەئێمەوە نییە، ئەوان دەزگـایـەکـی هـەواڵـگـریـن ئیشی خۆیان تایبەتەو بـەدوای ئیرهابدا دەگەڕێن، مەسەلەیەکی نێودەوڵەتییە، دەیانبەستێتەوە بـەنـاو عـێـراقو بەدەرەوەی عێراقیش.

**رۆژنامە: لەوبڕوایەدایت پێویست بێت دژەتیرۆر بارەگایەکی گەورەیان لە ناو شارەکاندا هەبێت؟**

* لەکوێ هەیانە؟ من نەم دیوە بارەگایان هەبێت، رەنگە نووسینگەیان هەبێت.

**رۆژنامە: لەلایەن هێزەکانی ئێوەوە (پۆلیس) لە رۆژنامەنووس دراوە، چ رێوشوێنێک لەوبارەیەوە گیراوەتەبەر؟**

* هیچ کارمەندێکی وەزارەتی ناوخۆ بەتایبەت پۆلیس بۆی نییە دەستدرێژیی بکاتە سەر رۆژنامەنووسو سەر هیچ کەسێک نەک رۆژنـامـەنـووس، هەر کەسێکیش دەستدرێژیی بکرێتە سەر، دەتوانێت سکاڵا لە دژی پۆلیس تۆمار بکات، بانگ دەکرێت بۆ بەردەم دادگا.

**رۆژنامە: هەر لەو بارەیەوە، باسی ئەوە کراوە کە بنکەی پۆلیسی تایبەت بە رۆژنامەنووسان هەبێت؟**

* هەرگیز بـڕیـاری وامـان نییە، رۆژنامەنووسانیش وەک هەر توێژێکی دیکە لە هەموو بنکەکانی پۆلیس دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن.


**رۆژنامە: ئێوە بەپێی بڕیاری (١٥٧١) قەدەغەتانکردووە لێپرسراوەکان لێدوان بدەن، بۆچی؟**

* ئەوە پەیوەندیی بە ئێستاوە نییە، ئەوە چەند ساڵێکە هەیەو دووبـارە دەکرێتەوە، لێدوانی رۆژنامەوانی بۆ لێپرسراوانی وەزارەتی ناوخۆ ترسناکە، چونکە نهێنیی لەبەردەستدایە، جاری واهەیە بەهۆی قسەی ئەفسەرێکی پۆلیسەوە مەوزوعێک تێکدەچێتو دەشێت کێشەکە گەورەتر بێت، بۆیە وتوومانە لێدوان دەبێت بە رەزامەندیی بەڕێوەبەرە گشتییەکە بێت.

> دژە تیرۆر پەیوەندییان بە ئێمەوە نییە،
> بەڵکو پەیوەندییان بە عێراقو دەرەوەی عێراقەوە هەیە

# کۆمەکی حیزب بە گۆترە، یان بە یاسا؟



**کاردۆ محەمەد ***

دەستپێکی کاری ئۆپۆزسیۆن بۆ جێبەجێکردنی پەیامو بەرنامە سیاسییەکەی بەشێوازێکی یاسایی پێشکەشکردنی چەندین پڕۆژەیاسا بوو، یەکێک لەو پڕۆژانەی کە بەلای ئێمەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ روونـاکـکـاریـیو پاراستنی سامانی گشتیی لە هەرێمی کوردستاندا، پڕۆژەیاسای (کـۆمـەکـی پـارتو قـەوارە سیاسییەکان) بوو، ئەگەرچی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەبەردەم کاراکردنی پەرلەمانو خستنەڕووی بەرنامەکان تـەگـەرە بـوو، بـەڵام تـوانـرا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەکە بـکـرێـت لـەهـەمـان کاتیشدا فراکسیۆنی کوردستانیی پڕۆژە بڕیارێکی بودجەی حیزبەکانی پێشکەشکرد، لەناو لیژنەکاندا تـوانـرا هـەردوو پـڕۆژەکـە وەک یەک پـڕۆژەی هاوبەش یەکبخرێتو هەموولایەک کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئیستیحقاقی ئینتخابی بکرێتە پێوەر لەڕێگەی رێـژەی کورسی، یان رێـژەی دەنـگـی هـەر قـەوارەیـەک بە هۆکاری سیاسییو رێکنەکەوتنی حـیـزبـەکـان لـە دەرەوەی پەرلەمان.

پڕۆژەکە دواخرا، راستییەک هەیە کە هەمووماندەزانین کۆمەکی حیزبەکان تائێستا لە داهاتی گشتیی بووە ناڕوونییو بێـسـنـووریـی لـە نەبوونی پێوەرێک جێگەی نیگەرانیی خەڵکی کـوردسـتـان بـووە، ئەگەر داواخستنی پڕۆژەکە بیانووی وەڵامـی حکومەت بووبێت، دوای گـەڕانـەوەی پڕۆژەکە لەلایەن حکومەتەوەو نـەخـسـتـنـەڕووی لـەلایـەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، هەروەها ئاماژەدان بە پێویستی رێکەوتنی سیاسیی لە دەرەوەی پەرلەمان، جگە لە پەکخستنی پەرلەمان، وەک دامەزراوەیەکی بەرپرسیار لە دۆسیەکە، هیچی تری لێناخوێندرێتەوە، بۆیە ئەرکمانە پێداگریی بکەین بە هەموو شێوەیەک لە رێزدانان بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەڕێی نوێنەرەکانیانەوە بە قـەوارە جیاوازەکانیانەوە، خـسـتـنـەڕووی پـڕۆژەکـەش بەشێوەیەکی یاسایی دوور لـە هـەژمـوونـی حیزبیی، سـەرۆکـایـەتـی پەرلەمانی لەبەردەم مەحەکی سەربەخۆیی داناوە، بۆ پاراستنی پەرلەمانو هەرێمی کوردستان.

*** ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

# هەڕەشەکردن لە دیموکراسی

بەپیرۆزکردنی هەر کەسایەتیو رووداوێـکـی مێژوویی، یەکەمین هەنگاوە بۆ داماڵینی ئەو کەسو مێژووە لە رەخنەگرتنو خەملاندنی لایـەنـە بـاشو خـراپـەکـانـی، رێگەگرتنیشە لە هەر مرۆڤێک تا لە زەمەنێکی ترو لە هاوکێشەیەکی تـردا سـوود لەو هەڵسەنگاندنانە وەربگرێتو بەهەمان رێچکەی هەڵەکانی رابردوودا نەچێت.

مـەسـەلـەی کـورد وەک گەورەترین نـەتـەوەی سەرگۆی زەوی، کە خاوەنی دەوڵـەت نییە، هەروەک عەبدوڵڵا پەشێوی، شاعیر گوتەنی نەتەوەیەکی لە ئەتڵەسان دەربـەدەرەو لەڕووی خەباتیشەوە لە پێدەشتی گەرمیانەوە تا ترۆپکی قەندیل، گۆڕستانی سـەربـازی ونـە... ئیدی کاتی ئـەوە هاتووە هەموو مێژووەکەمان بەکاراکتەرە سیاسییەکانییەوە، لەبەرگی پیرۆزی دابماڵین تا بەڕاشکاوانە لەلایەنە باشو خراپەکانی بدوێین، وەڵامی ئەو پرسیارەی نەوەکانی ئەمڕۆ بدەینەوە کە سەرکردەکانی دوێنێ بەپشتبەستن بە نەتەوەکەیان، چ قوربانییەکیان داوەو لەکام قۆناغو هەڵوێستیشدا بەهەڵەداچوونیان هەبووە، کورد لەدۆسیەی وڵاتانی داگیرکەر چۆن هەڵسەنگێنراوەو بۆچوونیان بۆ رێبەرانی کورد چی بووە؟

تـاوتـوێـکـردنـی هـەرکـام لەم مەسەلانەی سـەرەوە پێویستی بەچاویلکەیەکی جیاواز لە میراتگرانی ئەو رێبەرانەو چاویلکەی دەسەڵاتو رۆژنـامـەوانـی حیزبیی هەیە، خوێنەریش مافی خۆیەتی جگە لە ستایشی میراتگرانی سەرکردەکانی پێشوومان، گوێ بۆ هەڵسەنگاندنو تێڕوانینی جیاوازتر لەو ستایشە رادێـریو دواجـار بڕیار لەسەر بۆچوونی خۆی بۆ ئەو رابـردووە بـدات، پەیدابوونی رۆژنامەوانی ئەهلیش لە کوردستان، هەر زادەی ئەو خواستەی خەڵکو خوێنەر بوو کە کاتی ئەوە هاتبوو مۆدیلێکی جوێ لە میدیای دەسەڵات بێتەئاراوە، لە کێبرکێی بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاریی نێوان ئەم دوو میدیایەدا، خەڵک.



**کارزان محەمەد**

سەرپشک بێت لە هەڵسەنگاندنی هـەواڵو بۆچوونەکان، ئەمڕۆش کە خاوەنی (١٩) ساڵ ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنین لە کوردستانو هەمیشە لافی دیموکراسیبوونی هـەرێـمـەکـەشـمـان لـێـدەدەیـن، تەنانەت چەندین حیزبو پارتی سیاسیی دروشمی دیموکراسییان بـەرزکـردووەتـەوەو هەندێکیان لەناوی حیزبەکەیاندا جێگەی ئەم چەمکە جوانەیان کـردووەتـەوە، دەبێت جەختی زیاتر لەوە بکەینەوە کە لەدیموکراسیدا پتر لە دەنگێک قسە دەکـات، یـاخـود روونـتـر بڵێین: دیموکراسی تامکردنی جیاوازییەکانە.

ئەوەی دووچاری داچڵەکاندنی کردم لە هەمبەر ئەم دروشمو ناوە دیموکراسییانەی لکێنراون بەناوی پـارتو حیزبەکانەوە، کوشتنی هەریەک لە سۆرانی مامەحەمە لە کەرکوکو سەردەشت عوسمان بـوو لـە هـەولـێـری پایتەخت، سێیەمین داچڵەکانیشم سپێدەی بەیانییەکی ئـەم هەفتەیە بوو، هەروەک گۆرانی شاعیر گوتەنی جادە چۆڵو سێبەر بوو...خەیاڵاوی ئەمڕوانی، بـەڵام لەبری بینینی کیژێکی نەشمیل، بەیاننامەیەکم بینی کە لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک لە گۆڤاری (لڤین)، چەندین هەڕەشەی ئاراستەی ئەم گۆڤارەو خودی سەرنووسەری گۆڤارەکە کردبوو، بە زمانێک نە رەخنەی دیموکراسییەو نە سکاڵایەکی یاسایی، بەڵکو دوور لەهەموو عورفو عادەتێک، پڕ بوو لە زمانی هەڕەشەو جنێو.

هەرکەسو لایەنێک لە پشت ئەم بەیاننامەیەوە بێت، پێویستە ئەو هەقیقەتە بزانێت کە دەبووایە رۆژنامەنووسو رۆشنبیر زۆر دژ بەهەڕەشەو قووڵکردنەوەی ناکۆکی بێت، چونکە لەگەڵ تەقاندنی یەکەمین گوللەدا ئـەوە خودی رۆژنامەوانییە دەبێتە قوربانیی شەڕ، پاشان ئایا ئەرکی رۆشنبیرە لایەنێکی سیاسیی دژ بە گۆڤارێکی ئەهلی هان بدات تا دەمکوتی بکات؟

هەرچەندە ئەو چەشنە گرووپانە باش لەوە دڵنیا دەکەمەوە، کە بەندە لەگەڵ ناوزڕاندنو تانەو تەشەری بواری رۆژنامەوانیدا نیم، بەڵام پێویستە ئەوانیش ئەو هەقیقەتە بزانن شاری سلێمانی کە زادگای رۆژنـامـە بـوێـرە ئەهلییەکانو چەندین بڵاوکراوەی ترە، هەمان زەمینەی شوێنەکانی تری نییە تا هەڕەشەی دەمکوتکردنی میدیای تیادا بکرێت، چیتر ئەزموونی کوردستان لەبەردەم چاویلکەی ئەورووپیو ئەمریکییەکان ناشرین مەکەن، چونکە گەر ئەزموونەکەمان سەرسمێک بدات، بەرلە هەمووان تەختو تاراجی ئێوەی تیادا نقووم دەبێت، پاشان میللەتی هـەژارو میدیای ئەهلیی!.


karzan981@yahoo.com

# چۆن تەمەن کورت بووین؟

کاتێک راپۆرتێکی وەزارەتـی تەندروستی عێراقم خوێندەوە تـووشـی شـۆک بـووم، بەپێی راپۆرتەکە ناوەندی تەمەنی (معدل عمر) تاکی عێراقی تەنیا (٥٨) ساڵە، لەکاتێکدا هاوڵاتییەکی ئەورووپی زیاتر لە (٨٢) ساڵ دەژی، واتە ئێمەی عێراقی لە تەمەن کورتیو نەخۆشیدا پێشەنگین لە جیهانداو (٢٤) سـاڵ لـە خەڵکی ئاسایی کەمتر دەژیـن، بەپێی راپۆرتەکە هۆکاری ئەمە دەگـەڕێـتـەوە بۆ زۆریـی نەخۆشییە کوشندەکانی وەک نەخۆشیی دڵو شێرپەنجە، جگە لەوەی (٤٠٪)ی عێراقییەکان نەخۆشیی فشاری خوێنو (٣٧٪) نەخۆشیی زیادبوونی کۆلیسترۆڵو چەورییان هەیەو (٦٧٪) تووشی زیادبوونی کێشو قەڵەویی بوون.

هەموو ئەم ژمارانەش گەورەو ترسێنەرنو ئەستەمە لەهیچ وڵاتێکی دنیادا ئەو هەموو نەخۆشییە هەبێتو هاوڵاتییانی ئەوەندە تەمەن کورت بن، ئەگەر بپرسین بۆچی وامان لێ بەسەرهات؟ رەنگە بێ سێو دوو بڵێین سیاسەت وای لێکردین، هەقی خۆشمانە ئەو لێکدانەوەیمان هەبێت، لەوەتەی دەوڵەتی عێراق هەیە سیاسەتمەداری نەشارەزاو سەقەتی لاکۆڵان بەڕێوەی دەبەن، کە وایکردووە بەدەست شەڕو جەنگو کوشتنو سووتانوماڵوێرانییو ئاوارەییو سەنگەر لەیەکترگرتنەوە بناڵێنین، سیاسەت ئێمەی تووشی دەیان کودەتاو شۆڕشو راپەڕینو جەنگی نـاوخـۆیـیو دەرەکـیو ئابڵوقەی ئابووریو داگیرکردن کرد، هەموو ئەم دەردەسەرییانەش بەسە بۆ ئـەوەی تووشی سەدان دەردی کوشندەو نەخۆشیی ببینو لە پەنجاکانی تەمەنماندا بمرین، لەکاتێکدا لـەلای ئەورووپییەکان ژیـان لـەدوای پەنجا ساڵییەوە دەستپێدەکات.

بەڵام بۆچی تەنیا سیاسەت وای بە ئێمە کرد؟ خۆ نەتەوەو گەلانی دنیاش سیاسەت دەکـەن! راستە ئەوانیش سیاسەت دەکەن، بەڵام ئـەوان سیاسەتێکی تەندروست دەکـەنو سوودیان لە هەڵەکانی رابـردووی خۆیان وەرگرتووەو توانییان سیاسەت بکەنە ئامرازێک



**ئاکۆ حەمەکەریم***

بـۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەو خۆشگوزەرانیی هاوڵاتییانیان، بەپێچەوانەشەوە ئێمە سیاسەتێکی هەڵەو ناتەندروستمان گرتەبەرو سیاسەتمان کـردە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجو بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆمان، سیاسەت لای ئێمە تێکەڵەیەکە لە فێڵو درۆو پیلانگێڕان بۆ کۆکردنەوەی سامانو دەستگرتن بەسەر دەسـەڵاتو بەدیهێنانی بەرژەوەندیی بەرتەسکو فەنتازیای تاک، ئەمانەش لادانە لە مانای راستەقینەی سیاسەت.

ئەرستۆی فەیلەسوف، دەڵێت: مرۆڤ گیانلەبەرێکی سیاسییە، واتە مـروڤ بەبێ سیاسەت ناتوانێت کـاروبـاری کۆمەڵگە رێکبخات، بەمەش سیاسەت وەک دیاردەیەکی سروشتیو وەک زەرورەت لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە، بەڵام چ جۆرە سیاسەتێک؟ئەرستۆ وەڵامدەداتەوەو دەڵێت: ئەو سیاسەتەی کە ژیانێکی باش بۆ هاوڵاتییانی بەدەستدەهێنێت، یاخود بە دەستەواژەی ئیبن خەلدون: ئـەو سیاسەتەی خێری گشتیی بەرهەمدەهێنێت.

کـەواتـە ئامانج لە سیاسەت بریتییە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتییو پاراستنی یەکڕیزییو یەکێتیی کۆمەڵگەو دەستەبەرکردنی ژیانێکی خوشگوزەرانو کامەرانو سەرفرازو پڕ شکۆ بۆ تاکەکان، چونکە سـیـاسـەت پەیوەندیی بەهەموو گـەورەو بچووکێکی کۆمەڵگەوە هەیە، وەک هارۆڵد لاسوێڵ دەڵێت: سیاسەت بریتییە لـەوەی کێ چی دەستدەکەوێتو کەیو چۆن؟ who gets what, when and how، واتـە هەموو بڕیارەکان کە پەیوەندیی بە ژیانی هاوڵاتییانەوە هەیە لە سیاسەتەوە سەرچاوەدەگرێتو سیاسەتمەداران دایدەڕێژنو سیاسەت بڕیاردەدات تاکەکان چۆنو لە چ دۆخێکدا بژینو دەرامەتو گوزەرانیان چۆن بێتو چی بخۆنو چۆن بیربکەنەوە.

بـڕیـارە سیاسییە هەڵەکانی سیاسەتمەدارانی عێراق، وایکرد عێراقییەکان پارچە پارچە بنو جەنگ لەگەڵ یەکتر بکەنو برسیبنو پەلاماری دراوسێکان بدەنو دزییو تاڵانی بکەنو ببنە سێیەم نەتەوە لە گەندەڵیداو بـەردەوام مێژوو دووبارە بکەنەوەو دواجاریش ببنە تەمەن کورتترین مرۆڤ لە جیهاندا، لەبەرامبەردا سیاسەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کرایە خزمەتکاری کۆمەڵگەو خۆشگوزەرانییو سەقامگیرییو ئارامیی بەرهەمهێنا.

پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مانای راستەقینەی سیاسەتو پاکی بکەینەوە لە هەموو خەوشو هەڵەو کەموکورتییەکانو سیاسەت بکەینە ئامرازێک بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە، ئەگەر وا نەکەین، ئەم سیاسەتە هەڵەیە لەوە خراپترمان پێدەکات.

*** مامۆستای زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سلێمانی**

# وەڵامێکی بەڵگەدار بۆ بەڕێز/ ڕۆژنامەی ڕۆژنامە

**میدیا کاری گەیاندنی زانیاریی تەواوە بەحکومەتو خەڵک، نەک چەواشەکردن بەبێ بنەما!؟**

لـە دوو ژمـــارەی رابــــردوودی ڕۆژنامەکەتاندا، دوو راپۆرتی بێبنەماتان لەسەر پـرۆژەی ئاسوودەو کۆمپانیای بەڕێز بڵاوکردەوە کە لە ژمارە (٥٩٦) ڕۆژی (٢٠١٠/٨/٢٤) بەشێوەیکی ناڕەوا راپۆرتێکتان بڵاوکردووەتەوە.

زۆرێک لە ناوەرۆکی راپۆرتەکە پێوەی دیارە کە تەنها بە مەبەستی ناوزڕاندنی کۆمپانیاکەمان کراوەو ئەگەر ڕێوشوێنی یاساییمان بگرتایەتە بەر، بەدڵنیاییەوە ئەنجامەکەی بـۆ بـەڕێـزتـان خـراپ دەشکایەوە، بەڵام ئێمە هیچ کاتێک بیرمان لەوە نەکردووەتەوە کە میدیا بدەینە دادگاو لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە بەپێویستی دەزانین کە میدیاش بە ئەرکی خۆی هەستێتو لێکۆڵینەوەی تەواو بکات لەو بابەتانەی پەخشی دەکـات، نەک بەمەبەستی ناوزڕاندنی هیچ کەس‌و لایەنێک، یان لایەنداری لایەنێک کار بکات.

هەرچەندە کەرتی وەبەرهێنان‌و میدیای ئازاد، دوو هۆکاری سەرەکین بۆ بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک، بەڵام زۆر بەداخەوە، کاریگەریی خراپی میدیای ئازاد بۆ سەر کەرتی تایبەت‌و کاریگەریی خراپی کەرتی تایبەت بۆ سەر میدیای ئازاد، ئەمڕۆ لەکوردستان بووە بەنانپەیداکردن بۆ هەندێک لەکەرتی تایبەت‌و میدیاکان.

ئەم پێشەکییەی سـەرەوە، پێویستی بە بەڵگەی دروست هەیە تا پەیامنێرە بەرێزەکەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو دەستەی نووسەران لە راستییەکان تێبگەن‌و بزانن چەند بەبێبنەماو پشتبەستن بەبەڵگەنامەی ساختەی بێمۆرو ئیمزا (مەبەستمان خشتەی بەراوردکاری نرخ‌و کوالێتی‌و جۆری یەکەکانی بەرێزە کە بەراوردکراوە لـەگـەڵ چـەنـد کۆمپانیایەکی تری نیشتەجێکردن‌و لەراپۆرتەکەتاندا وەکو کۆڵەکەیەکی بەهێز پشتتان پێبەستووە)، خۆتان ئەو خشتەیەتان لەلایە کە هیچ مۆرو واژۆیەکی پێوە نییە، ئیتر نازانین ئێوە چۆن بەدواداچوونتان بۆ راست‌و دروستی ئەو خشتەیە نەکردووە، ئەمەش جارێکی تر بەڵگەیە لەسەر ئـەوەی بۆ سوودی کۆمپانیایەک‌و زەرەرگەیاندنە کۆمپانیایەکی تر.

ئامادەکردنی راپۆرتێکی لێکۆڵینەوەی لەو شێوەیە کە سەرتاپای ناوەڕۆکەکەی پڕە لەبواری یاساو شیکاری ئابووریی، دەکرا لە راپۆرتێکی دوو لاپەڕەیی لەو شێوەیەدا لێدوانی خەڵکی پسپۆڕو شارەزای دڵسۆز وەربگیرایە، بۆئەوەی هەڵسەنگاندنێکی زانستی‌و بێلایەنانە بۆ هەموو پرۆژەکان بکرایە. راپۆرتەکە پێوەی دیارە کە لەژێر فشارداو بەشێوەیەکی نائیتیکی کـراوە، تەنانەت وەرگرتنی لێدوانەکان بە ئاراستەی شاردنەوەی راستییەکان‌و لایەنداریی لایەکدا براون.

ئێمە، هەمیشە لەگەڵ ئەوەداین کە هەموو میدیاکان‌و بەتایبەت میدیای ئازاد کار بکەن بۆ دەرخستنی راستییەکان، چونکە زۆر دەمێکە چاوەڕێی میدیایەک دەکەین کە بەشێوەیەکی بێلایەنانەو زانستییانە راپۆرتێکی لەسەر هەموو پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون بکردایەو دڵنیاشین کە راپۆرتێکی لەو شێوەیە چەند هەفتەیەکی پێدەچێت، نـەک لەچەند خولەکێکداو بەتەلەفۆن راپۆرتێکی دووپەڕەیی ئامادە بکەن، ئەگەر کاری ڕۆژنامەوانی بەو شێوەیە بێت کە (دەسەڵاتی چوارەمە)، ئەوا کاریکی زۆر ئاسانە.

بفەرموون راستییەکان بەچاوی خـۆتـان ببینن‌و ئـاشـکـرای بـکـەن بۆ دەیـان هەژارنشینی خەڵکی هەڵەبجەو چەمچەماڵ‌و رانیەو کۆیەو سلێمانی کـە بـەهـۆی راپـۆرتـە نادروستەکەی بەرێزتانەوە لە دڵەڕاوکێدان.

١. ناونیشانی راپۆرتەکە کە پشتی بـەسـتـووە بـە بـەڵـگـەی نـادروسـتـی ناڕۆژنامەوانی‌و لەگەڵ ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵنەوەکەدا یەک ناگرنەوە.

٢. ئەو وێنەیەی لە راپۆرتەکەدا دانراوە، بەهیچ شێوەیەک لەئەوەلیاتێکی کۆمپانیادا نییەو دیزانی هیچ پرۆژەیەکی ئاسوودە نییەو تەنها بۆ ناوزڕاندنی ناوبانگی کۆمپانیاکەمانە.

٣. ئـەو خشتەیەی نـرخ‌و جـۆری یەکانەی کە لەلایەن وەبەرهێنەرێکی برادەری خۆمانەوە نێردراوە، پێچەوانەی راستییەکانەو دەتوانن بەدواداچوونی بۆ بکەن‌و بزانن کێ خاوەنی باشترین جۆری باڵەخانەو باشترین نەخشەی بنەڕەتی‌و ماستەرپلانە بۆ پرۆژەکان، کێ خاوەنی دەیان سوپاس‌و پێزانینە. باشتر وایە، بەدوای ئەوەدا بگەڕێن کە لەکام پڕۆژەی نیشتەجێبوون ئێستا خەڵکی داماو بەدەست لاوازیی کوالێتی شوقەو یەکەی بێمواسەفات‌و کەمخزمەتگوزارییەوەن رووناکی لەدڵیاندا نەماوە بەرامبەر ئەو یەکانەی وەریانگرتووە.

٤. هەموو ئەو بەڵگانەی کە خراونەتەڕوو لەگەڵ وتـەی وەبەرهێنەرەکان، تەنها تائکید لەوە دەکەنەوە کە ئێستیسنا کراوە بۆ کۆمپانیای بەڕێز لەجێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکاندا.



٥. ئەمە بۆ رای گشتی: یەکەم/ هەموو وەبەرهێنەرەکانی سندوقی نیشتەجێبوون، بـەشـێـوەی تەملیک زەوییـەکـانـیـان وەرگـرتـووە. دووەم/ خزمەتگوزاریی سـەرزەمـیـنـی وەکـو قـوتـابـخـانـەو نەخۆشخانەو دایەنگاو هەندێک شتی تر، بۆ هەموو وەبەرهێنەرەکان لەناو پرۆژەکاندا کراوە وەکو کۆمپانیای بەڕێز، بەڵام ئێمە تەنها ئاو، ئـاوەڕۆ، کارەباو شەقاممان لەوان زیاترە کە حکومەت دەیکات، ئایا ئەو خزمەتگوزارییە تەنها بۆ بەڕێزە؟

٦. ئاسوودە، یەکەم پرۆژەی ستراتیژیی وەبەرهێنانی نیشتەجێبوونە لە هەڵەبجەو چەمچەماڵ دەستی پێکرد، کە ئەو کاتە بەپێی بڕیاری (٨٩)ساڵی (٢٠٠٤)مۆڵەتی کاتی وەرگـرت‌و دواتـر یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی(٢٠٠٦) دەرچوو، پرۆژەکانی ئێمەش بەپێی بـڕیـاری(٨٩) ئەو کاتە جێبەجێ دەکران، کە بڕیار بوو لە (١٣) ناوچەی جیاواز دەست پێبکرێت، بەڵام لە (٩)ناوچە زەوییان بۆ دابینکردین‌و هـەر (٩)پـرۆژەکـەش چوونە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

٧. ماستەرپلانی پـرۆژەکـە بەپێی مەعاییرو ستانداردی جیهانی نەخشەی بۆ کێشراوە، کە تەنها پرۆژەیە تا ئێستا خزمەتگوزاریی نـاو پـرۆژەکـە وەکو پێویست دانراوەو هیچ خزمەتگوزارییەک کـەم نـەکـراوەتـەوە، بەپێچەوانەی پرۆژەکانی ترەوە، پرۆژە هەیە لە شاری سلێمانی کە نزیکەی (١٠)هەزار کەس تیایدا نیشتەجێ دەبێت‌و خزمەتگوزاریی (٥٠٪) کەم کراوەتە، چونکە لەسەر وەبەرهێنەرە، ئەمەش هەڵەی شارەوانییەکانەو کەسیش لێی ناپرسێتەوە.

٨. گۆران سیتی لە هەڵەبجە، یەکەم پرۆژەیە لە کوردستان بەبێ پێشەکی دەیدەینە هاوڵاتییان‌و تەنها بەمانگانەی (١٥٠)دۆلار.

٩. بـۆ راسـتـی‌و دروسـتـی لەسەر کوالێتی‌و نرخ‌و جۆری شوقەو خانووەکانی پڕۆژەی ئاسوودە، راپۆرتی ئەو لیژنەیەی دروستکرا شاهیدی ئەوە دەدەن کە لە بەرژەوەندیی هاوڵاتیدایەو هاوکات، جێگەی فەخرو شـانـازی پەرلەمان‌و حکومەت‌و وەبەرهێنان‌و شارەوانییەکانە، جگە لەشوقەکانی پـرۆژەی ئاسوودە، شوقەی کام پرۆژە بەمواسەفات کراوە؟ (دوو مەسعەد، پلیکانەی فریاگوزاری، شەفتی فڕێدانی خۆڵ‌و خاشاک، سیستمی ئـاگـرکـوژانـدنـەوە، سیستمی ئـاگـادار کردنەوە، کەوانتەری مەتبەخ، دۆڵابی تایبەت بەجل‌و بەرگ، سیستمی ساردو گەرم، سیستمی تونێل قاڵب، سیستمی عەزل، سیستمی بومەلەرزە)، ئەمانە بە چ زەمیرو ویژدانێک بـەراوردی دەکەن لەگەڵ باڵەخانەیەکی بێ مواسەفاتی بەبلۆک دروستکراو.

لەکۆتاییدا، ئەگەر دەقی وەڵامەکانتان لەلا پەسەند نەبێت، بفەرموون دواین راپـۆرتـی لـیـژنـەی راسـپـێـردراوی سـەرۆکـی حکومەت کـە بـە فەرمانی ژمارە (٢٣١٦) لەبەرواری (٢٠١٠/٧/٢٦)، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی دروستکرا بۆ (چێک) کردنەوەی نرخی خانوو شوقەکانی کۆمپانیای بەڕێز، دەرکەوت کە نەک پارەی خزمەتگوزاریی نەخراوەتە سەر نرخی خانوو و شوقەکان، بەڵکو کۆمپانیای بەڕێز تەنها ڕێژەی(١٠٪) ڕێژەی قازانجی لە هاوڵاتییان وەرگرتووەو کوالێتی خانوو و شوقەکانیشی لەجۆرێکی باشدان، بۆیە پێشنیازی دەستخۆشی‌و سوپاس کراوە بۆ کۆمپانیاکەمان.

بۆ زانیاریی هەموو لایـەک، لیژنەی راسـپـێـردراو نوێنەری هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی لەخۆ گرتبوو کە سەرجەمیان ئەندازیاری شـارەزاو بـەئـەزمـوون بـوون‌و پێکهاتبوون لەنوێنەرەکانی (پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنان، سەرۆکایەتیی شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاوەدانکردنەوە، یەکەی سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی حکومەت، کۆمپانیا بەڕێز). دیسانەوە ئەوانیش بـوونـە شاهیدی راستی‌و دروستی پرۆژەکانی بەڕێز بۆ داهاتووی ئاوەدانی کوردستان.

لەکۆتاییدا، جیاوازیی نرخی یەکەو شوقەکانی کۆمپانیای بەڕێز بە بەراورد لەگەڵ کۆمپانیاکانی تردا، بەجێدەهێڵین بۆ بەڕێزتان‌و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنان لە سلێمانی.

**ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای بەڕێز**

**سەبارەت بەم روونکردنەوەیە:**

**١. ئەرکی ڕۆژنامەنوسی ئـازادە بەدواداچوون‌و لێکۆڵینەوە بۆ هەموو بوارەکانی ژیـان‌و خزمەتگوزاریی هـاووڵاتـیـیـان‌و دەرخـسـتـنـی کەموکورتییەکانی‌و لەهەمان کاتیشدا بوار دەرەخسێنێت بۆ هەرکەسێک وەک ئیتیکی ڕۆژنامەوانی بۆچوونی خۆی‌و بەڵگەکانی بخاتەڕوو.**

**٢. ڕۆژنامە لایەنگریی بۆ هیچ کۆمپانیایەک نییەو کاریشی پێی نییە، جگە لە دەرخستنی راستییەکان بۆ هیچ مەبەستێکی شاراوە کارناکات، بۆیە ئەو هێرشە بە ناڕەواو تۆمەت هەڵبەستن دەزانین.**

**٣. ئێمە لای خۆمانەوە بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو خاڵانە دەکەین کە لە وەڵامەکەی کۆمپانیای «بەڕێز» ئاماژەی پێکراوەو ئێمەش وەک بەرپرسانی کۆمپانیاکە بـەدوای راستییەکاندا وێڵین‌و چاوەڕوانی هاوکاریشیان لێ دەکەین نەک هێرش‌و تۆمەتبارکردن.**

**ڕۆژنامە**

# وەڵامێک بۆ لێدوانەکانی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی

لـــە ژمـــارە (٥٩٥)ی ڕۆژی (٢٠١٠/٨/١٧)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە دیدارێک لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی سـازکـراوەو چەند پرسیارێکی ئاراستە کراوەو ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە، بەڵام لەسەر وەڵامەکانی بەڕێزیان حەزمانکرد ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین‌و چەند حەقیقەتێکیش بخەینەڕوو.

١- لە وەڵامی پرسیاری یەکەمی ڕۆژنامەدا کە سەبارەت بە فەرمانی کارگێڕیی وەزارەتی دارایی لەبارەی دیاریکردنی نرخی قەستەرەو باڵۆن‌و ئیکۆ ئیجهاد ئاراستەی کرابوو، ئاماژە بە فەرمانی تەلەفۆنی جێگری سەرۆکی حکومەت، دەڵێت: ئەو فەرمانە لەسەردەمی دەسەڵاتی مندا نەبووە.

ئەمە راستـە ئـەو کـارە لەسەردەمی د.شێرکۆ عەبدوڵڵادا بووە، بەڵام خۆ لەساڵی (٢٠٠٩) کاتێک د.ڕێکەوت بووە بە بەڕێوەبەری گشتیی هەر کاری بەو فەرمانە کردووەو هیچ روونکردنەوەیەکی نەبووە، پاشان بەڕێزیان ئاماژە بە فەرمانێکی تازەی دارایی دەکات، کە لە ٢٠١٠/٤/٢٦ دەرچووە. ئەوە چەواشەکردنە، چونکە ڕۆژنامە پرسیاری ساڵی (٢٠٠٧)ی لێدەکات، بەڵام ئەو باسی (٣) مانگ لەمەوبەر دەکات. ئەی لەوکاتەوە کە بەڕێزیان بووە بە بەڕێوەبەری گشتیی تا ٢٠١٠/٤/٢٦ ئاماژە بە چ فەرمانێک کاری کردووە؟ هەر بە فەرمانە زارەکییەکە کاری نەکردووە؟

٢- لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، کە باس لە (٤) جێگر دەکات، راستەوخۆ مەسەلەکە لەخۆی دووردەخاتەوەو ئاماژە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات لە ٢٠٠٩/٥/١١. لێرەدا پێویستە (٢) خاڵ باس بکەین:

أ- لەبەر بوونی گەندەڵییەکی زۆری نەخوازراو لەناو فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، بە ناچاریی بڕیاری (٤) جێگریان بۆ دەرکرد، ئەگینا لەسەردەمی د.شێرکۆ عەبدوڵڵا تەنیا (٢) جێگر هەبوو.

ب- لەباسی چەند جێـگـردا، باسی سەرەکی‌و مەبەستی سەرەکی ئاماژەکردنە بە ناعەدالەتی‌و دکتۆرچێتی ئەم پیاوە، ئەگینا دەپرسین (ئەی نەدەکرا یەکێک لەو (٤) جێگرە کارمەندێکی تەندروستی بێت؟).

دەڵێت یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی دەبێت (١٧) ساڵ خزمەتی هەبێت‌و دەرچووی زانکۆش بێت، ئایا کارمەندێک نەبوو ئەم دوو مەرجەی تێدابێت‌و بکرێتە جێگرێک بۆ بەڕێوەبەری گشتیی؟

یان بەڕێزیان پێیان رەوا نییە کارمەندێک ببێتە جێگریان، مەبەستی سەرەکیش لەم دوو حاڵەتە:

أ- ئەم بەڕێزە هێندە دکتۆرچێتی دەکات، ئیعتراف بە کارمەند هەر ناکات.

ب- بۆ ئـەوەی کارمەندان کەسێکیان نەبێت کە جێگری بەڕێوەبەری گشتیی بێت تا کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات، بەڵکو هەمیشە لەکێشەدا بن‌و ئەمانیش لە کێشەو گرفتەکاندا دەتوانن ڕۆڵی خۆیان بنوێنن.

هەر لەم وەڵامـەدا ئاماژە بە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان دەکات، لە فەرمانی کارگێڕیی ژمـارە (٧٧٨٣)ی ٢٠١٠/٦/٢١ ئاماژەی بەچەند دەسەڵاتێک داوە بۆ بەڕێوەبەرێتی نەخۆشخانەکان، کـە لـەخـاڵـی (١٢)دا نووسیویەتی:

(بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بۆی هەیە هەندێک لەم دەسەڵاتانە بداتە بەڕێوەبەری کارگێڕیی).

ئەم خاڵە کەموکورتییە بۆ بەڕێوەبەری گشتیی، چونکە:

* لـەوەتـەی فەرمانگەی تەندروستی هەیە یەکەمجارە ئـەو جیاوازییە بەو زەقییە بخاتەڕوو، چونکە بەڕێوەبەرێتی نەخۆشخانەکان راستەوخۆ (بەڕێوەبەر+ بەڕێوەبەری کارگێڕیی) دەگرێتەوە، بەڵام ئەم ناکۆکیی نێوان دکتۆرو کارمەندی هێندەی دیکە زەق کردەوە.

* ئەگەر سەرنج بدەن (٩٠٪)ی ئیشوکاری ئیداریی نەخۆشخانەکان لەسەر دەستی بەڕێوەبەری کارگێڕیی بەڕێوەدەچێت، بەڵام ئەوان هیچ دەسەڵاتێکی بۆ دانەناون، مەگەر بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بەخێری خۆی هەندێک دەسەڵاتی بداتێ.

دەپرسین: ئـەی ئەگەر بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیەک ئامادە نەبوو هیچ کام لەو دەسەڵاتانە بداتە بەڕێوەبەری کارگێڕیی؟ ئاخۆ لەم کاتەدا کارگێڕیی ڕۆڵی چی دەبینێت؟

٣- لە وەڵامـی ئەو پرسیارەدا کە لێی کرابوو سەبارەت بە:

- بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی منداڵبوون، کە مووچەکەی لەسەر پەیمانگەی پزیشکی دادوەریی دەبەسترێت.

بـەڕێـزیـان دەڵـێـت ئـەو بـەڕێـوەبـەرە کارگێڕییەمان لابردووە. ئێمە دەپرسین:

- ئایا بەڕێوەبەری گشتیی دەبێت خۆی عـادلانـە کـارەکـان ئەنجام بـدات‌و کاری نایاسایی‌و نەشیاو نەکات، یان چی بۆ دەکرێت بیکات تا ئەوکاتەی راگەیاندنەکان پێی دەزانن‌و بەناچاریی نایاساییەکان نەهێڵێت؟!

باشتر وانییە لە بنەڕەتدا کار لەسەر بنەما یاساییەکان‌و عەدالەتی بکات‌و بێباک بێت لە دەوروبەرەکەی؟

ئەی بۆ لەماوەی ساڵێکی فەرمانڕەواییدا بچووکترین کاری نەکردووە بۆ نەهێشتنی ئەمانە؟

کەواتە با جەنابیشیان لەسەر ئەو بنەمایەی خۆی کاربکات لەهەرکاتێکدا کێشەیەکی نایاسایی لە شوێنێک دروستبوو، جا ئەو کێشەیە (دزی بێت یان رەوشت، یان بەرتیل‌و پارەخۆرپی، یان....) با هیچ ئیجرائات نەکات‌و تەنیا بڵێت ئیتر ئاشکرابوویت وازی لێبێنەو مەچۆرەوە سەر ئەو کارە.

ئەمانە سەرەرای ئەوەی ئەو بەڕێوەبەری کارگێڕییە مووچەی مانگی (٢٠١٠/٧)شی هەر لەسەر (طب عدلي) وەرگرتووە، کە دەڵێت لامانبردووە.

٣- دەڵێت عیماد ئەحمەد بۆیە خەڵاتی ئەو دکتۆرەی کـردووە، چونکە خزمەتی زۆری کردووە.

ئێمە لەوەڵامدا دەڵێین:

أ- بەڕێزیان بانگهێشتی عیماد ئەحمەدیان کرد بەتایبەت بۆ ئەو سەنتەرەو مەبەستیشی بوو کە ئەو دیارییەی بۆ وەربگرێت.

ب- ئایا لەو سەنتەرەدا تەنیا ئەو دکتۆرە خزمەتی کردبوو؟ ئەی کارمەندان‌و ئیدارەی ئەو سەنتەرە هۆکاری سەرکەوتنی ئەو دکتۆرە نەبوون‌و ئەوان دڵسۆز نەبوون؟ بۆ هەوڵی نەدا کە یەکی تەنیا (١٠٠) دۆلاریان بۆ وەربگرێت وەک دیارییەک؟ بەڵام نا مەبەستیان نییە.

ج- لەم شارەدا هەر ئەو دکتۆرە هەیە کە خزمەتەکەی شایانی ئەوە بێت لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتەوە خەڵات بکرێت؟

- ئایا دکتۆر (ئاری سامی) تەنیا پسپۆڕ نەبوو لە بواری نەشتەرگەریی دەمارو مێشک؟ ئایا گەورەترین خزمەتی بەم شارە نەکرد؟.


- ئایا ئەو تیمە دکتۆرو کارمەندانەی کە (زرع)ی گورچیلە دەکـەن لەم شـارەدا وەکو (د.ئاسۆ عومەر رەشید، د.ئیسماعیل حەمەئەمین، د.کـاوە حسێن) گەورەترین خزمەتیان نەکردووە بەم شارە؟

د- ئایا ئەو دکتۆرو کارمەندە بەڕێزانەی کە ڕۆژانێک لەم شارە خزمەتیان کردووە، ئەمانە لەدایک نەببوون‌و ئێستا خانەنشین کراون یان لەژیاندا نەماون شایستەتر نەبوون کە خۆیان یان خانەوادەکانیان خەڵات بکرێت وەک وەفای حکومەت‌و فەرمانگەی تەندروستی بۆیان؟

بـەڵام ئەمانە هەموویان لەبەرئەوەی کوردن‌و لە خۆمانن قەدریان نییەو کەس بە ئەرک‌و ماندووبوونیان نازانێت.

**ژمارەیەک لە کارمەندانی نەخۆشخانەکانی سلێمانی**

# گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن: سەرنجو ڕوونکردنەوە


د. ئیبراهیم محەممەد جەزا *

دەستپێک: ئەم وتـاره پێشکەشە بە مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتیو ئـامـادەیـیـەکـان، بــەو هـیـوایـەم کە بتوانم گفتوگۆیەکیان لەگەڵدا بکەمو لێکنزیکبوونەوەیەک دروستبکەم.

## پێشەکی

گشت لایـەکـمـان ئـاگـادارین لە کرداری گۆڕینی پرۆگرامەکان، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ دەچێت کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوەو وەزارەتـی پـــەروەردەی حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـان گشت ئامادەکارییو تێچوونەکانی لەئەستۆگرتووە، لەم دووساڵەی پێشوودا قسەو باسێکی زۆر سەبارەت بەم کرداره قورسو پڕ لە کێشەیە دەکرێتو دەنووسرێت، کە زۆربەیان لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوەو نە ئامانجیان هەیەو نە تێڕوانینێکی گونجاو و کرداربیان هەیە، هەڵبەت لێرەدا باس لەو وتارانە ناکەینو نووسەران ئازادن لە بیروبۆچوونیان بەتایبەتی لەم فـەوزایـەدا، کە کەس بـەکـەس نییەو چـۆن دەنـووسـی بنووسە!، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە پێویستە ڕەخنەکانمانو بۆچوونەکانمان ئامانجی هەبێتو چارەسەر بخەینە بەردەم لێپرسراوانی تایبەت بەو گرفتە، نەک هەر کێشەکە بخەینەڕوو و کۆمەڵێک وشەی سوواو دووبارەبکەینەوەو ئامانجێکی ڕوونو دیاری نەبێت.

## گۆڕینی سیستم یان پرۆگرامی فێرکردن؟

گۆڕینی پرۆگرامێک یان سیستمێکی دیاریکراو (لێرەدا مەبەستم سیستمی فێرکردنە)، کە بۆ دەیـان ساڵ بێت چەسپیوبێتو ڕەگـی داکوتابێت، کارێکی ئاسان نییە، لەپێشیشدا بۆ مامۆستایان نەک بۆ قوتابییان، (وشەی قوتابی بۆ پێش زانکۆو وشەی خوێندکار بۆ زانکۆ بەکاردەهێنم). ئەم گۆڕینی سیستمی خوێندنو فێرکردنە لە وەزارەتـی پـەروەردەدا پێویستی بە گۆڕینی مامۆستایانیش هەیە، ئەوەی کە پێویستە بگۆڕدرێت ئاستی بیرکردنەوەو زانیاریی مامۆستایانە، گۆڕینی سیستمو پرۆگرامی خوێندنو فێرکردن، مانای وایە مامۆستا دەبێت خۆی نوێ بکاتەوەو بخوێنێتەوەو ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی پەروەردەو زانست بێتو سـەرچـاوەی تـازەو پەڕتووکی نوێ بەکاربهێنێتو بزانێت ئینتەرنێت بەکاربهێنێتو پۆستی ئەلیکترۆنی هەبێت، واتـە بەکورتی لەگەڵ سەردەمدا بژیو بەئاگا بێت لە بواری پەروەردەو فێرکردن، بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە کە مامۆستایانی ئێمە ئەوە ناکەنو دواکەوتوون، نەخێر مامۆستای وا دەناسم لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا، ئەگەر بەدەست بەندە بێت دەیـکـەم بە مامۆستای پۆلی دوازدە، بەڵام ئێمە لێرەدا باس لە کـۆی مامۆستایان دەکـەیـن کە پێویستە هەموویان چۆن بن، نەک بە شێوەی تاکەکەسی، چونکە پرۆسەکە پێویستی بە گشتییان هەیە، کە باس لە بەردەوامبوونی مامۆستا لەسەر خوێندنەوەو نوێبوونەوە دەکەین، هۆکەی ئەوەیە کە ناکرێت ئێستا وەک ساڵەکانی حەفتا وانە بڵێنەوە، قوتابی ئێستا لە پۆلی شەشو حەوتی بنەڕەتییەو کۆمپیوتەر بەکاردەهێنێتو دەزانـێـت مامەڵەی لەگەڵدا بکاتو توانای گەڕانی هەیە لە ئینتەرنێتداو زمانی ئینگلیزی باشە، ئێستا هەندێک منداڵان بەیانییان خولێکی مۆسیقایان هەیەو ئێوارانیش بۆ فێربوونی زمان یان کۆمپیوتەر، ئیتر ئەم قوتابییە چاوکراوەو خاوەن زانیارییو بەتوانا دەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەو شتانەش نەکات ئێستا ماڵ نییە تەلەفزیۆنو ئەتارییو یارییەکانی دیکەی تێدانەبێتو ئەمانە هەمووی ئاستی بیرکردنەوەی قوتابیانیان گۆڕیوە.

## هەنگاوی داهاتوو..

هەربۆیە مامۆستای بەڕێز، ئەگەر بتەوێت بە تووڕەبوون لە قوتابیانو دەمداخستنیانو سەرقاڵکردنیان بە کـاری لاوەکـیـی کاتی وانەکەت بەسەربەریت، ئەوا سەرکەوتوونابیتو ڕێگەیەکی هەڵەیەو تا زووە فریای خۆت بکەوەو خۆت پڕچەکی زانستو زانیاریی بکە، شارەزایانو مامۆستایانی زانـکـۆو پـەیمانگاکانی کوردستان لـە خزمەتتاندان (هـەڵـبـەت پرسم پێنەکردوون، بەڵام دەبێت وابێت)، وەرن پرسیار بکەنو داوای سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوە بکەن لەگەڵ شارەزایانی بواری ئەو وانەیەی دەیڵێیتەوە، دەزانم وەزارەتی پەروەردە بەردەوام خولی ڕاهێنانی هەیەو وانە دەوترێتەوە تیایدا، بەڵام بەداخەوە لە زۆرکاتدا ئەم خولانە هەر لەناو پەروەردەدا دەبێتو کەسانی ناو زانکۆو پەیمانگاکان سوودیان لێ وەرناگرێت، ئەم کێشەیە زۆر دیارەو هەستدەکەم دابڕانێک یان زویربوونێک هەیە لەنێوان پەروەردەو خوێندنی باڵا، مەبەستم لەسەر ئاستی وەزارەت نییە، بەڵکو ئەمە لەسەر ئاستی کەسەکانەو دەبێت ئەم کەلێنە یان ئەم ڕەنجاندنە نەهێڵین، دەبێت ئەو بەربەستە نەمێنێت لەنێوان مامۆستایانی وەزارەتـی پـــەروەردەو مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکان، یان بەکورتیو بە کوردی لەنێوان ئەوانەی خاوەن بڕوانامەکانی بـەکـالـۆریـۆسو نزمتر لـەلایـەکو ئەوانەی کە خاوەن بڕوانامەکانی وەک ماستەرو دکتۆران، ئەم عەقلییەتو بیرکردنەوەیە دەبـێـت نەمێنێتو گۆڕبنرێتو هەماهەنگییەکی بەردەوام هەبێت لەنێوانیانداو هەردوولا هەموو مامۆستانو لە خزمەت قوتابییانو خوێندکاراندان.

بۆ نموونە مامۆستای بەڕێز کە وانەی کیمیا دەڵێیتەوە لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ئەم کوردستانە، زۆر ئاساییەو دەتوانیت ناوبەناو سەردانی بەشی کیمیای یەکێک لەو کۆلێژو پەیمانگایانەی کە نزیکە لێتەوە بکەیتو لەگەڵ یەکێک لەو مامۆستا بەڕێزانەی ئەوێ بکەویتە گفتوگۆو پرسیارەکانی خۆتی لێبکەیتو بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەن، دەکرێت بچیتە ناو تاقیگەکانو ئامادەی هەندێک تاقیکردنەوە ببیتو بیگوێزیتەوە بۆ قوتابییەکانت.

کـــرداری فـێـرکـردنو خوێندن سنووری بۆ نییەو پێکەوە گشت لایەک دەبێت تەواوکەری یەکتر بین لەپێناو خزمەتکردنی نەوەکانی ئەم کوردستانە، ئەگەر قوتابییان بە زیـرەکـیو بە توانایەکی بـاشـەوە هاتنە زانکۆو پەیمانگاکان، ئەوکات مامۆستای زانکۆ کارەکەی ئاسانتر دەبێتو کرداری فێرکردنو تێگەشتن ئاسان دەبێت، ئەمە بەرئەنجامی هەماهەنگیو هاوکاریی نێوان مامۆستایانە بەگشتیی.

## پوختە

مامۆستایانی بەڕێز، دەبێت هەروەک ناسراونو واشن ماندوونەناس بنو بەسەبر بن لەگەڵ گۆڕینی سیستمی فـێـرکـردن، کە خەریکە بناغەکەی پتەودەبێت، نابێت تەنیا هۆکارێک بکەینە مایەی سەرنەکەوتنی ئەو کردارە گرنگە، هەرگیز ناڵێم پۆلێک کە ژمارەی قوتابییانی پەنجایە، جێبەجێکردنی سیستمی نوێ ئاسانەو کێشەو گرفتت بۆ دروست نابێت، ئاساییە با ڕێژەی جێبەجێکردن سەدلەسەد نەبێت، بەڵام ئەگەر شەست لە سەدمان ئەنجامدا، ئەوا کارێکی باشە.


دروسـتـکـردنـی نـزیـکـەی سێ هــەزار قوتابخانە لەپڕێکدا ئاسان نییەو ناکرێت، بـەڵام ئاگاداربن کە حکومەت نەوەستاوەو بەردەوامە لە دروستکردن, ڕاستە ئەگەر پارەی ئەم وڵاتە بۆ زۆر شتی بێمانا خەرجنەکرایە، دەکرا ساڵانە دوو ئەوەندە قوتابخانە دروستبکرایە، پێموابێت لەماوەی چەند ساڵێکی دیکەدا کێشەی بیناو کەرەستەو پێداویستییەکانی ناو خوێندنگەکان نامێنێت، بۆیە پێویستە لە ئێستاوە دەستپێبکەین بە تازەبوونەوەو ئـامـادەکـردن بـۆ داهـاتـوو، ئەگەر بوەستینو چاوەڕێی بینا بین، ئەوکاتە چەندین ساڵی دیکەمان دەوێـت بۆ گۆڕینی بیرو عەقلی مامۆستایان، با لەئێستاوە دەستپێبکەینو خۆمان ئامادەبکەین، با لەئێستاوە بیرو بـۆچـوونو تێڕوانینمان بۆ ئایندە بگۆڕینو کورتبین نەبین.

مامۆستایانی بــەڕێــز... سەیری پرۆگرامەکانی خوێندن بکەن لە کوێدا گلەییتان هەبوو، پێشنیازتان هەبوو بینووسن بۆ وەزارەتـی پـەروەردەو ڕەخنەکانتان مـەشـارنـەوەو ئەو پرۆگرامەی بەر دەستت پیرۆز نییەو قابیلی گۆڕانەو ساڵانە ئەو کتێبانە چاپدەکرێنەوەو دەکرێت بیانگۆڕینو لەماوەی چەند ساڵێکدا بێ هەڵە دەبن.

مامۆستایانی بەڕێز.. خۆتان باش دەزانن مامۆستای زیرەکو چالاکو دڵسۆز هەمیشە خۆشەویستە لەلای قوتابی، هەرگیز مامۆستای (مەبەستم ژمـارەیـەکـی کـەمـی ماۆستایانە) کاتکوژو هەلپەرست، لەوانەیە بۆ مـاوەیـەک کـارەکـەی بــڕوات، بەڵام هەرگیز نەوەکان بە باش باسی ناکەن، ئێمە گشتمان قەرزاری ئەو مامۆستا بەئەمەکانەین کە وەک مۆم دەسووتێن بۆ پێگەیاندنی نـەوەی نوێی ئەم کوردستانە، کە ژمارەیان بە هەزارانە، ئێستاش دەکرێت ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ بـەرەو پێش بچینو هەرگیز نیوەی بەتاڵی پەرداخەکە مەبینەو مەیکە بە ستاندارد، بڕوانە نیوە پڕەکەیو هەوڵی تەواوکردنی بدە.

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر بەشی زەویناسی، زانکۆی سلێمانی.
ibrahimjaza@yahoo.com

# خولی نوێو فراکسیۆنی گۆڕان


هیوا جەماڵ

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان سەرەتای مانگی ئەیلول تا کۆتایی مانگی کانوونی یەکەم، دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکاتەوە.

لەماوەی رابـردوودا فراکسیۆنی گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان، چەند کارێکی ئیجابییان کـردووە، لـەوانـە: شیکردنەوەی بودجەو تـارادەیـەک هـەوڵدان بۆ شەفافبوونی، لەگەڵ پێشکەشکردنی چەندین پڕۆژەیاسا.

لەماوەی کاری رابردوویاندا دەستخۆشییان لێکرا بەوەی کە توانییان نموونەیەکی تارادەیەک باشی ئۆپۆزسیۆنبوون لە پەرلەمان نیشان بدەن، شەڕی خەڵکیان لەسەر جادەو لە لولەی تفەنگەکانەوە گواستەوە بۆ شەڕی یاساو هۆڵی پەرلەمان.

هەر لەماوەی رابـردوودا رەخنەیان لێگیرا بەوەی کە نەیانتوانیوە لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییەدا بن، کە خەڵک لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ دەنگی پێدانو ئومێدی زۆری لەسەریان هەڵچنیبوو.

جگە لەو چاوەڕوانییە سۆزدارییەش کە خەڵک هەیەتی، بەفیعلی فراکسیۆنی گـۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەرکەکانی خۆیان وەک ئـەوەی دەبێت بکرێت بەجێ نەگەیاندووە.

بە بڕوای من لەماوەی رابردوودا فراکسیۆنی گۆڕان ئەم کارانەیان کردووە، کە جێگەی رەخنەن، ئەوانیش:

*هەندێ جار ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانو سەرۆکایەتییەکەی بوون، نەک حکومەت.

* هەندێ جار خۆیان بە پەرلەمانەوە سەرگەرم کردووەو حکومەتیان لەبیرکردووە.

* هەندێ جار خۆیان بە تێپەڕاندنو پێشکەشکردنی پڕۆژەیاساکانەوە سەرگەرمکردووە، نەک چاودێریی جێبەجێکردنیان.

* هەندێ جار ئەوان وەک فراکسیۆنێکی پەرلەمانیی جگە لە رۆڵی خۆیان رۆڵی بزووتنەوەی گۆڕانیشیان (وەک لایەنێکی سیاسیی) بینیوەو رۆڵی فراکسیۆنێکی پەرلەمانییان لە بیرچووەتەوە.

گرنگە لەماوەی ئەم خولەی کارەکانیاندا فراکسیۆنی گۆڕان بە گوڕوتینێکی ترەوە کاربکەنو ئەرکەکانیان لە چاودێریکردنی حکومەتو راستاندنی پڕۆژەیاساکان راپەڕێنو هەولبدەن بودجەی (٢٠١١) لەکاتی خۆیدا بگاتە پەرلەمان.

دەکرێت ئەرکە سەرەکییەکانیان لەماوەی داهاتوودا ئەمانە بن:

* لە راستاندنی (تصدیق)کردنی پڕۆژەیاساکاندا چەند پڕۆژەیەکی گرنگ هەیە کـاری لەسەر بکەن، ئەوانیش: پڕۆژەیاسای بودجەی حیزبەکانو بێلایەنکردنی هێزەچەکدارەکانو سندووقی پاڵپشتی گەنجانو...

* لە چاودێرکردنی حکومەتدا لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە، کە مەسەلەی ناردنەدەرەوەی نەوتو گرێبەستەکانی بواریو نەوتو لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری نەوت یەکلایی بکەنەوەو ماندوونەناسانە بێ سلەمینەوە کاری لەسەربکەن.

* لە چاودێریکردنی حکومەتدا گرنگە ئەمجارەیان ئەگەر ئۆپۆزسیۆن، حکومەتی سێبەریش دروست نەکات، بەڵام شێوەیەک لەو حکومەتە پێکبهێنێت بۆ چاودێریکردنو لەهەموو کەیسەکان، بەتایبەت کەیسە ئەمنییەکانو بەتایبەتیی تریش تیرۆری سەردەشت عوسمان بکۆڵێتەوە.

* گرنگە پەرلەمان بەگشتییو ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی لەم خولەدا وەزیرانی ناوخۆ، دارایی، نەوت، ئاوەدانکردنەوە، پەروەردە، دادو کاروباری کۆمەڵایەتی، بانگ بکەنە پەرلەمان، کە بۆ هەریەکەیان چەندین هۆی بانگکردنیان هەیە.

*گرنگە ئۆپۆزسیۆن بەرنامەی کاری لیستی کوردستانیی دەربێنێتەوەو لەم خولەدا بە وردیی پێیدا بچێتەوە، کە ئاخۆ ئەو بەڵێنانەی داویانە، سەرۆکی حکومەت توانیویەتی جێبەجێی بکات؟

* پێویستە ئەندام پەرلەمانەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەو راستییە بزانن کە بۆ بە دەستهێنانی زانیاریو چاودێریکردنی دەسەڵات پێویستیان بە گۆڕینی شێوەی داواکارییەکانیان هەیە، جگە لە دروستکردنی پەیوەندیی بەهێز چ لەگەڵ هاوەڵەکانیان لە لیژنە تایبەتییەکانو چ لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەت و فەرمانگەکان.

* لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە، کە چ ئۆپۆزسیۆنو چ لیستی دەسەڵات، ئەو خووە پشتگوێ بخەن کە هەر کارێک یان پڕۆژەیاسایەک، لایەنێکیان قسەی تێدا کرد ئەوی تریان رەتی بکاتەوەو دژی بووەستێت با هەمووان لە بەرژەوەندیی گەل کاربکەن نەک حیزبەکانیان.

هەرێمی کوردستانی عێراق — ژمارە/٢٢٢/ب/٢٠١٠
ئەنجومەنی دادوەری — ڕێکەوت: ٢٠١٠/٨/١٨
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
(دادگای بەرایی شارباژێر)

**ئاگاداری**

داواکار/هێمن هادی ئیسماعیل
داوالێکراو/رازگری باری شارستانی (شارباژێر) سەرەڕای کارەکەی داواکار (هێمن هادی ئیسماعیل) داوای بەرایی بەژمارەی سەرەوە تۆماری کردووە بەمەبەستی ڕاست کردنەوەی ناوی (خۆی) لە (هێمن) بۆ (هێڤار) پشت بەست بەبەندی (٢١) لەیاسای باری شارستانی دادگا بڕیاری دا بەبڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لەیەکێک لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا هەرکەسو لایەنێک ڕێگری هەیە لەم ناو گۆڕینە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژدا لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە یان بریکاری یاسایی بنێرێت بەپێچەوانەوە ئەم داوایە بەپێی یاسا دەبینرێت.

**دادوەر/ جەمال صدرالدین عەلی**

**ئاگادارییەک**
**لە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانییەوە**

بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاریو ڕێنمایی هاوڵاتییان لەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڕەگەزنامەو پاسپۆرتو نشینگەی پارێزگای سلێمانیو دەوروبـەری سەردانی ماڵپەری (www.rpn.radiownawxo.org) بکەن یان بەژمارە تەلەفۆنی (٣١٩٣٨١٦و ٣١٩٣٨١٥).
لەگەڵ ڕێزدا...

**ونبوون**

باجێکی کەناڵـی (KNN) بەناوی (هەردی بەهائەدین مستەفا) کامێرامانی دەرەوە، ونبووە، هەر کەس دۆزیویەتیەوە بەسوپاسەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ پرسگەی (KNN) لە گردی زەرگەتە، یان پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفۆنەوە (٠٧٧٠٢١٢١١٠٠).

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای وشە
**سەرنووسەر:** ئازاد چالاک
**بەڕێوەبەری نووسین:** سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com — هیوا جەماڵ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**لێپرسراوی هونەری:** شـاخـەوان ئەنوەر ٠٧٥٠١٢٤٩٤٩٤ shakhawan.shdn@gmail.com
**کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری:** ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ info. rozhnama@gmail.com riklam. rozhnama@gmail.com
**دابەشکردن:** کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
**ئۆفیسی سەرەکیی:** سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
**ئۆفیسی هەولێر:** گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە ٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# گرەنتی چییە بۆ گۆڕان؟!



شێرکۆ عادل/لەندەن

لە لەندەن، ماوەیەک پێش هەڵبژاردنی (٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستان، لە یەکەمین کۆبوونەوەی جەماوەریی سەربەخۆ بۆ پشتگیریی گۆڕان، خەڵکانێکی زۆر ئامادەبوون، هەموو گەرەکیان بوو گۆڕانێکی راستەقینە لە ژیانی خەڵکی کوردستاندا بێتە ئاراوە، پاش قسەو باسی سەرپەرشتیارەکان، دەرگای بۆچوون دەربڕینو پرسیار کرایەوە، لە ناو ئەو سەدان پرسیارانەدا کورتترینو سەرنجراکێشترین پرسیار کرایە دەستپێکی قسەو باسەکان کە ماوەی چەند کاتژمێرێکی خایاند، ئەو پرسیارە کورتە بوو کە من کردبووم، دەربارەی: گرەنتی چییە بۆ گۆڕان؟!

ساڵانێکی زۆر رابوردو خەڵکی تەواو پەستو بێزار بوون لە دروشمو بانگەوازو وتارە سەیرو فەنتازیە بێبەرهەمەکانی ئەو دەورانە، هەموو لە چاوەڕوانی کاتژمێری سفری ئەو دەنگەدابووین کە بڵێت: بوەستە، بەسە، با گۆڕان بێتە ئاراوەو سەرتاپای ژیانمان بگۆڕێت، سروشتیشە هەریەکێکمان خوێندنەوەی تایبەتو جیاوازمان هەبێت بۆ گۆڕانو بە شێوازو بیری جیا لێکی بدەینەوە، ئێستا وا ساڵونیوێکە بەسەر ئەو پرسیارەدا تێپەڕ دەبێتو بەپێی لێکۆڵەرەوەکان لە ناوەوەو لە دەرەوەی کوردستان، بەڕوونی هەست بەوە دەکرێت کە هەنگاوی راستی نراوە بۆ گۆڕانکاری لە لایەن خەڵکیو ئۆپۆزسیۆنو تەنانەت خودی دەسەڵاتیشەوە، ئەگەرچی ئاستەنگەکان لە هەردوو هەرێمی دەسەڵاتدا زۆر بە توندی هاتنە بەردەم خەڵکیو میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆن، سزای سیاسی بە هەموو شێوازەکانیەوەو راونانو تەنگەتاوکردنو هەڕەشە بۆسەر میدیای ئازادو ترسی خەڵکیش لە نانبڕینو شەڕی ناوخۆ بووە مەراقیان، سەرباقی هەموو ئەو رێبەستیانە، کاردانەوەیەکی تر هاتە ئاراوە کە خەڵکی بتوانن بە فەرهەنگێکی تر بدوێنو قسە بکەنو بڵێن: نا، نەخێر، بەسە، بوەستن، ئەی گۆڕین....هتد.

ئەگەرچی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە گۆڕانخوازە بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە، هاتە مەیدان بۆ گۆڕانکاریی ژیانو فەرهەنگیان، بەڵام دەسەڵاتو چەپەکانو میدیاکانیان زۆر بە توندی رەتیاندایەوەو گەشەکردنیان تارادەیەک سنووردار کرد، بەڵام سەرباقی ئەمانەش، خەڵکی سوور بوون لەسەر گۆڕانو گۆڕانخوازیو بۆ یەکەم جار بوو لە هەرێمی کوردستاندا، لە هەموو هەرێمەکانەوە وەک یەک، خەڵکی دەنگی دەدا بە گۆڕانو داوای گۆڕانی سیستمی جەقبەستووی چەند ساڵەیان دەکرد لە بەرۆکیان بێتەوە.


گرەنتی بۆ گۆڕان ئەوەیە، ئێمە خۆمان داخواز بینو دەستبەکار بین بۆ هەموو گۆڕانکارییەکان لە هەموو سوچو کەلەبەرێکی ژیانماندا، ناکرێت بوەستینو بڵێین کوا گۆڕان بۆ نەکرا؟!، ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنو هەمەلایەنەو گەرەکیەتی هەموان بەبەردەوامیو سەربەستانەو بەئازادی کاری تێدا بکەین بەدور لە شەڕو ئاژاوەو خۆهەڵخەڵەتاندن، دەبێت بە راستگۆیانە بە گفتوگۆو راوبۆچوون گۆڕینەوەو بە رەخنە لە بەرامبەر یەکتری لەسەر مێزی گفتوگۆ بێسانسۆر قسەمان هەبێت، دەبێت ئەوە باش بزانین کە سیاسەت بە تەنها مولکی پیاوە سیاسییەکان نییەو سیاسەتیش وەک ئەدەبو هونەر، وەک فیکرو فەلسەفە، وەک شیعرو گۆرانی مولکی هەموومانەو پێداویستی ژیانی رۆژانەیە، چۆن دەکرێت وەک مێگەلێک خۆمان بدەینە دەست چەند کەسێکی سیاسیو پاشتریش رەخنە بگرینو گاڵتەمان پێیان بێت.

گرەنتی بۆ سەرخستنی گۆڕان پرۆسەیەکی ئاڵۆزو گرانەو چارەنووسسازە، بەندە بە هەوڵی گشتی هەموومانەوە، نەک تەنها لە بواری سیاسیو ئیداری، تەواوی سەرلەبەری بوارە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، لە هەموو بوارەکانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی تا ئاستی دابونەریتە کۆمەڵایەتییە چەقبەستووەکان، چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم هەرێمو وڵاتەی ئێمە هەر وا ئاسان نییە، وڵاتانی دەوروبەر ئازادیی ئێمەیان پێ قبووڵ ناکرێتو بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی ئاگرو ئاسنداین، لەناوخۆشماندا بیری پاوانکردنی دەسەڵاتو تاکڕەویو گەندەڵی تەنگی بەخەڵکی هەڵچنیوە، وتاری میدیایەک، یان بەرپرسێک، یان مەلایەک دەتوانێت ئاگری شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنێت، بۆیە گەرەکە زۆر بە هێمنیو وریاییو لەسەرخۆیی بە هەوڵی هەموانو لە هەموو لایەکەوە بەبەردەوامی کار بۆ گۆڕانو گۆڕانکارییەکان بکەین، کار بکەین، بجوڵێینو هەنگاو هەڵنێین بە لۆژیکی هزرو هۆش رەفتاربکەینو ئازادانە بیربکەینەوە، ئەوکاتە رەخنەش بگرین زۆر سروشتی دەبێت.

ئاشتیو گوێگرتنو گفتوگۆکردنە، دەمانگەیەنێتە دنیایەکی ئارامو کۆمەڵگایەکی تەندروست، لەم ناوەندەشدا خەباتی هەموومانی پێویستەو دەبێت هەموو رێزبگرین لە بۆچوونەکانی یەکترییو بە هزرو هۆش لێکی بدەینەوە، لێگەڕێن با میدیاکان بە ئازادانە بدوێنو رەخنەبگرن، لێگەڕێن با ئۆپۆزسیۆن کارو بەرنامەکانی ئەنجام بداتو چالی بۆ هەڵمەکەنن، لێگەڕێن با ئەدەبو هونەرو بیرمەندەکان بە ئازادانە بەرهەمەکانیان بەیان بکەن، لێگەڕێن با دادوەرەکان بەبێ رێگریی رێگای دادوەریی خۆیان بگرنەبەر. تەنها رێگە بۆ گرەنتی گۆڕان، کۆمەڵگا خۆیەتی، ئێمە خۆمانین لەسەر بنەمای هزرو هۆشو گفتوگۆو ئاشتی کارو بەرنامەو لێکدانەوە هەمەجۆرو هەمەرەنگەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەگشتی، نەک تەنها لە سیاسەتو ئیدارەدا، ئەوە کوڕانو کچانی نەوەی نوێن، بتوانن سەربەخۆو ئازادانە بە ئاشتیو گفتوگۆ ئاسەوارەکانی کاولکارییو گەندەڵی لەناوبەرنو گۆڕان بهێننە ئاراوەو نەوەیەکی نوێو ژیانێکی نوێ بەدی بهێنن.

sherkoedel@hotmail.co.uk

# گۆڕان، عەدالەتو ئازادی



بابەکر دڕەیی

دوای تێپەڕینی نزیک بە چوارساڵ لە تەمەنی کۆمپانیای وشەو ساڵێک بەسەر تەمەنی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستاندا، بێ جێ نییە گەر چاوێکی خێرا بەکارنامەی وشەو (گۆڕان)دا بخشێنینەوەو هەڵسەنگاندنێکی گشتیی ئەنجام بدەین بۆ هەرکام لەم دوو ئامرازە گرنگە، کە بریتین لە دەزگایەکی چالاکی راگەیاندنو گرووپێک پەرلەمانتاری گەنجو نەترس.

هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ هەر کام لەم دوو هۆکارەی گۆڕان لەو ئاقارەدا ئەنجام دەدرێو مەعنا دەدات بەدەستەوە، ئاخۆ تا چ رادەیەک توانیویانە لەئاست ئامانجو ئاواتو خواستەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا چالاکی بنوێنن؟و کارێک بکەن ئومێدەکانی خەڵک بەکۆی بزووتنەوەکە گەرمتر بێتو ئاستی خواستەکانی بەرزترو بەرزتر بێتەوە.

تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندیی بە خواستی عەدالەتەوە هەیە، چ لە پەیامی سبەی داو چ لە بەرنامەی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان تەئکیدێکی جیای لەسەر کراوە، پێ لەسەر ئەوە داگیراوە کە خواستی سەرجەم ئەوانەی لە (وشە)و (گۆڕان)دا کۆبوونەتەوە ئەوەیە، کە عەدالەت وەک مافێکی هەرە سەرەتایی مرۆڤەکانو هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە بەدی بێتو دەسەڵاتدارانو خاوەن پلەوپایەکان نەیخەنە ژێر پێوە.

بەبڕوای دامەزرێنەرو ئەو ستافە سەرەکییەی، رۆڵی لەچالاککردنی وشەدابینی(عەدالەت)مەفهومێکی بەتاڵ نەبووەو نیەکی بۆ ململانێی سیاسیی نێوان حیزبەکان بەکاربهێنرێتو لە کاتەکانی دیکەدا وەلا بنرێت.

عەدالەت لە سوودوەرگرتن لە نیعمەتەکانی وڵات، عەدالەت لە وەرگرتنی مافی یەکسان لە بەروبوومە سروشتیو خوداییەکانی کوردستان، عەدالەت لەوەرگرتنی زەویو ئیمتیازاتە حکومییو ناحکومییەکان، عەدالەت لە سوودوەرگرتن لە نەخۆشخانەو کلینکە گرانبەهاکانو سەرجەم ئەو مافانەی کە لەباری ئابووریو کۆمەڵایەتیو تەندروستییەوە حکومەتی ئەم وڵاتە پابەند دەکەن بە خواستی سەرجەم هەڵسوڕاو و چالاکەکانی وشەو گۆڕان بووەو ئەگەر رۆژێک لە رۆژان پشت بکرێتە ئەم خواستانەو گۆڕانو وشە بەدەنگ -بێگومان- لە بەدیهێنانی ئەرکەکانیان کەموکوڕیو کەمتەرخەمییان نواندووە.

ئازادیی بۆ مرۆڤە سەربەستو ئازادەکان مەفهومێکی پیرۆزەو قابیلی لێخۆش بوون نییەو بەهیچ واتایەک ناکرێت مامەڵەی پێوەبکرێت.

بەلای گۆڕانخوازانی کوردستانەوە مەعناو مەفهومی ئازادیی زۆر واوەترو فراوانترە لە مەفهومی دیموکراسیو حکومەتی پەرلەمانی.

ئەگەر دیموکراسیەت لە وڵاتانی دنیادا بەگشتییو وڵاتانی دنیای سێو دواکەوتوودا بەمەعنای ئەم جۆرە حکومەتانە بێت کە بە رۆژی رووناک پیلان لەیەکتری دەگێڕنو تاقمی تیرۆریست بەردەدەنە گیانی یەکترییو بەنوێژی نیوەڕۆ سەروەتو سامانی میللەت بەشێوازی (یاسایی) دەفرۆشنو لەهەمان کاتدا بەپێی (یاسا)کانی پەرلەمان داروبەرد دیزە بەدەرخۆنە دەکەن، ئەوا ئازادیی بەمەعنا ئینسانییو راستەقینەکەی لەم شوێنەدا جێگەی نابێتەوە.

ئێمە خواستیاری ئازادییەکین کە رێگە بدرێت هەموو کەس بەحیزبیو ناحیزبییەوە، بە دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتەوە، بە پێشمەرگەو میلیشیاوە یەکدەنگو یەکڕەنگ، وەک هاوڵاتییەکی خاوەن ماف، هەموو کەس داکۆکیی لە مافەکانی خۆی بکاتو بە دەنگی بەرزو ئازادانە، رێگە بەکەس نەدات مافەکانی زەوت بکات.

ئێمەی خواستارانی ئازادیی لایەنگریی ئەوەین کوردستان وڵاتێک بێ سیستمی، یاسا تیایدا بەشێوەیەک بێت، کە لەمەودایەکی کەمیی زەمانیدا پێش وڵاتانی (بەورەکانی ئاسیا) بکەوینەوە بەجۆرێک پێش بکەوین کە ئەندێشمەندە کلاسیکییەکانی ئازادییو دیموکراسیەت ئێرەییمان پێ بەرنو بەچاوی سەرسوڕمانەوە بێن بۆ وڵاتەکەمانو چۆنیەتی سەقامگیربوونی یاساو ئازادیی دیراسە بکەن.

ئێمەی گۆڕانخواز لایەنگریی دروستبوونی کۆمەڵە مرۆڤێکی ئازادین کە شەرم نەکەن لە داواکردنی ئازادییە سیاسییەکانی خۆیانو هاوڵاتییانیان، بەڵام شەرم بکەن لە ژێردەستەییو ملکەچی بۆ زۆردارانو زاڵمان، ئێمە خوازیاری سەقامگیربوونی جۆرێک لە سیستمی سیاسیین، کە هەموو ئازادییەکان بۆ مرۆڤی کورد دەستەبەر بکرێن:

- ئازادیی رادەربڕین.
- ئازادیی کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسیی.
- ئازادیی حیزبو پێکهێنانی گرووپی سیاسیی.
- ئازادیی ئایین بەگشت جۆرەکانیەوە.
- ئازادیی رۆژنامەگەرییو بڵاوکردنەوەی بێ سانسۆر.
- ئازادیی جلوبەرگ پۆشینو نەپۆشین.
- ئازادیی سەفەرو شوێنگۆڕکێ.
- ئازادیی....

بەڵێ،ئێمەخوازیاریکۆمەڵگەیەکی ئازادین، ئازادیی نەک وەک بەخششو خەڵاتێک لەو دەسەڵاتدارانەوە بە هەر هۆیەک سوکانی سیاسیی وڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، بەڵکو ئازادیی وەک حاڵەتێکی ئاساییو نۆرماڵ کە بۆ سەرجەم هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە، بەدەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتەوە، حاڵەتێکی تەندروست پێکبهێنێت، کە قابیلی دەوامکردنو مانەوەو تەمەندرێژیی بێت بۆ دەسەڵاتو حوکمڕانی کوردییو خۆماڵی.

گۆڕانو گۆڕانخوازەکانی کوردستان لە سەرانسەری مێژووی کوردا ئەو شانازییەیان پێ دەبڕێت، کە توانیان بێ سڵەمینەوە لە بڕینی نانو هەناسەشیان بەرامبەر دەسەڵاتدارانی خۆماڵی راوەستانو فێری نەریتی نەرمونیانیو ئازادیی رادەربڕینو جۆرێک: لە بەشدارییپێکردنی دەسەڵاتیان کردن.

شانازیی هەرە گەورەی ئەوانەی (وشە)یان دامەزراندو بەرێوەبرد ئەوەیە، کە وشەیان کردە سەنگی مەحەکو کاری سیاسییو شێوازی بەرێوەبردنی وڵات، نەک نەریتی توندوتیژییو پێکدادانو پێکهەڵپژان.

گۆڕانخوازانی کوردستان دوای چەند ساڵێک لە تەمەنی کارکردنیان بەوەوە سەربەرزن، کە قامچییەکانی بەرامبەریان بەدڵێکی فراوانەوە قبووڵ کردووە، رێگەیان داوە رکەبەرە سیاسییەکانیان بەکەیفی خۆیان تێیان بسرەوێنن، بەڵام ئەمان لە وتنی قسەی هەق، لە دەربڕینی راستییەکان، لە داڕشتنی بەرنامەی گونجاو بۆ میللەت، لە بردنە پێشەوەی گەنجی بەتوانا بۆ سەنگەری پەرلەمانو لە پێشکەشکردنی بەرنامەی گونجاو بۆ نوێنەرانی پایتەخت، نەپرینگاونەتەوەو لە هیچ کەس شەرمو باکیان نەبووەو بەرژەوەندییەکانی میللەتیان کردووەتە چرای تینوێتیو دووربینی رێگە دوورەکان.

# دەسەڵات چی دەکات بەقوربانی چی؟!



ئازاد چالاک

کەی بیانەوێو چۆن بۆیان بلوێ کێشە نەتەوایەتییەکانت بۆ زەق دەکەنەوەو مەترسییە شاراوەکان کە بەردەوام وەک تەسبیحی ئەبڵەق لە گیرفانی بەرپرسانی کورددایە، دەیهێننە دەرێو جارێک دوژمنانی کوردی پێ دەترسێنو جارێکی دیکەش ئۆپۆزسیۆنو نەیارەکانیان دەخەنە ژێر پرسیارو گومانو تەخوینەوەو وا لە خەڵک دەگەیەنن گەر ئەوان نەبن ئەوا کورد بەزایعو گورگان خواردووو چووەو ریسەکەی دەبێتەوە بەخوری، کەی بیانەوێ دەڵێن دەستوور مەرجەعی هەموانەو نابێ بەهیچ شێوەیەک پێشێل بکرێت، ئەگەر ئارەزووشیان لێبوو بۆ بەرژەوەندیی مادیی خۆیان، نەک هاوڵاتییان، دەستوورو یاسا دەخەنە ژێرپێو هەموو کەس لەئاست خۆیان بەگێلو کەم، یاخود بە ناحەزو گێرەشێوێن لە قەڵەم دەدەن.

دەستوور دەڵێت سامانە سروشتییەکان مولکی هەموو عێراقییەکانە، کورد لە بەغدا شەڕ لەسەر (١٧٪)ی بودجە دەکات بۆ هەرێمو دەشزانێت، کە (٩٥٪)ی ئەو داهاتە هی نەوتەو هی کام شارو کام کێڵگەیە، کە رۆژنامەیەکی وەک نیویۆرک تایمزیش راپۆرت لەسەر بەقاچاخبردنی نەوت بڵاودەکاتەوە، دەسەڵات دەڵێ؛ ئەوە مافی خۆمانە دەستوور پێی بەخشیوین کە پێشیان دەڵێی (ئامەننا) مافی خۆتانە، بەڵام پارەکەی چەندەو چۆنەو لەکوێیە؟و بۆ هەتا رۆژنامەی ئازادو ئۆپۆزسیۆن باسیان نەکرد کەس باسی حیسابی تایبەتی نەکردووەو شاردووتانەتەوە، دەڵێن ئاخر ئەوە نهێنییەو پەیوەندیی بەئاسایشی نەتەوەییەوە هەیەو دوایی ئێمە بۆ پرۆژە زەبەلاحەکان بەکاریان دێنین بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان. لێیان دەپرسین کامانەن ئەو پرۆژانە؟ نوتقیان لێ دەبڕێ، ئەی باشە هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراقو لە داهاتی نەوتی عێراق (١٧٪) ئەوێشی بەرناکەوێو لە قەرزی نێودەوڵەتیش بەهەمان شێوە، کەواتە بۆ دەبێ بیانووی جێبەجێکردنی بۆ بێننەوە، کە گوایە ئەوان لە پەرۆشیو دڵسۆزییان بۆ خەڵکی ئەم هەرێمە ئەم پارە سپیەتان هەڵگرتووە بۆ رۆژی رەش.

بەڕێز ئاشتی هەورامی، هەندێ جار بەتوڕەییەوە وەڵام دەداتەوەو هەندێک جاریش باس لە سیاسەتی سەرکەوتووی وەزارەتەکەی دەکات، چونکە پاڵاوگەی گەورەی لە هەرێم دروستکردووە، جگە لە پاڵاوگە بچووکە رەسمییو قاچاخەکانو توانیویەتی کارەبای هەرێم باش بکاتو ئەوە بەدەستکەوتی گەورە بۆ خۆی لەقەڵەم دەدات، کە بەشێکی ئەو کارەبایەش هی مولیدە ئەهلییەکانە کە خەڵک بەپارە دەیکڕێت.

لە ساڵی (١٩٩١)ەوە ئێمە ئازادینو دواتریش حکومەتو پەرلەمانمان هەڵبژارد، لەماوەی نزیکەی (٢٠) ساڵ ئەمە حاڵی کارەباکەیە، کە خوا هەڵناگرێ لەچاو عێراق کە لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە رزگاری بووەو بەکێشەی تیرۆرەوە تا ئەمڕۆ دەناڵێنێ فەرقی زۆرە، بەڵام خۆ بەرپرسیارێتی کوردیش لە بەرێوەبردنو نەهامەتییەکانی عێراق لە بەغدا کەم نییەو کورد شەریکو هاوبەشی کەموکوڕییو نەهامەتییەکانی عێراقیشەو ئەو بەراوردکردنە بەهیچ پێوەرێک لە قازانجی ئەو نییە.

دوو پاڵاوگەی گەورەی نەوت کە لەهەرێم دروستکراوەو وەزیر بە ئیجاز بۆ خۆیو وەزارەتەکەی حیسابی دەکات راستییەکەی ئەوەیە، کە ئەو دوو پاڵاوگەیە (٧٠٪) بۆ (٨٠٪) عێراق دروستی کردووە، بەڵام بەقسەی وەزارەتی نەوتی عێراق بەزۆر لە چنگی ئەوان دەرهێنراوەو پاشان حکومەتی هەرێم بەکرێ داویەتی بە کۆمپانیاکانی سەر بە حیزب، نەک هەر ئەوە، بەڵکو مەخزەنێکی گەورەی موعیداتی نەوتی عێراق بەپێی هەمان سەرچاوە بە کەلەگایی لە کەرکوک بەتاڵان براوە، بەڕێز ئاشتی هەورامی لە لێدوانەکانیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو شتەی دەڕوا نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتییەکان نییە، بەڵکو نەوتی رەشەو لە هەرێم زیادەو نازانن چی لێبکەنو ئەگەر ئاودیوی نەکەن، ئەوا ژینگەی کوردستان پیسو ئالودە دەکاتو بۆیە لەبەر بەرژەوەندیی هاوڵاتییانی خۆشەویستی هەرێم ناچارن ئاودیوی بکەنو دووریش نییە بەزەرەر بیفرۆشن، هەروەک چۆن وڵاتە زلهێزەکان پاشماوەی مادە ئەتۆمییەکان لە وڵاتی خۆیان دەبەنە دەرەوەو پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن بۆ ئەوەی لە وڵاتە هەژارەکان لەژێر عەرز، یاخود لە دەریاکان بیشارنەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانو سیاسەتە سەرکەوتووەکەی وا ناکاتو بە برێک پارە دەیفرۆشێ، لە بەرامبەر لێدوانەکانی ئاشتی هەورامیدا، وەزیری نەوتی عێراق حسێن شەهرستانی هێندەی دیکە نارەحەتو نیگەران دەبێتو لە کاردانەوەیەکدا نەوتی رەش لە هەرێم دەبرێو بەرهەمە نەوتییەکانیش دەکات بەنیوەو دەڵێ؛ ئەگەر هەرێم وەک لەقسەی وەزیری سامانە سروشتییەکان نەوتی رەشی لێ زیادە، بۆیە دەینێرنە دەرەوە، کەواتە بۆچی وەزارەتی نەوتی عێراق ئەو برە بنێرێ بۆ هەرێم؟ خۆ ئەگەر مەسەلە فرۆشتن بێت وەزارەتی نەوتی عێراق زیاترو باشتر لە وەزارەتی نەوتی هەرێم دەتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدات.

پاش کاردانەوەکەی شەهرستانی زەرەر لێکەوتووانی بازرگانی نەوتو بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێم هاواریان لێ هەستاو بەهەموو شێوەیەک کەوتنە فشار خستنەسەر وەزارەتی نەوتو نوری مالیکی، تا کار گەیشتە ئەوەی سەرۆکی هەرێمو سەرۆک کۆمار هەندێک گلەییو کێشەی نێوانیان وەلابنێنو جەخت لەسەر هاوپەیمانێتی دووقۆڵی ستراتیژییو پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو بکەنەوە، جگە لە نارەزایی دەربڕین بەرامبەر کاردانەوەکەی شەهرستانی، ئەم لێدوانە تەلەفۆنییە میدیاکانی دەسەڵات گرنگییەکی زۆریان پێداو ئەو بریارەیان شەرمەزار کردو دیسانەوە راگەیاندنەکان قەوانە سواوەکەی نێوان هەرێمو بەغدایان هێنایەوە گۆڕێو مەسەلە نەتەوایەتییە حازر بەدەستەکان دیسان ئامادەکران، جارێک بۆ فشار خستنەسەر وەزارەتی نەوتی عێراقو لیستەکەی مالیکیو جارێکی دیکەش بۆ تەخوینکردنی هەرکەسو لایەنێک کە بڵێ ئەم بەزمەو ئەم یاساشکێنییە ئێوە خۆتان لێی بەرپرسن، چونکە ناتوانن تا سەر هەموو خەڵک بخەڵەتێننو پینەو پەڕۆش ناوەڕۆکی مەسەلەکە چارەسەر ناکات.

بەرپرسانی هەرێم نە دەتوانن هەموو راستییەکان ئاشکرا بکەنو نەدەشتوانن بیسەلمێنن کە چەندیان فرۆشتووەو چییان فرۆشتووە! هەر برێکیش ئاشکرا بکەن ئەوا دەبێ بیدەنەوە بەغدا. ئەوەی کە من لێی دڵنیام ئەو پارەیەی کە هاتە گیرفانی بازرگانانی جەنگو نەوتەوە تازە نایەتەوە دەرێو ئەوەی کە دەبێ ئەو پارەیە بداتەوەو باجەکەشی بدات خەڵکی هەرێمی کوردستانە، هەروەک ئەو سەدان ملیۆن دۆلارەی لەبری کۆمپانیایەکی مۆبایلی سەر بەحیزب لە بودجەی هاوڵاتییان دەرچوو، ئەم پارەیەش هەرچەند بێت هەر (١٧٪)ی هەرێم دەقرتێندرێت، ئیتر هەرێمو کوردایەتیو مادە دەستوورییەکان ئێوە خۆش.







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩